# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٢٩٤)- (٢٢)ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١

# هەرێمی کوردستان
# قەوارەیەکی بچووك و رۆڵێکی گەورە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکەدا






www.gulan-media.com

# چاپکراوی نوێ

(القریب من تأریخ الموصل: قراءات في نصوص تأريخية معاصرة) ناونیشانی کتێبێکی تازه چاپکراوی دکتۆر(عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی)یە، کە بەر لە ماوەیەك بە زمانی عەرەبی کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوەو لەلایەن دکتۆر جەبار قادرەوە پێشەکی بۆ نووسراوە و پێداچوونەوەی بۆ کراوە.. ئەم کتێبە خوێندنەوەیەکی زانستی و مێژووییە بۆ چەند دەقێکی مێژوویی هاوچەرخ سەبارەت بەو ڕووداوە خوێناوییانەی شاری مووسڵ بە خۆیەوە دیوە، وەك هەموو شارێکی دیکەی عێراق لە میانی ئەو ساڵانەی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨.

دەقە بڵاوکراوەکانی ناو کتێبەکە خۆیان لە سێ ڕەوتی سیاسی و بۆچوونی سەرەکیی فیکریدا دەبیننەوە، یەکەم ئاراستە و بۆچوون بە نوێنەرایەتیی عەبدولغەنی یوسف مەللاح (١٩٢٢-٢٠٠٢)، کە لە نۆ دەقی بڵاوکراوەی ناو کتێبەکە پێکدێت، کە نووسەر پشتی بەو دەقانە بەستووە کە خەڵکی دیکە باس لە لێهاتوویی و بیرو بۆچوونی ڕۆشنی مەللاح دەکەن و بەراوردی بۆچوونەکانی ئەو بە هاوسەردەمەکانی دەکات. دوو دەقەکانی دیکەی عەبدولکەریم فەرحان و تەها فەتحی داودە کە نوێنەرایەتیی ڕەوتی ناسیۆنالیستی عەرەبی دەکەن بە هەردوو باڵی ناسری و بەعس. جگە لە ڕووداوەکانی دیکە کە نووسەر لە کتێبەکەدا ئاماژی پێ کردوون.. دەست خۆشی لە دکتۆر بۆتانی دەکەین .. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.






■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**سالّح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**


***Web: www.gulanmedia.com***

دارا جەلیل خەیات :



## هەولێر پێگەیەکی گرنگی لە نەخشەی بازرگانی و ئابووری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا هەیە

دکتۆر یوسف بەرزنجی :



## سامانی ئاژەڵی پشتگوێ خراوە و داهاتێکی زۆری کوردستانیش بۆ وڵاتانی دراوسێ و جیهان دەچێت

د.نەژدەت ئاکرەیی



## کۆچکردن لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە

پ. د. ئازاد نەقشبەندی



## فێرکردن لە پێناو رۆژی ئاو و هەوا Education for Climate Day

جەیمس لیبۆڤیج :



## هێشتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست کێشە بنەڕەتییەکانی دەیان ساڵ پێش ئێستاوە گرفتارە

شێخ نیاز ڕاغب :


## زیادکردن و کەمکردنی ژمارەی هاووڵاتیان بۆ بەجێگەیاندنی فەریزەی حەج لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە



لاجان حەمید:

## ئەو ڕۆژەی وەرزش نەکەم وا دەزانم شتێکی گەورەم ون کردووە





خانمان لە پێشوازیی ٢٥ی نۆڤەمبەر

## دۆخی مافەکانی ئافرەت گەنگەشە دەکەن

## خراپترین جۆری چەوری



## ڕۆبۆتێک بۆ ساردەمەنییەکان






## شانۆ لە کەرکووک








# پێگەی هەرێمی کوردستان لە دووبارە بونیادنانەوەی سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا




IISS

**لە لایەک دەوڵەتە گەورەکان ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکە و سیستمێکی هەرێمیی تازە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بونیاد بنێنەوە، لە لایەکی دیکەشەوە کاراکتەرە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەو توانا دەوڵەمەتدارییەیان هەیە کە لە ناو خۆیاندا لە سەر کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش ڕێک بکەون**

**هەر دوو دەوڵەتی سووریا و عێراق ڕۆڵ و بایەخی جیۆپۆلیتکی خۆیان لەدەست داوە و بوونەتە شانۆی دوو ئایدیۆلۆژیەتی ڕادیکاڵیی ئیسلامی سیاسیی «شیعە و سوننە»**

**بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین نابنە سەردێری هەواڵەکان لە ناو ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

ڤۆلکەر پێرتس ئەکادیمیست و سیاسەتمەداری ئەڵمانی لە کتێبی «کۆتایی ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی ئێمە ناسیوومانە»، دەڵێت: «ئەگەر بە دوای تایتڵێکی گەورە بگەڕێین بۆ ئەوەی پێناسەی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ بکەین، ئەوا ئەو تایتڵە بریتی دەبێت لە: لەبەریەک هەڵوەشانەوەی سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.» هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێستا کە زۆر جار پێشی دەگوترێت: (سیستمی سایکس-پیکۆ)، سیستمێکی خراپ بووە و، لەلایەن کۆلۆنیالیستی دەرەکییەوە بە سەر ناوچەکەدا سەپێندراوە. لە ئێستادا ئەوەی لە ناو ئەم سیستمە خراپە هەستی پێ دەکەین، ئەوەیە کە جێگرەوەی ئەم سیستمە بووەتە ئەوەی شەڕ ببێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ناوچەکە تەواو تەواو بەرەو بێ سیستمیی تەواو) دەڕوات.»

پرۆفیسۆر پێرتس، سەبارەت بەو کێشە و بەربەستانەی کە بوونە ڕێگر لەوەی نەتوانرێت بیر لەوە بکرێتەوە، چۆن ئەم شەڕ و پاشاگەردانییە ڕابگیردرێت، لە چوارچێوەی سیستمێکی ئەخلاقیدا (Moral Order) بۆ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە، «چی گونجاوە بکرێت و چ مەزندەیەك ماقووڵە پێشکەش بکرێت؟» ئەم سیستمە مۆرالیەش لەبەریەك هەڵوەشاوە، لە لایەك دەوڵەتە گەورەکان ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکە و سیستمێکی هەرێمیی تازە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بونیاد بنێنەوە، لە لایەکی دیکەشەوە کاراکتەرە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەو توانا دەوڵەمەتدارییەیان هەیە کە لە ناو خۆیاندا لە سەر کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش ڕێك بکەون و، لە چوارچێوەی کۆنگرەیەکی هاوشێوەی کۆنگرەی ڤیەننای ١٨١٥ دووبارە خۆیان ڕێکبخەنەوە و کۆنسێرتی هێز و سیستمێکی تازە دروست بکەنەوە.

لە سەر بنەمای ئەم قسانەی پرۆڤیسۆر پێرتس و گریدانی دوو کۆڕبەندی گرنگ بۆ (ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) کە یەکەمیان لە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆك و ئەوی دیکەشیان کۆڕبەندی مەنامە لە پایتەختی شانشینی بەحرێن بە بەشداریی فراوانی سەرۆکی حکومەت و وەزیرانی ناوچەکە، ئەمە مانای ئەوەیە، ڕاستە سیستمە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی هاتووە، بەڵام بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕەی ئێستا پاشاگەردانی لە ناوچەکە دروست کردووە، بنەمایەك بۆ سیستمێکی مۆراڵی دروست بووە، کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوچەکە لە کۆڕبەندەکاندا پێکەوە کۆببنەوە، بۆ ئەوەی بنەمایەکی هاوبەش بۆ لەدایکبوونی سیستمێکی تازە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدۆزنەوە.

### ● گەنگەشەی مەترسییەکان لە چوارچێوەی سیستمی مۆراڵدا

لە ساڵی ١٩٦٣ کە بۆ یەکەمین جار کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ئەڵمانیا گرێ درا، ئەم کۆنفرانسە بەرەنجامی ئەو مەترسییە گەورەیە بوو، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکی ئەتۆمی ئەمریکا و سۆڤیەتی پێشان لە تەنگژەی کەنداوی بەرازان لە کووبا هاتە ئاراوە. ئەم مەترسییە هەڕەشەی لەو سیستمی لیبراڵییە نێودەوڵەتییە دەکرد، کە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بۆ ڕێگرتن لە شەڕێکی دیکە دامەزرابوو، بەڵام کاتێك لە تەنگژەی کەنداوی بەرازان ئەمریکا و سۆڤیەتی پێشان ئاستی کێشەکەیان گەیشتە ئەوەی ڕۆکێتی ئەتۆمی لە بەرامبەر یەکدی دابنێن و، هەڕەشەی بەکارهێنانی بکەن، ئەوا دەستەی دامەزرێنەرانی کۆنفرانسی میونشن وەك گەڕانەوە بۆ ناو چوارچێوەی سیستمە مۆراڵییەکە بۆ پاراستنی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی، ساڵانە کۆدەبوونەوە، بۆ ئەوەی خاڵی هاوبەش بۆ پاراستنی ئەو سیستمە بدۆزنەوە، سەرەنجامیش بەرهەمی ئەم کۆنفرانسە ساڵانەیە ئەوە بوو، لە ساڵی ١٩٨٩ دیواری بەرلین ڕووخا و، لە ساڵی ١٩٩١ سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی سەرکەوت و یەکێتی سۆڤیەتی پیشان ڕووخا، لەگەڵ ئەوەی ڕاستەخۆ سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی وەك سیستمی نوێی جیهان خۆی نمایش کرد، بەڵام ساڵانە و هەتا ئێستا کۆنفرانسی میونشن بۆ پاراستنی سیستمە جیهانییەکە و دەستنیشانکردنی ئەو مەترسی و تەحەددییانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، کۆنفرانسی خۆی گرێ دەدات.

لە ساڵی ١٩٧١ لەو کاتەی هەموو جیهان سەرگەم و سەرقاڵی چیرۆکی سەرکەوتنی لیبراڵ دیموکراتی و شەپۆلە سێیەمەکەی «دیموکراتی» هنتنگتن بوون، پرۆفیسۆر کلاوس شواب دامەزرێنەری کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی (داڤۆس)، یەکەمین کۆبوونەوەی کۆڕبەندی «داڤۆس»ی ڕاگەیاند. ئەم کۆڕبەندە لە ماوەی ٥١ ساڵی ڕابردوودا کاری ئەوە بووە، کار لەسەر

ئەو مەترسییانە بکات، کە ڕووبەڕووی دیموکراتی و بازاڕی ئازاد دەبنەوە و، بەردەوامیش چارەسەری بۆ ئەو مەترسی و تەحەددییانە دۆزیوەتەوە کە ڕووبەڕووی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و بازاڕی ئازاد بوونەوە، بۆیە چارەسەرکردنی کێشەکان بوونە هۆکاری ئەوەی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی ببێتە سیستمێکی جیهانی پەسەند و بازاڕی ئازادیش ببێتە چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی «WHO».

گەڕانەوەمان بۆ ئەم دوو کۆڕبەندە نێودەوڵەتییە گرنگە (میونشن، داڤۆس)، بۆ ئەوەیە بڵێین: کاتێك هەر سیستمێکی جیهانی، ئەوجا ئەو سیستمە «سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی، یان سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، یان سیستمێکی هەرێمی وەك سیستمە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و.. هتد «بێت، کاتێك هەست دەکرێت ڕووبەڕووی مەترسی و تەحەددیی گەورە دەبنەوە و، ئەم مەترسی و تەحەددییانەش پشتگوێ دەخرێن و، لە چوارچێوەی سیستمێکی مۆراڵیدا بیر لەوە ناکرێتەوە «چی باشە مەزندە بکرێت و چی گونجاوە بکرێت؟» ئەوا ئەو مەترسی و تەحەددییانە دەبنە جەدی و ئاکامی سیستمەکە وەك سیستمە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێ دێت، کە ئێستا پێی دەڵێن «لەبەریەك هەڵوەشانی سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆتاییهاتنی ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی کە ناسیومانە.»

لەسەر ئاستی هەردوو دەوڵەتی عێراق و سووریا کە لە ساڵی ٢٠١٤ ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش خەلافەتی ئیسلامی تیا ڕاگەیاند، سەرەتا لەسەر ئاستی سیاسەتمەدار و چاودێر و ئەکادیمیستە پسپۆڕەکان، وا مەزندەی بۆ دەکرا کە لەبەریەکهەڵوەشانی سیستمی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و ڕاگەیاندنی خەلافەتەکەیانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام پاشان دەرکەوت، کە سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش دەرهاویشتەی کۆتاییهاتنی ئەو سیستمە شکستخواردووەیە کە هەر لە باکووری ئەورووپاوە تا دەگاتە دەوڵەتانی کەنداو بووەتە زۆنێك بۆ تەنگژەی مەزهەبگەرایی و، لە هەمان کاتدا کەلتووری پێکەوەژیانیش لە نێوان مەزهەب و نەتەوە جیاوازەکان (بێجگە لە هەرێمی کوردستان) بوونی نەماوە.

لێرەوە ئەوەی سەرنجی هەموو جیهان و تەواوی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بە لای هەرێمی کوردستاندا ڕاکیشاوە، ئەوەیە کە لە دوای ساڵی ٢٠١٤و سەرهەڵدانی خەلافەتی ئیسلامیی تیرۆریستانی داعشەوە، جیهان بە فەرمی کۆتایی سیستمە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕاگەیاندووە، بەڵام لەناو ئەو زۆنە پاشاگەردانییەی باکووری ئەفریقیا، تا دەگاتە کەنداو و عێراق، هەرێمی کوردستان نموونەیەکی جیاوازی سەرکەوتنی بە سەر تیرۆریستانی داعش و پێشوازی لە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پاراستنی پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان پێشکەش کردووە، ئەمەش وەك بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیداری دۆحە ئاماژەی پێ کرد: «ئێمە بەشێك نین لە دروستکەرانی سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێمە خۆمان بەشێکین لە قوربانیی ئەو سیستمە، بەڵام لە ئێستادا دەمانەوێت بەشێك بین بۆ چارەسەری کەموکورتییەکانی ئەم سیستمە».

## ● لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی کاراکتەرێکی نادەوڵەتی پەسەندە

لە بەشێکی دیکەی کتێبی «کۆتایی ئەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی ناسیومانە»، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە لەبەریەك هەڵوەشانی سیستمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵێك دەرهاویشتەی خراپی هەبووە، وەك:

١- هەر دوو دەوڵەتی سووریا و عێراق ڕۆڵ و بایەخی جیۆلیتکی خۆیان لەدەست داوە و بوونەتە شانۆی دوو ئایدیۆلۆژیەتی ڕادیکاڵیی ئیسلامی سیاسیی « شیعە و سوننە»

٢- سنووری دەوڵەتەکان بایەخی ئەوەی نەماوە شەڕی ناوخۆی ناو دەوڵەت لەغاوگیر بکات، ئێستا شەڕە ناوخۆییەکانی ناو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە سنووربڕی سنوورە تەقلیدییەکان.

٣- بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین نابنە سەردێڕی هەواڵەکان لە ناو ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٤- لەناو لەبەریەك هەڵوەشانی ئەم سیستمەدا کاراکتەری نادەوڵەتیی وا دروست بووە کە ناتوانرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام هەرێمی کوردستانی عێراق KRG کاراکتەرێکی نادەوڵەتی

**لەناو لەبەریەک هەڵوەشانی ئەم سیستمەدا کاراکتەری نادەوڵەتیی وا دروست بووە کە ناتوانرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام هەرێمی کوردستانی عێراق KRG کاراکتەرێکی نادەوڵەتی پەسەندە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بە ئاسانی دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵ بکات**

**جیا لەوەی سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی بووە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە عێراق بەتایبەتی، لە هەمانکاتدا دیاردەی «دژە فەرهەنگی دژە کەلتوور»یش لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بووە دیاردەیەکی زەق**

**هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی توانی دیاردەی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی ناو خودی هەرێمەکە بپارێزێت، لە هەمانکاتدا دەرگای هەرێمەکەشی ئاوەڵا کرد، بۆ پێشوازی لە هەموو ئەو ئایین و نەتەوە جیاوازانەی کە لە سووریا و بەشەکانی دیکەی عێراقەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد**

پەسەندە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بە ئاسانی دەتوانێت مامەڵەی لەگەڵ بکات.

لەسەر ئەم بنەمایەی پرۆفیسۆر پێرتس بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایڕشتووە و هەرێمی کوردستانیشی وەك کاراکتەرێکی گرنگی نادەوڵەتی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە قەڵەم داوە، دەکرێت گرنگیی هەرێمی کوردستان لە سەر دوو ئاست بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بخەینەڕوو:

- لە دەستپێکی سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و پیش ڕاگەیاندنی خەلافەتە ئیسلامییەکەیان لە حوزەیرانی ٢٠١٤ توێژەر و بیرمەندی ئەمریکی ماکس بوت، کتێبێکی بە ناونیشانی «سوپای نەبینراو» نووسی، کە مەبەستی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە و داعش بوو، لەمەدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، گەریلاکان چۆن ئیمپراتۆریەتی ڕۆما-یان ڕووخاند، تیرۆریستانیش کۆتایی بە ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا دەهێنن. بەڵام کاتێك لە ٢ی ئابی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش ئاراستەی هێرشەکەیان بۆ کوردستان گۆڕی و، هێزی پیشمەرگەی کوردستان بە چەکی سووك و سادە پێشڕەوییەکانی تیرۆریستانی داعشی ڕاگرت و، پاشەکشەی پێ کردن، ئەمە بووە سەرەتایەکی تازە بۆ جیهان کە هێزێك هەیە لە سەر زەوی تیرۆریستانی داعش تێك بشکێنێت و، دەبێت ئەم هەرێمە ببێتە ئەندامی کۆنفرانسی ئاسایشی جیهانیی میونشن کە ساڵانە لە ئەڵمانیا بەڕێوە دەچێت، هەتا ئێستاش شەش جار شاندی کوردستان لە کۆنگرەی میونشن ئامادە بووە، تەنیا ساڵی ٢٠٢١ نەبێت کە کۆنفرانسەکە تەنیا بە ئەنتەرنێت «ڤیرچوال» بەڕێوەچوو.
- جیا لەوەی سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی بووە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە عێراق بە تایبەتی، لە هەمانکاتدا دیاردەی «دژە فرەکەلتوور»یش لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بووە دیاردەیەکی زەق، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی توانی دیاردەی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی ناو خودی هەرێمەکە بپارێزێت، لە هەمانکاتدا دەرگای هەرێمەکەشی ئاواڵا کرد، بۆ پێشوازی لە هەموو ئەو ئایین و نەتەوە جیاوازانەی کە لە سووریا و بەشەکانی دیکەی عێراقەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا نزیکەی دوو ملیۆن پەنابەر ڕوویان کردە هەرێمی کوردستان، بەمەش لەماوەی کەمتر لە مانگێگ ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ٣٠٪ زیادی کرد و، هەرێمی کوردستان توانی کوردستان بکاتە نەوای ئارامی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکانی عێراق و سووریا، هەمان حاڵەت کە ڕووی کردە یەکێتیی ئەورووپا، بە هەموو دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا نەیانتوانی وەك هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئەو پەنابەرانە بکەن، کە ژمارەیان هەر هێندەی ئەو ژمارەیە بوو کە لە ٢٠١٤ ڕوویان لە کوردستان کرد. ئەم هەڵوێستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان جیهانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی بڵێن ڕاستە بەهاکانی لیبراڵ دیموکراتی (بەهاکانی ڕۆژئاوا) لە ناو خودی ڕۆژئاوا بوونیان نەماوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەو بەهایانە زیندوون، بۆیە دەبێت جیهان سوود لە ڕۆڵی گرنگی هەرێمی کوردستان ببینێت و کوردستان ئەندامێکی هەمیشەیی کۆربەندی داڤوس-یش بێت.

کەواتە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قسەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە جەخت لەوە دەکاتەوە، ئێمە وەك گەلی کوردستان خۆمان بەشێکین لە سیستەمە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست «سایکس-پیکۆ»، ئێمە قوربانیی ئەو سیستمەین، ئەوا لە ئێستادا ئامادەین ببینە بەشێك لە چارەسەر بۆ ئەو سیستمە، ئەوا ئەمەش هێندەی دیکە پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات و ڕۆڵی گەورە و دیاری لەو کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییانەدا پێ دەبەخشێت.

### ● دیالۆگی مەنامە
### هەوڵەکان بۆ ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی سەقامگیر

کۆڕبەندی دیالۆگی «مەنامە» کە لە بنەڕەتدا بۆ دووبارە سەقامگیرکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرێ دراوە، ئامانجی ئەوەیە لە سەر دوو ئاست کار بۆ گێڕانەوەی سەقامگیریی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات:

- مەزندە و بیروبۆچوونی باش بۆ ئەم پرۆسەیە چین؟

هەرێمی کوردستان توانی کوردستان بکاتە نەوای ئارامی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکانی عێراق و سووریا، هەمان حاڵەت کە ڕووی کردە یەکێتیی ئەورووپا، بە هەموو دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا نەیانتوانی وەک هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئەو پەنابەرانە بکەن، کە ژمارەیان هەر هێندەی ئەو ژمارەیە بوو کە لە ٢٠١٤ ڕوویان لە کوردستان کرد

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قسەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە جەخت لەوە دەکاتەوە، ئێمە وەک گەلی کوردستان خۆمان بەشێکین لە سیستەمە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست «سایکس-پیکۆ»، ئێمە قوربانیی ئەو سیستمەین، ئەوا لە ئێستادا ئامادەین ببینە بەشێک لە چارەسەر بۆ ئەو سیستمە، ئەوا ئەمەش هێندەی دیکە پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات و ڕۆڵی گەورە و دیاری لەو کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییانەدا پێ دەبەخشێت

- لە ئێستادا چی باشە بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم پاشاگەردانییە کۆتایی بێت و هەموو پێکەوە سیستمێکی نوێ دابڕێژنەوە؟

ئەم دوو ئامانجە پێویستی بە دوو کاراکتەری گرنگ هەیە، کە لەو دیالۆگە ئامادە بن، کە ئەوانیش بریتین لە:

● کاراکتەری ناو خودی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

● کاراکتەری نێودەوڵەتیی خاوەن بەرژەوەندیی ژیاری لەم ناوچەیە بە گشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تایبەتی.

ئەگەر لەسەر بنەمای ئامانجەکان و بەشداریی کاراکتەرەکان خوێندنەوەیەک بۆ کارەکانی دیالۆگی مەنامە بکەین، ئەوا دەگەینە دوو دەرەنجامی دیکە:

١- مەزندە و بیروبۆچوونە باشەکان لە پەنێڵەکان دەخرێنەڕوو.

٢- چی بکرێت باشە لە میانەی ئەو دیدار و کۆبوونەوانەی باس دەکرێن، کە لە نێو ئەو کۆڕبەندە ڕێک دەخرێن.

ئەوجا ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەیەک لەسەر بەشداریی شاندی هەرێمی کوردستان بکەین، لەم دیالۆگەدا، ئەوا شاندی کوردستان پێکهاتووە لە بەڕێزان (مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت، شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە، سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان).

مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانەی بەشداریکردنی لە پەنێڵێکی ئەم کۆڕبەندە چەند پرسێکی گرنگی ورووژاند:

● سەبارەت بە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم سەقامگیرییە قوربانی بۆ دراوە و، ئەگەر بمانەوێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش سەقامگیر بێت، ئەوا ئەم پرسە پێویستی بە کاری پێکەوەیی و قوربانیدان هەیە.

● سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە پەیکەربەندییەکی ئاسایشی تازەیە، ئەم پەیکەربەندییە تازەیەش دەبێت فراوان بکرێت و، ئێرانیش لەناو ئەو پەیکەربەندییەدا بێت.

● سەبارەت بە دروستبوونی سەقامگیری لە عێراقدا و سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردووەتەوە کە نابێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکان پەنا بۆ چەک ببردرێت و دەبێت میلیشیاکان چەکەکانیان لە بەرژەوەندیی وڵات دابنێن.

ئەگەر سەرنج لەسەر ئەم سێ تەوەرە گرنگەی پەنێڵەکەی سەرۆکی حکومەت بدەین، دەبینین کاتێک باس لەوە دەکات کە دابینکردنی سەقامگیری پێویستی بە قوربانیدان هەیە و، لە سەر ئاستی ناوچەکەش پێویستی بە کاری پێکەوەیی هەیە، ئەوا وەزیری پێشمەرگە و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاوەری سەرۆکی حکومەتن و هەم بۆ هاریکاری سەربازی ئامادەین، هەمیش بۆ کاری پێکەوەیی.

لایەنێکی دیکەی بەشداریی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەم کۆڕبەندە، ئەو دیدار و کۆبوونەوە فراوان و هەمەلایەنانەیە کە لەگەڵ شاندەکانی وڵاتانی ناوچەکە و گەورە وڵاتانی وەک ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و.. هتد دوایی ئەنجامی دەدات.

سەرۆکی حکومەت لە میانەی بەشداریکردنی لە پەنێڵەکەدا بیروبۆچوونی مەزندە باشەکانی هەرێمی کوردستانی بە کۆڕبەندەکە گەیاند، بەڵام لە میانەی کۆبوونەوە و دیدارە فراوانەکانی لەگەڵ شاندە جیاوازەکان باس لەوە دەکرێت: «لە ئێستا چی دەتوانێت بکرێت و چۆن بەشداری بکرێت؟» بە وردی باسی لێوە دەکرێت.

لەم چوارچێوەیەدا کاتێک سەیری کۆی کارلێکی نێوان بەشداریی ڕاستەوخۆ و دیدار و کۆبوونەوە فراوانەکانی بەڕێز مسرور بارزانی لەگەڵ شاندی وڵاتە جیاوازەکان دەکرێت، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئەوەی سەلماندووە کە «قەوارەیەکی سیاسیی بچووک، توانای هەیە هێزی گەورە بۆ چارەسەرکردنی کێشە قورس و ئاڵۆزەکان بەرهەم بهێنێت.»

**سەبارەت بە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم سەقامگیرییە قوربانی بۆ دراوە و، ئەگەر بمانەوێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش سەقامگیر بێت، ئەوا ئەم پرسە پێویستی بە کاری پێکەوەیی و قوربانیدان هەیە**

**کاتێک سەیری کۆی کارلێکی نێوان بەشداریی ڕاستەوخۆ و دیدار و کۆبوونەوە فراوانەکانی بەڕێز مسرور بارزانی لەگەڵ شاندی وڵاتە جیاوازەکان دەکرێت، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئەوەی سەلماندووە کە «قەوارەیەکی سیاسیی بچووک، توانای هەیە هێزی گەورە بۆ چارەسەرکردنی کێشە قورس و ئاڵۆزەکان بەرهەم بهێنێت**



# ئەزموونی کوردستانی عێراق خاڵی پرشنگداری خەباتی گەلی کورد





**سەلاح بەدرەدین**

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

### ● پێشەکی

ئەزموونی کوردستانی عێراق لە ڕووی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە زۆر کۆن و دێرین و دەوڵەمەندە، ئەو خەباتە بەر لە سەدەو نیوێك دەست پێ دەکات، لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژووی ئەو خەباتە ئەو ڕووداوە گرنگانەن کە لە چەند ناوچەیەکی کوردستان بە دیاریکراویش لە دەڤەری بارزان ڕوویان داوە، کە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانی پێشان لەوانە ویگرام قەشەی ئەمریکی- ئینگلیکانییەوە تۆمار کراون، ئەمانە وەك بەڵگەی زیندوون کە مەحاڵە لەبیر بکرێن، بە تایبەتیش ڕۆڵی بەرچاوی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە بەرجەستەکردنی ئیرادەی کورددا، هەروەها تێکەڵکردنی خواست و ئاواتە کۆمەڵایەتییەکانی هەموو ناوچەکە، ئەویش کە خۆی لە بانگەشەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییدا دەنواند، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە، ئەو یاداشتە بەناوبانگەیە کە ئاراستەی دەسەڵاتدارانی عوسمانی کرد، لەو یاداشتەدا داوای کرد، خواست و ئامانجە نەتەوەییەکان بێتەدی لە ڕووی ئیداری و کەلتووری و ئازادییەوە، بۆیە گیانی خۆی کردە قوربانیی ئەو ئامانج و داخوازییە ڕەوایانە، لە بەرانبەر سەرسەختی و پێداگری و شۆڤینییەت و ستەمکاریی دەسەڵاتی عوسمانی، کە بڕیاری دا، شێخی شۆڕشگێڕ لە بەندیخانەی مووسڵ لە سێدارە بدات.

**لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمەوە تاکو ئەمڕۆ گۆڕەپانی کوردستانی عێراق هیچ هێورییەکی بە خۆیەوە نەدیوە، گەلی کوردستان بگرە هەر لە زاخۆوە تاکو سلێمانی و بەرەو بارزان بەردەوام بووە لە خەباتی دادگەرییانەی خۆی بە هەموو شێوازو ئامرازێکی بەردەست و بەپێی ئەو توانایەی کە هەیبووە**

### ● درێژەدانی خەبات بە هەموو شێوەکانییەوە

لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمەوە تاکو ئەمڕۆ گۆڕەپانی کوردستانی عێراق هیچ هێورییەکی بە خۆیەوە نەدیوە، گەلی کوردستان بگرە هەر لە زاخۆوە تاکو سلێمانی و بەرەو بارزان بەردەوام بووە لە خەباتی دادگەرییانەی خۆی بە هەموو شێوازو ئامرازێکی بەردەست و بەپێی ئەو توانایەی کە هەیبووە، هەر لە ڕاپەڕینی چەکداری و شۆڕش و بزاڤە سیاسییەکان و ڕێکخراوە نهێنی و ئاشکراکان، هەروەها کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان (تا ڕاگەیاندنی پاشانشینی)، لەپاڵ ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی ناوخۆ کە لە کوردستانی عێراق سەریان هەڵدا، وەك ڕێکخراوی

**سەرکردەی بزووتنەوەکانی (بارزان) دوای شێخی شەهید عەبدولسەلام بارزانی، بەتایبەتیش سەردەمی خوا لێی خۆش بێت مستەفا بارزانی پەیوەندیی هاریکارییان هەبوو لەگەڵ بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد لە تورکیا(شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران)، لە ئێران (کۆماری کوردستان لە مەهاباد)، لە سووریا (بزووتنەوەی خۆیبوون)**

**ڕاگەیاندنی فیدراڵی کە دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بە فەرمی لە دەستووری عێراقدا چەسپێنرا، بەمەش بۆ یەکەم جارە لە مێژووی نوێدا بگەنە چارەسەری دۆزی کورد لە بەشێکی کوردستاندا**

**لە دەستپێکی سەرهەڵدانی خەباتی نەتەوەیی و دواتر نیشتمانی لە کوردستانی عێراق، بزووتنەوە سیاسییەکان لە سۆنگەی چەمکی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانەوە هاتنە مەیدان**

**زۆر جاریش پیلانی لەناوبردنی ئەم ئەزموونە لە پایتەختەکانی ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەر دادەڕێژدرێت، کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، بەڵام بە خۆڕاگریی گەلی کوردستانی عێراق و کارامەیی و لێهاتوویی سەرکردایەتییەکەی، ئەم ئەزموونە پارێزرا**

**زۆر لەو لایەنە ئیقلیمییانەی کە دژایەتیی هەموو مافێکی کورد، یان کوردستانیان دەکرد لە ناوچەکەدا، ئێستا دەستیان کردووە بە پاشەکشە دوای ئەوەی لە پاکتاوکردنی ئەم ئەزموونە پێشەنگە شکستیان هێنا**

(هیوا) و.. تاد، دواجار پارتی دیموکراتی کوردستان کە بارزانیی نەمر یەکەم سەرۆکی ئەم حزبە بوو، دەبینین سەرکردەی بزووتنەوەکانی (بارزان) دوای شێخی شەهید عەبدولسەلام بارزانی، بەتایبەتیش سەردەمی خوا لێی خۆش بێت مستەفا بارزانی پەیوەندیی هاریکارییان هەبوو لەگەڵ بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد لە تورکیا(شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران)، لە ئێران (کۆماری کوردستان لە مەهاباد)، لە سووریا (بزووتنەوەی خۆیبوون).

## ● ئەزموونی کوردستان وەك یەکەم و تاقانە لە وەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی و فیدراڵیدا

لەنێو سەرجەم ئەو ئەزموونە جیاوازانەی بەشەکانی کوردستان، تاکە ئەزموون کە سەرکەوتوو بووە و قوربانیی گیانی زۆری بۆ دراوە، بەڵام داستانی قارەمانێتی و بەرخۆدانی تۆمار کردووە، نموونەیەکی گەشی سەرکردەی مەزنی وەك مەلا مستەفا بارزانی و چەندان خەباتگێڕی دلێر و نەبەزی دیکەی پێشکەش کردووە، لە سەردەمی نوێدا و لەسەر ئەرزی واقیعدا دەستکەوتی زۆری مێژوویی بەدی هێناوە، هەر لە ئۆتۆنۆمیی ساڵی ١٩٧٠، تا دەگاتە دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان دوای هەڵبژاردنی ئازادی ساڵی ١٩٩٢، هەروەها ڕاگەیاندنی فیدراڵی کە دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بە فەرمی لە دەستووری عێراقدا چەسپێنرا، بەمەش بۆ یەکەم جارە لە مێژووی نوێدا بگەنە چارەسەری دۆزی کورد لە بەشێکی کوردستاندا، ئەمەش لەسەر بنەمای دیالۆگ و تەوافوقی نێوان کورد و عەرەب لە عێراق، هەروەها دداننان بە بوونی کوردستان لە نێو دەستووردا، هاوکات فیدراڵی وەك سیستەم و شێوەیەکی سیاسی و یاسایی.

## ● پرەنسیپی مافی چارەنووس وەك ڕێسایەك بۆ چارەسەری دۆزی نەتەوەیی

لە دەستپێکی سەرهەڵدانی خەباتی نەتەوەیی و دواتر نیشتمانی لە کوردستانی عێراق، بزووتنەوە سیاسییەکان لە سۆنگەی چەمکی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانەوە هاتنە مەیدان، ئەمەش وەك پرەنسیپێك کە دەستەی نەتەوە یەککگرتووەکان لە پەیماننامەکەیدا بەرجەستەی کردووە و، هەموو بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی جیهانیش گرتوویانەتەبەر، هەروەها شۆڕشەکانی فەرەنسا و ئەورووپا و ئەمریکا و شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر لەسەری ڕۆیشتوون، تا ئێستاش ئەم پرەنسیپە وەك ترووسکاییەکی ڕووناکییە بۆ گشت گەلانی چەوساوەی پەرۆش بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، بانگەوازەکەی سەرۆك مسعود بارزانی لە ئەیلوولی ٢٠١٧، بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی مافی چارەنووس پابەندبوونێك بوو بەم پرەنسیپە، کە ئەنجامەکەی بریتی بوو لە دەنگدانی ٩٧٪ی گەلی کوردستانی عێراق بە بژاردەی سەربەخۆیی، ئەم جارەش دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی ئیرادەی گەلی هەرێم و پرەنسیپە مرۆیی و داب و نەریتە مۆراڵییەکان وەستانەوە.

## ● فرە نەتەوەیی و نیشتمانی لە ئەزموونی کوردستانی عێراقدا

ئەم ئەزموونە هەر لە سەرتاوە، بە گەواهیی هەموان هەردوو لایەنی نەتەوەیی و نیشتمانی پێکەوە کۆکردەوە، یان شێوەی نەتەوەیی و ناوەرۆکی گشتگیری نیشتمانی، ئەمەش بە ددانپێدانانێکی دەستووری و یاسایی و مافی نەتەوە و پەیڕەوکارانی ئایینەکان، لە دانیشتووانە ڕەسەنەکان لە کوردستان وەك تورکمان و کلدان و ئاشووری و ئەرمەن و عەرەب و تایفە جیازازەکان و ئایینزاکانی کریستیان و موسڵمان، بۆیە ناوە فەرمییەکە بریتییە لە(گەلی کوردستانی عێراق) نەك تەنیا گەلی کورد، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە چەمکێکی نیشتمانیی عێراقیش هەیە، چونکە هەرێم بەشێکە لە عێراقی فیدراڵ و گەلەکەی کە ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و چارەنووسی وڵات و ئایندەکەی، بەپێی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە دەستووری پەیڕەوکراودا.

### ● ئەزموون وەك نموونەیەك بۆ چارەسەری دۆزی نەتەوەیی لە ناوچەكەدا

دیارە كە ئەم ئەزموونە، لەوەتەی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ و شۆڕشی گوڵان و ڕێككەوتننامەی ئادار بۆ ئۆتۆنۆمی و ڕاگەیاندنی فیدراڵی، بەردەوام ڕووبەڕووی پیلان و دەسیسەی ناوخۆیی و ئیقلیمی دەبێتەوە، زۆر جاریش پیلانی لەناوبردنی ئەم ئەزموونە لە پایتەختەكانی ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەر دادەڕێژدرێت، كە كوردستانیان بە سەردا دابەش كراوە، بەڵام بە خۆڕاگریی گەلی كوردستانی عێراق و كارامەیی و لێهاتوویی سەركردایەتییەكەی، ئەم ئەزموونە پارێزرا، هەروەها پەرەی پێ درا و زیاتر چەسپا، بگرە ئێستا بووەتە نموونەیەك كە لەسەر ئاستی چارەسەری دۆزی كورد لە دەوڵەتانی دەوربەر چاوی لێ دەكرێت، تەنانەت لەسەر ئاستی تەواوی بزووتنەوەكانی ئەو گەلانەی كە تائێستا ئامانجەكانیان بەدی نەهاتووە.

دیارە زۆر لەو لایەنە ئیقلیمییانەی كە دژایەتیی هەموو مافێكی كورد، یان كوردستانیان دەكرد لە ناوچەكەدا، ئێستا دەستیان كردووە بە پاشەكشە دوای ئەوەی لە پاكتاوكردنی ئەم ئەزموونە پێشەنگە شكستیان هێنا، یان نا بە ڕقەوەش ددانیان پێ دادەنا، بەڵام تا ئێستا هەندێك لەو لایەنانە دژایەتیی ئەزموونی هەرێم دەكەن بە هەموو ڕێگە و شێوەیەك، لە ڕێی بریكاری پشت پێ بەستراویان (پارتی كرێكارانی كوردستان – پەكەكە) و پاشماوەی یاخیبووان و هەلپەرستان لە هەندێ ناوچەی هەرێمدا.

### ● ئەم ئەزموونە دژی هەموو جۆرە تیرۆرێكە

ئەزموونی گەلی كوردستانی عێراق، تاكە لە نێو ئەزموونەكانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەكانی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ناوچەكە و جیهاندا، كە شێوە و ئامرازەكانی پاكتاوكردنی تاكەكەسیی بەكارنەهێناوە و، خەڵكی سڤیل و ناوچەكانی دانیشتووانی نەكردووەتە ئامانج، هەروەها ڕفاندن، یان توندوتیژی نەگرتووەتەبەر، هاوكات هەر لە سەرەتاوە لە نێو هەموو سیستەم و حكومەتەكان و گەل و خەڵككە جیاواز بووە، بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری دەوڵەت و ڕووخاندنی ڕژێمەكان لە ئەولەوییەتی بووە، دیارە چۆن ڕێكخراوی تیرۆریستیی داعش لە پێشەكیی مەرامە چەپەڵەكانیدا ئەوە بوو كە مووسڵی داگیركرد، دواتر بەرەو هەولێر و ناوچەكانی دیكەی كوردستانی عێراق هەڵكشا، بە دیاریكراویش ئەو هێڵەی نێوان مەخموور و هەولێر تا دەگاتە هاوینەهەواری پیرمام و شەقڵاوە، بەرەو باكوورو باكووری ڕۆژئاوا دواجار زاخۆ، ئینجا سنووری عێراق- توركیا، بەڵام گەلی هەرێمی كوردستان و پێشمەرگە تێكۆشەركان لێیان هاتنە دەست و بە درێژایی زیاتر لە هەزار كیلۆمەتر ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش بوونەوە، لەم پێناوەشدا بە دەیان شەهیدیان دا، كە گەورە فەرمانەدەی سەربازییان تێدا بوو، هەروەها بۆ هەموو جیهانیان سەلماند كە ئەزموونەكەیان ناتوانێت لەگەڵ هیچ جۆرە تیرۆرێك هەڵ بكات، چ تیرۆری دەوڵەت، یان میلیشیاكان لە سایەی ئایین و ئایینزاكاندا.

### ● دواهەڵمەت تایبەت بە هەندێ لە كۆچبەران

دوژمنانی ئەزموونی گەلی كوردستانی عێراق بەردەوامن لە هەڵمەتی ڕاگەیاندنیان و هیچ ڕێگایەك نەماوە نەیگرنەبەر بۆ سەرخستنی ئەو هەڵمەتە ستەمكار و چەواشەكارییەیان، دواترینیان هەوڵی قۆستنەوەی ئەو چەند خێزانە كۆچبەرانەیە كە لە سەر سنووری نێوان بیلاڕووسیا و پۆلۆندا گیریان خواردووە، ئەوەی مایەی هەڵوەستەیە ئەوەیە كە گرووپەكانی میلیشیا تایفەگەرییەكانی دەسەڵاتدار لە بەغدا و هەندێ شوێنی عێراق، دڕندەیی و یاخیبوونیان لە یاسا و سیستەمی وڵات، هۆكاری سەرەكی بووە لە ڕووی كۆچ پێ كردنی سەدان هەزار هاووڵاتی عێراقی بۆ شارەكانی كوردستانی عێراق و دەرەوە، كەچی هەر ئەوانن لە پشت ئەو هەڵمەتانەن كە مەرامی سیاسییان هەیە.

هەموو هێزە نەتەوەیی و دیموكراسییەكانی كوردستان و سەرجەم نیشتمانپەروەری ڕاستگۆ لەپاڵ ئەزموونی تازەی براكانیان و ڕێبازی میانڕەویی سەركردایەتیی سیاسی و دروست دەوەستن، پێیان وایە كە بەردەوامبوونی سەركەوتنەكانی ئەم ئەزموونە دەڕژێتە نێو ڕێڕەوی خەباتی گەلی كورد لە هەموو شوێنێكدا.

**ئەزموونی گەلی كوردستانی عێراق، تاكە لە نێو ئەزموونەكانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەكانی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ناوچەكە و جیهاندا، كە شێوە و ئامرازەكانی پاكتاوكردنی تاكەكەسیی بەكارنەهێناوە**


**دوژمنانی ئەزموونی گەلی كوردستانی عێراق بەردەوامن لە هەڵمەتی ڕاگەیاندنیان و هیچ ڕێگایەک نەماوە نەیگرنەبەر بۆ سەرخستنی ئەو هەڵمەتە ستەمكار و چەواشەكارییەیان**

**گرووپەكانی میلیشیا تایفەگەرییەكانی دەسەڵاتدار لە بەغدا و هەندێ شوێنی عێراق، دڕندەیی و یاخیبوونیان لە یاسا و سیستەمی وڵات، هۆكاری سەرەكی بووە لە ڕووی كۆچ پێ كردنی سەدان هەزار هاووڵاتی عێراقی بۆ شارەكانی كوردستانی عێراق و دەرەوە**



# کۆچکردن لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە

## ئاماژەیەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان



**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

کۆچکردن بریتییە لە پرۆسیسێکی جووڵانەوە و گواستنەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە، بۆ مەبەستی خۆشگوزەرانیی ئابووری، یان ڕاکردن لە هەندێ بارودۆخی کەش و هەوایی، یان لەژێر گوشاری سیاسی و جەنگ و قەیرانەکاندا، ڕاستییەکەی، هۆکارەکان زۆرن، هۆکاری کۆمەڵایەتی وەك چەوساندنەوەی ئایینی و نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستی، هۆکاری ئابووری بۆ کۆچکردن بریتییە لە نزمیی ئاستی بژێوی ژیان و فاکتەرەکانی ڕاکێشانی ئابووری لە ناوچە دەوڵەمەندەکان لە جیهان و پەیوەست بە کار و کرێ، هەندێ فاکتەری دیکە هەن کە مەترسیدار و کوشندەن بۆ کۆچکردن، بریتییە لە داگیرکردنی سەربازی، چەوساندنەوەی سیاسی، ناسەقامگیریی سیاسیی ناوخۆ.

کۆچکردن دوو جۆری هەیە: کۆچکردنی کاتی، کۆچکردنی هەمیشەیی (بەردەوامی)،



و کۆمەڵگە و سوودوەرگرتن لە هێزی کار و سەرمایەداری، هەروەها جۆرە تێکەڵبوونێکی کەلتووری و مرۆیی هەیە.

یەکێک لە دەرئەنجامەکانی کۆچکردن هاتنەکایەی دیاردەی پەناخوازییە، لە ماددەی(١٤)ی جاڕنامەی مافی مرۆڤدا هاتووە کە هەر تاکە کەسێك مافی ئەوەی هەیە بچێتە دەوڵەتێکی دیکە، یان پەنای بۆ ببات لەبەر مەترسی، یان چەوسانەوە، لە شیکردنەوەی ئەم ماددەیەدا دەگوترێت کە مافی دەوڵەتەکانە و ئەمە ئەرکە بە سەر دەوڵەتەکان کە پەنابەران وەربگرێت، یان نا، چونکە هەندێ دەوڵەت هەن رێ بەم مافە نادەن و سنووری خۆیان ناکەنەوە بۆ پەناهەندە و کۆچبەران، چونکە پێیان وایە کاریگەریی هەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان، بۆیە نەدانی مافی پەناخوازی مافێکی شکۆمەندیی دەوڵەتە، هەر کاتێ بە پێویستی دەزانێت بەکاری دەهێنێت بەپێی دەسەڵاتی تەقدیری و ئابووری و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییەکانی.

لە هەمان کاتدا ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی هەیە سەبارەت بە مافی پەناخوازیی ساڵی ١٩٥١، باس لەوە دەکات کە ئەم ڕێککەوتننامەیە لەسەر ئەو کەسانە جێبەجێ دەکرێت کە پێش ساڵی ١٩٥١ سیفەتی پەناخوازییان وەرگرت، پێویستە دەوڵەتان مافی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان جێبەجێ بکەن، هەورەها نابێت پەناخواز دیپۆرت بکرێتەوە، کاتێکیش کاریگەریی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەبێت، دەوڵەت دەتوانێت ئەو مافە بەکار بهێنێت، لەبەر ئەوەی ئەم دیاردەیە تەشەنەی کرد، بۆیە پرۆتۆکۆڵێك لە ساڵی ١٩٦١ هاتە کایەوە، ماددەی یەکی ئەم پرۆتۆکۆڵەکە سنوورردارکردنی جوگرافیی فراوانتر کرد، کە تەنیا پێوەی پەیوەست نەبوو، ماددەی دوو باس لە هاوکاری و هەماهەنگی دەکات لەگەڵ کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، هەروەها ئەم ڕێککەوتننامەیە بە سەر ئەو کەسانە جێبەجێ ناکرێت کە پتر لە رەگەزنامەیەکیان هەیە، یان ئەگەر هۆکارێکی ماقوول نەبوو بۆ وەرگرتنیان، یان کاریان دژ بە پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، یان تاوانیان کردبوو، تاوانی جەنگ و ئاشتی

**لە مەترسیدارترین فاکتەرەکانی کۆچکردن، کۆچکردنی توانا زانستییەکانە، کە بە «خوێنبەربوونی مێشکەکان» ناودەبرێت**

**دیاردەی رەگەزپەرستی لەو دەوڵەتانە بڵاوبووەتەوە کە کۆچبەرو پەناخوازیان تێدایە**

جگە لەمانە کۆچکردنی دیکەش هەیە، وەك: کۆچکردنی زۆرەملێ، یان بێ پلان، لە مەترسیدارترین فاکتەرەکانی کۆچکردن، کۆچکردنی توانا زانستییەکانە، کە بە «خوێنبەربوونی مێشکەکان» ناودەبرێت، زۆر وڵات هەن باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییان بەو شێوەیە نییە، بۆیە فاکتەری دەرکردنیان بۆ ئەم توانا زانستییانە هەیە، وڵاتیش هەن فاکتەری ڕاکێشانی ئەم توانا زانستییانەن پەیوەستە بە بژێوی ژیان و دابینکردنی پێداویستییەکان، مەترسیدارترین جۆری کۆچکردن ئەمەیە، چونکە سامانی مرۆیی لە دەست ئەم دەوڵەتانە دەڕوات و هێزی بەرهەمهێنەر لە دەوڵەت لاواز دەبێت، هەروەها ئاسەواری دیکەیشی هەیە، هەرچۆن بێت، سەرئەنجامی کۆچکردن لایەنی نێگەتیف و پۆزەتیڤی هەیە، پەیوەستە بە گۆڕانکاری لە ژمارە و پێکهاتەی دانیشتووان

و دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید، لەم حاڵەتانە تەنیا مافی مانەوە بۆ کاروباری مرۆییان پێ دەدرێت، ئەمەش مافێکی کاتییە کە دەوڵەت بۆ پەناهەندان بەکاری دەهێنێت.

لە دەرئەنجامدا، لە پەیوەندیی نێوان کۆچکردن و پەناخوازی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە، بۆیە زۆر جار ئەو دەوڵەتانەی کە کۆچیان تێدا دەکرێت، ناسەقامگیرن لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەترسییان هەیە، ئەو دەوڵەتانەیشی کە وەریان دەگرن، سیاسەتی ئەمنیی دانیشتووان و باری ئابوورییان فاکتەری گرنگن لەم بوارە، تەنانەت جاروباریش تووشی گرفت دەبن لە ئاسایشی نەتەوەییان، بۆیە زۆربەی دەوڵەتان ئەم بابەتەیان بە یاسا ڕێکخستووە، هەتا دەگاتە هەماهەنگیی هەرێمی و نێودەوڵەتی، بۆیە ئەم دیاردەیە یەکێکە لە گرفتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، بە تایبەتی پاش سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی، ململانێی ئیتنی و چەوسانەوەی نەتەوەیی لە زۆر دەوڵەت بەتایبەتی یۆگسلافیا و بەلکان و ڕووسیا و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا، ئەمە مەترسییە بۆیان، بە تایبەتی دوای ١١ی سێپتێمبەر ئەو دەوڵەتانەی کۆچبەر و پەناخوازیان تێدایە، پێداچوونەوەیان بەم سیستەمە کرد، بەتایبەتی سیستەمی چاودێری، دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپاش هەمان هەنگاویان هەڵگرت.

ئەوەی دەمانەوێ لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین کە دیاردەی ڕەگەزپەرستی لەو دەوڵەتانە بڵاوبووەتەوە کە کۆچبەرو پەناخوازیان تێدایە، لەسەر ئەم بنەمایە نەتەوە یەکگرتووەکان بایەخی بەم مەسەلەیە داوە لە جاڕی نێودەوڵەتی، بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو دەوڵەت نین و لەوێ دەژین، جەختی کردەوە لەسەر مافی دەوڵەتەکان لە ڕێکخستنی سەنتەری بیانییەکان، لە هەمان کاتدا لە ماددەی دووەمدا باسی لەوە کرد کە ئەو هاووڵاتیانە مافیان هەیە لە ژیان و ئاسایشی تاك و یەکسانیی دادوەری و خێزان و ئازادیی بیروڕا و کەلتوور و زمانی خۆیان، هەروەها مافی موڵکایەتی و نابێت ئەشکەنجە بدرێن و دەبێت مامەڵەی مرۆییان لەگەڵدا بکرێت، نابێ ئەو هاووڵاتیانە دەربکرێن مەگەر یاسایەك کە تایبەت بێت بە ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها مافیان هەیە لە خوێندن و وەرگرتنی زانست و تەندروستی و پەنابردن بۆ دادگا، دەبێت ئەو هاووڵاتیانەش ڕێز لە یاساکانی ئەو دەوڵەتانە بگرن.

لەبەر ئەوەی کاتێکی زۆر بەسەر ئەو پڕۆتۆکۆڵەدا تێپەڕیوە، پێویستە پێداچوونەوەیەکی جددی بۆ ئەم مەسەلەیە بکرێت، بەپێی گۆڕانکاریی نێودەوڵەتی لە بواری پەناخوازی و کۆچکردن، لە سەر بنەماکانی بەرژەوەندیی پاراستنی ئاسایشی ئەم دەوڵەتانە و هەلومەرجی کۆچکردن و پەناخوازی، پێویستە ئاماژە بە دیاردەی قاچاغ و ئەو باندانە بکرێت کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن بە ڕێگای نامەشروع و کاریگەری و مەترسیی ئەم کارە بۆ سەر ئاسایشی ئەو دەوڵتانەی کە وەریان دەگرن، بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی میکانیزمەکانی کۆچکردنی نێوان دەوڵەتان ڕێك بخات، تاکو سنوورێك بۆ دیاردەی کۆچی نایاسایی دابنێت، لە ئاکامدا ئاماژە بۆ ئەم دیاردەیە دەکەین لە هەرێمی کوردستان پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ کە ئەم کۆچکردنە هەبوو لە بەر هەندێ هۆکاری سیاسی، بەڵام سنووردار بوو، بەڵام دوای ساڵی ١٩٩١ و کۆڕەوە ملیۆنییەکە و لەبەر بارودۆخی سیاسی و دانانی دامەزراوە دەستووری و یاساییەکان لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان تا ڕاددەیەك لە کوردستان ئەم مەسەلەیە بڵاو بووەوە، ئەگەر واقیعییانە قسە بکەین، دەبینین لەبەر بارودۆخی ئابووری و شەڕی ناوخۆ و تا ڕاددەیەك ئەم دیاردەیە هەڵکشا و ناوبەناویش ڕێژەکەی سنووردار بوو، لە کوردستان دیاردەی دەرکردن نییە، چونکە بارودۆخی هەرێمی کوردستان ئازادی و ژیانێکی سیاسی و دیموکراسی تێدایە، تەنانەت کوردستان بووە بە پەناگە و شوێنی پێکەوەژیانی زۆر لە هاووڵاتیانی دەرەوە و ناوچەکە و دەوروبەر، ئەوانەی سەفەریش دەکەن لە ڕێی فڕۆکەخانەکان و دەروازە نێودەوڵەتییەکانەوە دەچنە دەرەوە، پەنا بۆ ئەو دەوڵەتانە دەبەن، تەنانەت کە دیپۆرت، یان سنووررداش دەکران و، دەگەڕانەوە کوردستان هیچ سزایەکی یاساییان لەسەر نەبوو.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بابەتە ماوەی بیست ساڵ بوو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و

**پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی میکانیزمەکانی کۆچکردنی نێوان دەوڵەتان ڕێک بخات، تاکو سنوورێک بۆ دیاردەی کۆچی نایاسایی دابنێت**

**دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە ناوچەکە مێرگەی دیموکراسی و ئازادییە**

**دەستخۆشی لە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکەم، بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە کە بە بەرپرسیارێتییەوە ئەم بابەتەی ڕوون کردووە، دوور لە بازگانی و ململانێ و قاچاخچێتیی سیاسی**

حکومەتی هەرێمەوە دیراسە کرا و لێکۆڵینەوە لە هۆکار و ڕێگەچارە کرا، بەڵام هەر چۆن بێت، گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووری و گرفتەکانی نێو هەرێم کاریگەرییان هەبوو، ئەم مەسەلەیەش جێگەی بایەخ بوو، بە تایبەتی ئاماژەکردن بۆ ئەو ڕێگا نایاساییانەی کە قاچاخچییەکان بازرگانییان پێوە دەکرد، دەبێ ددان بەو واقیعەدا بنێین کە بەشێك چوونەتە دەرەوە و مافی پەناخوازییان وەرگرتووە.

سەبارەت بەو بابەتەی کۆچکردن بۆ بیلاڕووسیا، کە ئەو دیاردەیە سەری هەڵدا، پێش ئەوەش لە تورکیاش ئەم حاڵەتە هەبوو، پێش بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا تورکیاش جۆرە سیاسەتێکی بەکارهێنا بەرامبەر بە یەکێتیی ئەورووپا، ئێستاش ڕووسیا و بیلاڕووسیا ئەم ڕۆڵە دەبینن و هاووڵاتیانی پەناهەندە دەبنە قوربانیی ئەم مەسلەیە و کێشەیەك کە مایەی گرنگی پێدانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیاکانن، هەروەها زۆر لە دەوڵەتەکان دێنە سەر خەت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم حاڵەتەی دواییدا کە ئەنجومەنی ئاسایشی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی دا بۆ ئەم مەسەلەیە، واقیعییانە بۆی چوو و شیکردنەوەی بۆ کرد و، ددانی نا بەو دیاردەیە کە سنووردارە، فاکتەرەکانیش پەیوەست نین بە لایەنی سیاسییەوە، ئەوانەشی دەچنە دەرەوە بیر لەوە دەکەنەوە کە بەرەو ژیانێکی باشتر بچن، بەو شێوەیە نییە، چونکە کە چووە دەوڵەتێکی دیکە هەست بە غەریبی و جۆرە تاڵییەکی ژیان دەکات، هەر چۆنێك بێت دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە ناوچەکە مێرگەی دیموکراسی و ئازادییە و زۆر لە بابەتەکانیش ڕێکخراون، تەنانەت گەنجەکانیش کە بیر لەم دیاردەیە دەکەنەوە، دەیانەوێت بگەنە ژیان و گوزەرانێکی باش، بۆیە پێویستە سەنتەرەکانی توێژینەوە و زانکۆکانی کوردستان بایەخ بەم مەسەلەیە بدەن بە توێژینەوەی ئەکادیمی، لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەورەها لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە ئەم مەسەلەیە زیاتر دیراسە بکرێت، من دەستخۆشی لە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکەم، بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە کە بە بەرپرسیارێتییەوە ئەم بابەتەی ڕوون کردەوە، دوور لە بازگانی و ململانێ و قاچاخچێتیی سیاسی، بۆیە دیاردەی کۆچکردن و پەناخوازی دیاردەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، ئەگەر ئاسایشی نەتەوەیی گەڕان بێت بۆ دابینکردنی قەوارەیەکی ستراتیژی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئێمە، دەبێت ئەم مەسەلەیە لە ئەولەوییاتی بایەخدانی خۆمان بێت، چونکە کێشەی دیکەش هەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، وەك کێشەی مادده هۆشبەرەکان، کێشەی شووشتنەوەی پارە، کێشەی پێشێلکردنی سیستەمی زانیاریی کیاناتەکان، ئەمانە مەترسیدارن و تازە پەیدابوون لە ئەنجامی ئاسەوارەکانی سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی، کە دەوڵەتەکان دەخەنە بەرامبەر بەرپرسیارێتیی لە حیساباتی سیاسی و ئابووریی خۆیان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینە دوای کابینە بایەخی بەم مەسەلەیە داوە، کابینەی نۆیەمیش لە بەرنامەی چاکسازیدا دەتوانێت لەم بابەتە بکۆڵێتەوە و وردبینی بۆ بکات، هەر چەندە ناتوانرێت قەدەغە بکرێت، بەڵام سنووردار بکرێت، سەبارەت بە کۆچکردنی توانا زانستییەکان، کە ئاماژەمان پێ دا، ئەو جۆرە مەترسییەی نییە لە هەرێمی کوردستان، توانا زانستییەکانی کوردانی ئێمە لە دەرەوە دەگەڕێنەوە و پەیوەندیی بە زانکۆکانەوە دەکەن، لەم بیست ساڵەی ڕابردوو ڕێژەیەکی زۆر لەوانە گەیشتنە ئەو ئاستەی کە سەرکردایەتیی ئەکادیمیی زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوە بکەن، هەندێکیشیان لە کابینەکانی حکومەت ڕۆڵیان هەبێت، بۆیە لە ڕووی یاساکانی پێوەست بە کۆمەڵگەی ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستان، تا ڕاددەیەك بایەخ بە باری ئابووری و فرەیی سیاسی و لایەنەکانی کۆمەڵایەتی دراوە، هیوادارم زیاتر بایەخ بەم دیاردەیە بدرێت، ڕاستییەکەی، دیاردەی کۆچکردن ماوە ماوە، وەك ئەوەی ئاماژەم پێ کرد، تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا و یۆنان، دوای ئەو، ئێستا بیلاڕووسیا، پێش ئەویش باس لە مەسەلەی ئەفغانییەکان دەکرێت، ئەمانە مەترسی و گرنگییان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەوەیە کە وەك چەکێك دژی ئەو دەوڵەتانە بەکار بهێنرێن، پێویستە دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەم دەوڵەتانە لەم ڕووەوە زۆر وریا بن.

**دیاردەی کۆچکردن و پەناخوازی دیاردەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی، ئەگەر ئاسایشی نەتەوەیی گەڕان بێت بۆ دابینکردنی قەوارەیەکی ستراتیژی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئێمە**

**کێشەی دیکەش هەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، وەک کێشەی مادده هۆشبەرەکان، کێشەی شووشتنەوەی پارە، کێشەی پێشێلکردنی سیستەمی زانیاریی کیاناتەکان، ئەمانە مەترسیدارن و تازە پەیدابوون لە ئەنجامی ئاسەوارەکانی سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی**

**لە ڕووی یاساکانی پێوەست بە کۆمەڵگەی ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستان، تا ڕاددەیەک بایەخ بە باری ئابووری و فرەیی سیاسی و لایەنەکانی کۆمەڵایەتی دراوە**



چاکسازی و دەستپێکردنەوەی پرۆژە ستراتیژی و گەورەکان و هەمەچەشنکردنی ئابووری و بارودۆخی دارایی بە گشتی تەوەرەی سەرەکیی دیمانەی گۆڤاری گوڵان بوون، لەگەڵ دکتۆر ئاراس خۆشناو پسپۆڕی کارگێڕی و دارایی و لێرەدا دەقی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.

## دکتۆر ئاراس خۆشناو

پسپۆڕی کارگێڕی و دارایی بۆ گوڵان:

# سەرەڕای قەیرانی دارایی پرۆژە ستراتیژییەکان لە هەرێمی کوردستان بەردەوامییان هەیە

*** سەرەتا دەمانەوێت بپرسین: لەگەڵ هەڵکشانی بەهای نەوتی خاو و زیادبوونی داهاتەکان یەکخستن و ڕێکخستنەوەی داهات و خەرجییەکان؛ ئایا دەتوانین بڵێین دۆخی سەختی قەیرانی داراییمان تێپەڕاندووە؟ ئەگەر وایە ئەی بۆچی هێشتا کێرڤی هەڵاوسانی نرخ و ڕێژەی بێکاری و هەژاریمان بەرزە و ناوبەناو کێشە و گرفتی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدات؟**

- نە ئێمە و نە جیهان بە گشتی لە شوێنەوارە خراپەکانی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی بە ڕێژە و قۆناغی جیاجیا دەربازمان نەبووە، دەکرێت بڵێین لە کوردستان قۆناغە سەختەکەی قەیرانی داراییمان بەڕێ کردووە، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە تا ئێستا قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان ماوە. پەتای کۆرۆنا شوێنەواری گەورە و مەترسی لە سەر ئاستی گەشەی ئابووریی جیهان و وڵاتان بەجێهێشتووە و، زیانەکانی وا بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێتەوە، بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی بە ڕاددەیەك کەم بووەتەوە، نرخی جیهانی خۆراکی بەرز کردووەتەوە. ساڵانەش لەسەر ئاستی جیهان هەڵاوسانێك هەیە لە نرخی کاڵا و شمەکەکان و خۆراکە سەرەکییەکان، کاتێکیش نرخ لەجیهاندا بەرەو زیادبوون دەچێت، لە وڵات و هەرێمێکی وەکو کوردستان کە زۆربەی کاڵاو خۆراك و دەرمان و کەرەستەکان لە دەرەوە دەهێنێت، لێرەش نرخەکانی ڕوو لە زیادبوون دەکات، بێگومان چەندین هۆکاری لاوەکییش هەن، بۆ نموونە ئێستا هەندێك بواری نوێی وەبەرهێنان هاتووەتە پێش وەکو تەکنەلۆژیای نوێ کە وای کردووە لە سەر ئاستی جیهان کەمتر ڕوو لەوەبەرهێنانی پیشەسازیی خۆراکی و کشتوکاڵی بکرێت، چونکە ئەو بوارانە قازانج و سوودێکی خێرا و گەورەتری هەیە، بە تەئکید نابێت گۆڕانکارییەکانی کەش و هەواش لە بیر بکەین، کە وای کردووە لە دوو ساڵی ڕابردوودا زیانی گەورە بەر ژینگە و کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمی پیشەسازیی خۆراکی کەوتووە، هەموو ئەم هۆکارە گشتی و ڕاستەوخۆ و لاوەکییانە هاوکاتە لەگەڵ هەڵکشانی خێرا و بەردەوامی ژمارەی دانیشتووانی سەر زەوی کە هەمووی پێکەوە بوونەتە هۆی سستی و خاوبوونەوەی بووژانەوەی ئابووری و هەڵاوسان و گرانبوونی هەموو کاڵاکان بە تایبەتی خۆراك و پێداویستییە سەرەکییەکان.

*** هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نائارام و ناسەقامگیردایە، بەتایبەتی ململانێکانی نێوماڵی شیعە و دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت و نامتمانەیی بە ئایندە و دوارۆژ، ئایا ئەمە تا چەند کاریگەریی لە سەر بارودۆخی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

- هەرێمی کوردستان گەورەترین زیانمەندی ناسەقامگیری و نائارامیی بارودۆخی عێراق و قەیرانە یەك لە دوای یەکەکانی ئەم وڵاتەیە، چونکە ئێمە لە ڕووی دارایی و ئابوورییەوە هەرێمێکی فیدراڵین لە چوارچێوەی عێراقدا، نابێت هەرگیز ئەوە لە یاد بکەین کە قەیرانی دارایی ئێمە بۆ سەرەتاکانی ٢٠١٤ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی بەغدا پشکی هەرێمی کوردستانی لە بودجە بڕی، بەمەش کوردستان دوچاری چەند شۆکێکی ئابووری بووەوە، کە یەکێك لەو شۆکانە بەس بوو حکومەتێك بڕووخێنێت، وەك:

- شەڕی تیرۆرستانی داعش.
- بڕینی نارەوای بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم لەلایەن بەغداوە.
- دارمانی نرخی نەوتی خاو و پووکانەوەی ئابووری.
- هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەناهەندە لە ناوخۆی عێراق و سووریا.
- هەندێك بارودۆخی ناسەقامگیریی ناوخۆی کوردستان.

هەموو ئەم هۆکارانە وای کرد، حکومەت لە کابینەی هەشتەم بە ناچاری کۆمەڵێك ئیجرائاتی دارایی بکات کە لە دەرەوەی ڕێڕەوی سرووشتی و ئاسایی بێت، چ لە ڕووی قەرزکردنی دەرەکی و ناوخۆیی و پەیڕەوکردنی سیستەمی پاشەکەوت و دەستپێوەگرتنەوەی زیاد و توند لە خەرجییە پێویستەکان و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەستگرتنەوە و سکهەڵگوشین (تقشف) و دواتر پرۆسەکانی چاکسازیی دەستی پێ کرد.

*** ئەگەر باسی پرۆسەی چاکسازی بکەین، کە وەکو باس دەکرێت، کاریگەریی باشی بۆ تێپەڕبوون لە دۆخی مەترسیداری سەختی قەیرانی دارایی هەیە، ئایا وەکو پسپۆڕێکی بواری کارگێڕی دارایی چۆن ئەم پرۆسەیە هەڵدەسەنگێنیت کە بێگومان وێڕای لایەنە باشەکانی ڕەخنەشی لێ دەگیردرێت؟**

**نە ئێمە و نە جیهان بە گشتی لە شوێنەوارە خراپەکانی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی بە ڕێژە و قۆناغی جیاجیا دەربازمان نەبووە**

**پەتای کۆرۆنا شوێنەواری گەورە و مەترسی لە سەر ئاستی گەشەی ئابووریی جیهان و وڵاتان بەجێهێشتووە و، زیانەکانی وا بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێتەوە**

**هەرێمی کوردستان گەورەترین زیانمەندی ناسەقامگیری و نائارامیی بارودۆخی عێراق و قەیرانە یەك لە دوای یەکەکانی ئەم وڵاتەیە**

**قەیرانی دارایی ئێمە بۆ سەرەتاکانی ٢٠١٤ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی بەغدا پشکی هەرێمی کوردستانی لە بودجە بڕی، بەمەش کوردستان دوچاری چەند شۆکێکی ئابووری بووەوە، کە یەکێک لەو شۆکانە بەس بوو حکومەتێک بڕووخێنێت**

**پرۆسەی چاکسازی لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان خێراتر و فراوانتر کرا**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازیی باشی لە کەرتی نەوت و یەکخستن و کۆتاییهاتن بە دیاردەی قاچاخچێتی ئەنجام داوە**

- پرۆسەی چاکسازی لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان خێراتر و فراوانتر کرا، ئەوە بوو یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٠ دەرچوو، کە تایبەت بوو بە دەرماڵەکان و مووچە و شایستە داراییەکان و ئێستاش بەردەوامە لە بوارە جیاوازەکان و بە هەموو شێوازێك هەوڵ درا بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان داهاتەکانی ڕێك بخاتەوە و، زیادیش بکرێت لە ڕێگای ڕێکخستنەوەی باج و ڕسوماتەکان، لەلایەکی دیکەشەوە خەرجییە ناپێویستەکان کەم بکرێنەوە و سەقامگیریی سیاسی و ئەمنییش بپارێزدرێت، ئەمەش ڕۆڵی باشی هەبوو بەوەی هەرێمی کوردستان بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی دەوروبەرمان باشتر بین، بەڵام هەموو ئەم هەنگاوانەش کاردانەوە و ئاستەنگ و شوێنەواری خۆی هەیە، بۆ نموونە یەکێك لەو ڕێکارانەی پەیڕەو کراوە، حکومەت کۆمەڵێك باج و ڕسومات و غەرامەی داوا کردووە، کە پێشتر هەندێکی بە یاسا هەبووە و وەرنەگیراوە، کاتێك ئەم داهاتانە پێکەوە داوا دەکەیت، زۆرجار لای هەندێك چین و توێژ بووەتە بارقورسی لەسەر هاووڵاتیی خاوەن داهاتی کەم و مامناوەند، یان لەسەر بازرگان و وەبەرهێن و خاوەن کارگە و پیشەوەران. ڕێکخستنەوەی نرخی کارەبا و ئاو و خزمەتگوزارییەکان و ڕسوماتەکانی هاتوچۆ و ...تادوایی، تەنانەت زۆربەی جار لای هاووڵاتیان وەکو قەرز کەڵەکە بووە و وەرنەگیراوە و، ئێستا هەر وەزارەتە و لە هەوڵی زیادکردنی داهاتدایە، بەوەش بارقورسی لە سەر خەڵکی دروست دەبێت، لە کاتێکدا تا ئێستا جموجووڵی بازرگانی و بازاڕ و ئابووری بە گشتی ئاسایی نییە، ئێمە تا ئێستا لە قەیرانەکەداین و پێویستمان بە پاڵپشتیی کەرتی تایبەت هەیە، بۆ ئەوەی نەکەوێت، بە هاوشێوەی سەرجەم وڵاتانی دنیا کە لە زۆربەی وڵاتان قەرەبوو کرانەوە و، سوودی بانکیان بۆ کەم کردنەوە و قەرزیان دەدانێ و ڕسوماتیان دەدانێ، کاتێك ئێمە نەتوانین ئەمە لە کوردستان جێبەجێ بکەین، ئەوە کەرتی تایبەتیش نرخ و کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی لە سەر بەکاربەر و بەکارهێنەران و خەڵکی گران دەکات، کە هاوکاتە لەگەڵ یەکخستنەوەی ڕسومات و باجەکان و هەمووی پێکەوە ئەو بارقورساییە دروست دەکات و، دۆخێکی نائاسایی لێ دەکەوێتەوە، کە لەگەڵ بنەماکانی ئابووری و قەیران و زانستی کارگێڕی دارایی و واقیعی کوردستان یەك ناگرێتەوە و پێویستی بەوە هەیە دووبارە پێداچوونەوەی ورد بە هەموو ئەم ڕێکارانەدا بکرێتەوە:

١- سەرچاوەکانی داهات هەمەچەشن و فراوانتر بکرێن.

٢- یەکخستن و بوارەکانی ڕسومات و غەرامە و باجەکان بە پلان و قۆناغ بە قۆناغ بێت و پەلەی تێدا نەکرێت و، کاریگەریی نێگەتیڤ و سلبی نەبێت لە سەر جووڵەی بازرگانی و ئابووری و بارگرانی و قورسایی نەکەوێتە سەر شانی هاووڵاتی ئاسایی.

*** بەو پێیەی چاکسازی پرۆسەیەکی فراوان و بەردەوامە، ئایا تاچەند چاکسازی لە بواری نەوت و داهاتەکانی و یەکخستنەوە داهاتەکانی سەرجەم دەروازە سنوورییەکان، بەتایبەتی باڵادەستیی حکومەت لە سەر ناوچەی سلێمانی سەرکەوتوویی بەم پرۆسەیە دەدات؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازیی باشی لە کەرتی نەوت و یەکخستن و کۆتاییهاتن بە دیاردەی قاچاخچێتی ئەنجام داوە، بەڵام هەروەکو باسم کرد، ئەوەی زیاتر خەڵکی هەستی پێ کردووە، ئەو ڕێکخستن و یەکخستنەوە و وەرگرتنی ڕسومات و باجانەیە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەریان دەکات. بەپێی زانیارییەکانی من و ئەوەی حکومەت ڕایگەیاندووە پێداچوونەوەی گشتی لە گرێبەستە نەوتییەکان کراوە و، بەرهەمهێنان و داهات زیاد کراوە و، تێچوون کەم کراوەتەوە، نابێت ئەوەش لەبیر بکەین، بواری چاکسازی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان یاساییە و کاتێك گرێبەست کراوە، ئیلتیزامات کەوتووەتە سەر ئەستۆی حکومەت، ئەمەش لە ڕێگەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن ئەنجام دراوە و دەدرێت و، کاتی زیاتر دەوێت. سەبارەت بە دابینکردنی ئاسایشی خۆراك ئەمە هەنگاوێکی زۆر گەورەیە و بۆ سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستان گرنگە، بەتایبەتی بۆ جووتیاران و وەبەرهێنەران و پیشەسازیکاران و تەنانەت بازرگانانیش، لەم ڕووەوە هەنگاوەکانی دروستکردنی سایلۆی گەورە و ناوچەی پیشەسازیی خۆراکی و بەنداوەکان و هەڵکشانی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و دروستکردنی ڕێگاوبانەکان بایەخێکی لە ڕادە بە دەری هەیە و، ساغکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران و دابینکردنی هەلی کار، دروستکردنی بەنداو بۆ بابەتی ئاو و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی و ژینگەیی و گەشتیاریی زۆر گرنگن، کەواتە سەرەڕای قەیرانەکان پڕۆژە ستراتیژییەکان

لە هەرێمی کوردستان بەردەوامییان هەیە و لە دوو ساڵی ڕابردوو ئاراستەی کێرڤی هەڵکشانەکە ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە. بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، کاتێك باسی سیاسەتی کارگێڕیی دارایی دەکەین، هەر ئەوەندە نییە لە ڕووی ژمێریارییەوە باسی بکەین، بەڵکو تێچوونی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دارایی و کۆمەڵایەتی و واقیعی هەڵدەسەنگێنیت، ئەوکات بڕیار دەدەیت، کام شێواز باشترە. خۆ ئەگەر ئیجرائای بەپەلە و خێرا کرابێت، لە پێناو کەمکردنەوەی لێکەوتەی قەیرانەکان، ئێستا دەبێت بێینەوە سەر هێڵە دروست و ڕاستەکە.

*** باسی بارگرانی و کاریگەرییەکانی چاکسازی و یەکخستن و ڕێکخستنەوەی داهات و خەرجیەکانت کرد، ئایا چۆن بتوانین هەم چاکسازییەکە ئەنجام بدەین و، هەم بارگرانی و نیگەرانی و ڕەخنەکانی ئەو چین وتوێژانەش کەم بکەینەوە کە دەکەونە بەر کاریگەریی ئەو ڕێکارانە؟**

- جێبەجێکردنی یاسا و ڕێکخستنەوەی هەر بوارێك نابێت تەنیا لایەنی ژمێرکارییەکەی بکرێتەوە، پێویستە لە کاتی دەرکردنی هەر بڕیارێکدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە کە کاریگەری لە سەر جوولەی بازرگانی و وەبەرهێنان و ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و بارقورسی لە سەر مووچەخۆر و خەڵك و چین و توێژەکان چییە؟ ئایا جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە چەند لەگەڵ ستراتیژیی گشتی حکومەت یەك دەگرێتەوە؟ ڕاستە هەموو چاکسازییەك کە جێبەجێ دەکرێت، بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکان دروست دەبێت و بێ ئازار نابێت، ڕەنگە هەندێك چاکسازیی ئەمڕۆ ئەنجامی دەدەیت، چەندین ساڵی دیکە ئەنجامەکانی دەربکەوێت، لەم ڕووەوە تاکە تێبینیی من ئەوەیە نابێت هیچ باج و ڕسومات و غەرامەیەك دەربچێت، یان گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، بە بێ ڕێنمایی و بە بێ ئەوەی یاسای بۆ دەربکرێت، دەستووری عێراق و یاساکانی هەرێمیش وا دەڵێن. لایەنێکی دیکە دەبێت قۆناغ بە قۆناغ و هەنگاو بەهەنگاو بێت، بۆ نموونە هەشت ساڵە جگە لە یەکەمی زانکۆکان و هەندێك توێژ، کەس دانەمەزراوە، بۆیە دەبێت لە ڕێگەی کەرتی تایبەت لە کاری مامناوەند و بچووك و پڕۆژەی بچووك بدۆزینەوە، هەر لە دووکانێکەوە تاوەکو چێشتخانە و کافتریا و هوتێل و کارگە بچووکەکان، کاتێك ڕسومات زیاد دەکرێت، یەکەمین کاردانەوەی خاوەن کار، کەمکردنەوەی کارمەند و کرێکارەکانە و بەوەش بێکاری زیاتر دەبێت، ئەمە لەگەڵ پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت یەك ناگرێتەوە.

*** تاچەند بوونی سەقامگیریی سیاسی لە ناوخۆی کوردستان و عێراقیشدا بۆ هەڵسانەوەی ئابووری و دەربازبوون لە قەیرانەکان گرنگە؟ ئایا لەم بارودۆخەی ئێستا کە عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت، تاچەند ئومێدی گەیشتن بەو سەقامگیرییە هەیە؟**

- بە بێ سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی، گەشەی ئابووری و دارایی دروست نابێت، ئەمە یەکێکە لە ژینگەکانی پەرەپێدانی ئابووری وەکو لایەنی یاسایی و حوکمڕانی و خزمەتگوزاری. قەوارەی هەرێمی کوردستان و ئابوورییەکەی لە جیهاندا نموونەیەکی تاقانەیە، ئێمە لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و ململانێی توندی سیاسی و ناسەقامگیر و ئاڵۆزی مەزهەبی و سیاسی و سەربازی و ئەمنی و شەڕداین، بەڵام لەم هەرێمە سەرباری تێبینی و ڕەخنەکان و خەڵکی شایەنی زۆر زیاترە، دەبێت ئێمە وردتر چاوخشاندنەوە بە بارودۆخەکە و هەڵسەنگاندنی بڕیارەکانی حکومەت بکەین و، بزانین خەڵکی چەند لێی ڕازییە و تا چەند ڕەنگی لە سەر ژیانی داوەتەوە، بەتایبەتی لەسەر ژیانی گەنجان و دۆزینەوەی کارێکی گونجاو و کرێیەکی باش، بە خۆشحاڵییەوە خودی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو شێوازە کار دەکات و لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕەنگ دەداتەوە بە پێداچوونەوە بە کۆی گشتی ئەو بڕیار و پرۆسەیە لە ئێستادا هەڵسەنگاندنی زۆر ورد دەکرێت بۆ کۆی پرۆسەکان بە گشتی کە ئەو هەنگاوانە کاریگەرییان لەسەر سەرجەم بوارەکان و چاکە و کاردانەوەکان و شوێنەوارەکانی چی بووە. بەگشتی ئابووری و دارایی هەرێمی کوردستان هەنگاوەکانی کە پێی دەوترێت چاکبوونەوە و خۆگرتنەوە دەستی پێ کردووە و ڕوو لەباشی دەکات و، هەرێمی کوردستان چۆن لە ڕووی پێکەوەژیان و ئارامی و سەقامگیری باشە، دەبێت لە ڕووی ئابووری و وەبەرهێنانیشەوە لە ڕووی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری باش بێت و ئەوەش لە ژیانی هەر هاووڵاتییەك و مووچەخۆرێکیش ڕەنگ بداتەوە، بۆیە ڕێکار و هەنگاوەکانمان پێویستی بە کات و هەڵسەنگاندن و وردبوونەوەی زیاتر هەیە و پەلەکردن کاریگەریی سلبی دەبێت.

**پێداچوونەوەی گشتی لە گرێبەستە نەوتییەکان کراوە و، بەرهەمهێنان و داهات زیاد کراوە و، تێچوون کەم کراوەتەوە**

**نابێت هیچ باج و ڕسومات و غەرامەیەک دەربچێت، یان گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، بە بێ ڕێنمایی و بە بێ ئەوەی یاسای بۆ دەربکرێت**

**کاتێک ڕسومات زیاد دەکرێت، یەکەمین کاردانەوەی خاوەن کار، کەمکردنەوەی کارمەند و کرێکارەکانە و بەوەش بێکاری زیاتر دەبێت، ئەمە لەگەڵ پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت یەک ناگرێتەوە**



دارا جەلیل خەیات

سەرۆکی یەکێتیی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازیی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەولێر پێگەیەکی گرنگی لە نەخشەی بازرگانی و ئابووریی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا هەیە

**بووژانەوەی بازاڕەکانی کوردستان و دەستپێکردنی جموجوڵی بازرگانان و پیشەسازیکاران لە گرنگترین نیشانەکانی ئاساییبوونەوەی دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستانە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ هەڵکشانی جموجوڵی بازرگانی و گۆڕینەوەی کاڵا و بەرهەمەکانی کەرتی پیشەسازیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شارەکانی عێراقدا؛ بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی بازرگانی و پیشەسازی و بەهێزکردنی ئەم پەیوەندییانە گۆڤاری گوڵان ئەم دیدارەی لەگەڵ دارا جەلیل خەیات سەرۆکی یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازیی کوردستان سازدا.**

*** ئێوە لە یەکێتی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازیی کوردستان و وەکو نوێنەری بازرگانان و پیشەسازیکارانی کوردستان چۆن دەڕواننە ڕەوشی ئابووری و جووڵەی بازاڕ و بارودۆخەکە بە گشتی لەعێراق و کوردستان چۆن دەبینن؟**

- عێراق و کوردستان وڵات و هەرێمێکی دەوڵەمەندە و خاوەنی سەدان سامانی سرووشتیی ژێر زەوی و سەر زەوییە، کە لەگەڵ قووڵایی مێژووی شارستانیەت و جیوسیاسیی وڵاتەکە و پێگەی بەهێزی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان و عێراق، بنەمایەکی زیاتری بەخشیوە بەم فاکتەرە گرنگانەی گەشەکردن. خۆ ئەگەر ڕەوشی نالەباری سیاسی و نائارامی و ناسەقامگیری لە عێراق نەبووایە و پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و کوردستان بەهێزتر بووایە، من لەو بڕوایەدام بەئاسانی دەمانتوانی زاڵ بین بە سەر شوێنەوارەکانی قەیرانە سەختەکانی دارایی و دابەزینی بەهای نەوت و کۆرۆنا و ڕووبەڕووی هەموو ئەو تەحەددایانەش ببووینایەتەوە کە دەهاتە بەردەم گەشەکردنی کەرتە ئابوورییەکان و باشکردنی بارودۆخی ئابووری و بژێوی ژیانی هاووڵاتیان، من ناڵێم دابەزینی بەهای نەوت بە تایبەتی بەو شێوەیەی ساڵی ٢٠٢٠ و یان شوێنەوارە مەترسییەکانی کۆرۆنا کە ئابووریی وڵاتە گەورە و پیشەسازییەکانی دنیای هەژاند، کاریگەریی لەسەر ئێمەش نەدەبوو، بەڵام خۆ دەمانتوانی شوێنەوارەکانی لە سەر ئابووری و داهاتی وڵات و بارووبژێوی هاووڵاتیان کەم بکەینەوە، بە تەئکید لەم ڕووەوە کۆمەڵێك بەربەست و ئاستەنگیش لە نێوان ئاساییبوونەوە و پێشخستنی پەیوەندییەکان هەیە، کە ئێمە بە لەمپەرەکانی بەردەم ڕەوشی بازرگانی و پیشەسازییان دادەنێین، بەڵام بە پاڵپشتی ڕێزداران سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو نیشتمانپەروەرانەی عێراقیش کە کار بۆ باشکردنی ڕەوشی ئابووری و ژیانی هاووڵاتیان دەکەن، ئەم بارودۆخە خراپ و ناهەموارانە تێدەپەڕێنین و عێراق و هەرێمی کوردستانیش پێگە ڕاستەقینەکەی خۆیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان دەگەڕێتەوە دۆخی جارانیان. ئێمە وەکو نوێنەرانی بازرگانان و پیشەسازیکاران لە کوردستان ئومێدمان زۆرە بەتایبەتی دوای تێپەڕبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی هێمن و ئاسایی بەوەی لایەنە سیاسییەکان لەسەر پێکهێنانی حکومەتی عێراق ڕێکبکەون و، حکومەتێك دابمەزرێت هەموو پێکهاتە و لایەنەکان لەخۆ بگرێت و، خۆیان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ ئامادە بکەن و، بودجەیەکی ڕێکوپێك دابنرێت و، مافە دەستووری و یاسایی و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان زامن بکرێت. بەرزبوونەوەی بەهای نەوت لایەنێکی هاوکارە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بۆ ساڵی ٢٠٢٢ بۆ یەکەمین جار عێراق بودجەیەکی بێ کورتهێنانی هەبێت و، لەو بودجەیەش پشکی ڕاستەقینەی مافەکانی گەلی کوردستان دابین

**بە پاڵپشتی ڕێزداران سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو نیشتمانپەروەرانەی عێراقیش کە کار بۆ باشکردنی ڕەوشی ئابووری و ژیانی هاووڵاتیان دەکەن، ئەم بارودۆخە خراپ و ناهەموارانە تێدەپەڕێنین**

**بەرزبوونەوەی بەهای نەوت لایەنێکی هاوکارە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بۆ ساڵی ٢٠٢٢ بۆ یەکەمین جار عێراق بودجەیەکی بێ کورتهێنانی هەبێت و، لەو بودجەیەش پشکی ڕاستەقینەی مافەکانی گەلی کوردستان دابین بکرێت**

**یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی عێراق بە گشتی زیاتر لە ٨٠٠ هەزار ئەندامی هەیە، ئەمەش ژمارەیەکی زۆری بازرگان و پیشەسازیکارو کۆمپانیایە، کە نەک تەنیا بۆ ئێمە بەڵکو بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش جێگای بایەخ و گرنگییە**

**لە ئێستادا زیاتر لە٦٠٪ی کەلوپەل و کاڵای دەروازە سنوورییەکانی کوردستان بۆ شارەکانی عێراق دەچێت**

**عێراق هەناردەیەکی گرنگی نەوتە و ٩٥٪ی داهاتەکەی پشتی بە پترۆ دۆلار بەستووە و بەشێکی زۆری ئەم نەوتە بە ڕێگای بەندەری جیهانی تورکیا دەچێتە دەرەوە**

بکرێت. بەو داهاتە بەرزەی نرخی نەوت و سەقامگیری لە ناوخۆی عێراق و باشکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و کوردستان دەتوانین بڵێین جووڵەیەکی بازرگانی و پیشەسازیی و وەبەرهێنانی باش دەست پێ دەکات و خێر و خۆشی ڕوو لە گەلانی عێراق و کوردستانیش دەکات.

*** باسی هەرێمی کوردستانت کرد، هەموان دەزانن بارودۆخی ئابووری لە چەند ساڵی ڕابردوودا باش نەبووە و کاریگەریی خراپی لەسەر بزنسکار و سەرمایەدار و وەبەرهێنەرانیش هەبووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا چەندین کاروچاکسازیی دەست پێ کردووە، ئایا تاچەند ئەم هەنگاوانە بۆ دەربازبوونی تەواو لە قەیرانی دارایی و ئاساییبوونەوەی دۆخی دارایی و ئابووریی هەرێم گرنگن؟**

- ڕێکخستنەوەی داهاتەکان بەتایبەتی چاکسازیی لە داهاتی نەوت و کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان کارێکی باشە، بەڵام دەبێت بە پلان و بەرنامە و گفتوگۆ و ڕاوەرگرتن بێت لەگەڵ چین و توێژەکان، بە تایبەتی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئابووری لە حکومەت و کەرتی تایبەت و نوێنەر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەکادیمی و ئابووریناسان و وەبەرهێنەران و چەندین چین و توێژی دیکە، چونکە دواجار تۆ چاکسازیی بۆ بابەتێك دەکەیت کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە هەموانەوە هەیە، دەستخۆشی لە هەوڵەکانی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم و ئومێدەوارم تیمەکەی و وەزارەتەکانیش لەئاست ئەو ڕوئیا و ئامانجانەدا بن و هەمووان پێکەوە کارێکی وا بکەین کە جارێکی دیکە دوچاری قەیرانێکی وا سەختی دارایی و ئابووری نەبین.

*** یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی عێراق ڕێکخراوێکی گەورە و فراوانە، تاچەند ئێوە لەگەڵ ئەم ژوورەدا پەیوەندیی بەهێزتان هەیە؟**

- من خۆم جێگری سەرۆکی یەکێتیی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازیی عێراقم، یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی عێراق بە گشتی زیاتر لە ٨٠٠ هەزار ئەندامی هەیە، ئەمەش ژمارەیەکی زۆری بازرگان و پیشەسازیکارو کۆمپانیایە، کە نەك تەنیا بۆ ئێمە بەڵکو بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش جێگای بایەخ و گرنگییە، ئێمە بە گەورەترین دەزگای پیشەیی دایدەنێین و دەسەڵاتی بە سەر زۆر کۆمپانیا و پیشە و بازرگان و سەرمایەدار و وەبەرهێنەرانیش هەیە، ئەمڕۆ کەرتی تایبەت ڕۆڵی گەورەی هەیە لەسەر ئاستی ئابووری و باروبڕێوی ژیانی هاووڵاتیان، ئەم واقیعە لە هەموو جیهان وایە کەرتی تایبەت ڕەوڕەوەی سەرەکی و گرنگی ئابووری و پێشکەوتنی گەورە وڵاتانی جیهانە، تەنانەت لە وڵاتانی گەورەی سۆشیالیستی ئەم سەردەمەشدا، جگە لە چەند وڵاتێکی کەمی لاوازی ئابووری نەبێت لە هەموو وڵاتانی جیهان کەرتی تایبەتە دەتوانێت وڵات بەرەو پێشەوە بەرێت و، ڕووبەڕووی تەحەددا گەورە و لەناکاو و کتوپڕەکانی ئەم سەردەمە ببێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە لە یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزمان لەگەڵ یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی عێراق هەیە.

*** بەهێزبوونی ئەم پەیوەندییەی نێوان هەردوو یەکێتیی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی کوردستان و عێراق لە بواری گەیشتن بە تەکامولی ئابووری و زیادبوونی ئاڵوێری بازرگانی چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، چونکە دواجار دەبێت پەیوەندیی ئابووری و بازرگانی لە بەرژەوەندیی هەردوو لا بێت، لە ئێستادا زیاتر لە٦٠٪ی کەلوپەل و کاڵای دەروازە سنوورییەکانی کوردستان بۆ شارەکانی عێراق دەچێت، ئێمە خاوەنی چەندین دەرگای بەهێزی ئابووری و بازرگانین لەگەڵ هەردوو وڵاتی دراوسێی تورکیا و ئێران، بە تایبەتی تورکیا کە بەندەرەکانی لە ڕێگەی دەریاوە بە سەر هەموو بەندەرەکانی وڵاتانی جیهانی پێشکەوتووی ئەوروپا و ئەمریکا و جیهانی دەرەوەش واڵایە، ئەم بەندەرانەی تورکیا بۆ ئێمە لە ڕووی کەمیی تێچوونی گواستنەوە و نزیکی لە ئەوروپای پێشکەوتوو زۆر گرنگە، تەنانەت پەیوەندییەکانی کوردستان و عێراق لەگەڵ

تورکیا پەیوەندیی ستراتیژیی و مێژوویە و قووڵاییەکی بەهێزی بەرژەوەندیی ئابووری بۆ هەردوو لا هەیە، چونکە عێراق هەناردەیەکی گرنگی نەوتە و ٩٥٪ی داهاتەکەی پشتی بە پترۆ دۆلار بەستووە و بەشێکی زۆری ئەم نەوتە بە ڕێگای بەندەری جیهانی تورکیا دەچێتە دەرەوە، تورکیاش کاڵا و کەلوپەلێکی هەرزان و خێرا و بەتێچوونێکی کەم داخڵ بە عێراق دەکات، تورکیا تەنانەت لە کاتی ڕیفراندۆمەکەدا دەروازە سنوورییەکانی بە سەر هەرێمی کوردستاندا دانەخست، ئەم پەیوەندییانەی بازرگانی و پیشەسازیی لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بۆ ساڵانی هەشتاکان دەگەڕێتەوە و، مێژوویەکی زۆر کۆنتریشی هەیە و بۆ ڕێگای ئاوریشم دەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەوە ئێمە سوود لە بەندەر و دەروازە سنوورییەکانی عێراقیش وەردەگرین کە لە وڵاتانی کەنداو و ئاسیا نزیکمان دەکاتەوە. یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی کوردستان کە سەرۆك بارزانی ڕۆڵی گەورەی تێدا بووە، پەیوەندیی باشە لەگەڵ سەرجەم وڵاتان، ئەمەش وای کردووە، کوردستانێکی ئارام و بەهێز و سەقامگیر لە بەرژەوەندیی هەمووواندا بێت و، هانی بازرگان و پیشەسازیکارانیان بدەن ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن و، هەولێری پایتەختی کوردستان پێگەیەکی گرنگی لە نەخشەی بازرگانی و ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا هەبێت.

*** گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران و دابەزینی بەهای دراوی وڵاتانی دراوسێ تاچەند کاریگەریی لەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستانیش دەکات؟**

- ئێمە هەرگیز حەزمان لە ماڵوێرانی کەس نەکردووە و لەو بڕوایەداین بەرژەوەندیی ئابووریی هاوبەش و سەقامگیری، ئابووری و دارایی باشتر دروست دەکات، کورد لە ڕۆژە سەختەکاندا بەوە ناسراوە فریای هەمووان کەوتووە، ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە جێگای یەك ملیۆن و نیو ئاوارە و پەناهەندەمان کردەوە و کە تا ئێستاش خەڵکی لێقەوماو پەناهەندە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، ئێمە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و تورکیا هاوسەنگ ڕاگرتووە، بەرژەوەندیی هاوبەش پەیوەندیی هاوبەش و بەهێز دروست دەکات. ئومێدەوارین گەلانی ئەو وڵاتانەش دوچاری قەیران وماڵوێرانی نەبن، چونکە تێکچوونی هەر بارودۆخێکی ناوچەکە و جیهان ڕەنگدانەوەی لە سەر ئێمەش بە سلبی دەبێت نەك بە ئیجابی. جووڵەی بازرگانیی ئێمە تەنیا لەگەڵ ئێران نییە، بەڵکو لە ڕێگەی ئێرانەوە لەگەڵ وڵاتێکی زۆری ڕۆژهەڵاتیش ئاڵوێری بازرگانیمان هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتی چین، سیاسەتی زۆربوونی ژمارەی دەروازە سنوورییەکان و زیادبوونی ئاڵوێری بازرگانی و پیشەسازیی لەگەڵ زۆربەی وڵاتان سیاسەتێکی باش و سەقامگیرە، ڕاستە ئەگەر نەوتی لێ دەربکەین، ئێمە هەناردەمان کەمە، بەڵام ئێمە پێمان وایە هەرێمی کوردستان لە ماوەیەکی نزیکدا دەبێتە ناوەندێکی گرنگی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و هەندێك بەرهەمی پیشەسازییش.

*** پەیوەندییەکانی نێوان بازرگانان و پیشەسازیکارانی کوردستان لەگەڵ هاوپیشە و چین و توێژەکانی دیکەی عێراقدا لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییە بەهێزتر بکرێت؟**

- پەیوەندیی نێوان یەکێتیی ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی کوردستان لەگەڵ هاو ژوورەکەی و سەرجەم ڕێکخراو و کۆمەڵە و سەندیکا پەیوەندارەکانی هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکان، ئێمە پێشتریش ڕێگامان نەدا، ئەم پەیوەندییانە کەلێنی تێبکەوێت و، لە ساڵی ٢٠٢٠ هەموو سەرۆك ژووره بازرگانی و پیشەسازییەکانی پارێزگاکانی عێراقمان لە هەولێر پێشوازیی لێ کردو کۆبوونەوەیەکی باش و گرنگمان ئەنجام دا و ڕاسپاردەی گرنگیشی لێ کەوتەوە، بەتایبەتی کارئاسانی و هەڵگرتنی هەموو ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی دێتە بەردەم ڕەوشی بازرگانی و پیشەسازی، ئامانجی سەرەکییش لەم پەیوەندییانە بەرزکردنەوەی قەبارە و ڕێژەی کاروباری ئاڵوێری بازرگانی و بەهێزکردنی پەیوەندی پیشەسازییە، ئاسابیبوونەوەی پەیوەندیی سیاسی و سەقامگیری و ئارامی و دواتر کارئاسانی و پاڵپشتی لە بەرهەمی خۆماڵیی هەردوولا، هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکان.

**تورکیا تەنانەت لە کاتی ڕیفراندۆمەکەدا دەروازە سنوورییەکانی بە سەر هەرێمی کوردستاندا دانەخست، ئەم پەیوەندییانەی بازرگانی و پیشەسازیی لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بۆ ساڵانی هەشتاکان دەگەڕێتەوە**

**یەکێک لەخاڵە بەهێزەکانی کوردستان کە سەرۆک بارزانی ڕۆڵی گەورەی تێدا بووە، پەیوەندیی باشە لەگەڵ سەرجەم وڵاتان، ئەمەش وای کردووە، کوردستانێکی ئارام و بەهێز و سەقامگیر لە بەرژەوەندیی هەمووواندا بێت**

**کورد لە ڕۆژە سەختەکاندا بەوە ناسراوە فریای هەمووان کەوتووە، ئەوەندە بەسە بۆ ئێمە جێگای یەک ملیۆن و نیو ئاوارە و پەناهەندەمان کردووە و کە تا ئێستاش خەڵکی لێقەوماو پەناهەندە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن**

# دیمانەی تایبەت



کریستوفەر فێتەوێس پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی تۆلەین و شارەزا و تایبەتمەند و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاسایشی نێودەوڵەتی و چەکی کۆمەڵکوژ. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیدارەی جۆ بایدن لە ئاست هەندێ کێشە و پرسی دیاریکراوی ئەم ناوچەیە، بە تایبەتی پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران.

کریستوفەر فێتەوێس
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی تۆلەین بۆ گوڵان:

# بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بەوەیە لایەنەکان بە گیانی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە بکەن

*** هەروەك دەزانن ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین کێشە و تەنگژە و قەیرانی سەختەوە دەناڵێنێت، ئایا ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانە چین کە زۆرترین نیگەرانیان لای ئێوە دروست کردووە؟**

- لە ڕاستیدا چەندین تەوژم و پێشهاتی نیگەرانکار هەن، من تا ڕادەیەك نیگەرانم لە بارەی گفتوگۆکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێرانەوە لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئەو وڵاتەوە، چونکە من لە سەرەتادا متمانەی ئەوەم هەبوو کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێراندا واژۆ دەکات، بەڵام ئێمە دەبینین ناو بە ناو سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل زانیارییەك، یان لێدوانێك دەدات و، باس لە ئەگەر و ئامادەیی شەڕ دەکات لەگەڵ ئێراندا، هەرچەندە من پێم وایە ئەمانە هەر تەنیا لە قاڵبی قسە و لێدواندا دەمێننەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆی هەیە ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی هەڵە و خراپدا بڕۆن. هەرچەندە ڕەنگە ئەم نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەی منیش لەو ڕووەوە بێت کە من وانەی تایبەت بە پرسی چەکی ئەتۆمی دەڵێمەوە.

*** بەڵام هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونیەوە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن گوزارشتی لە پێداگری و پەرۆشیی خۆی کرد بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ ئێران و دووبارە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ساڵی ٢٠١٥ یان گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ لەم بارەیەوە، ئایا دەکرێت هیچ هەنگاوێکی بنیاتنانی متمانە لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا بگیرێتەبەر لەم ڕووەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بێ متمانەییەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا لە ئارادایە؟**

**ناو بە ناو سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل زانیارییەك، یان لێدوانێك دەدات و، باس لە ئەگەر و ئامادەیی شەڕ دەکات لەگەڵ ئێراندا، هەرچەندە من پێم وایە ئەمانە هەر تەنیا لە قاڵبی قسە و لێدواندا دەمێننەوە**

**ناتوانم گلەیی لە ئێران بکەم ئەگەر متمانە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەکات، دوای ئەوەی ئیدارەی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە**

**ئێمە بە دڵنیاییەوە پشتیوانیی ئێران بۆ گرووپە میلیشیاکانی نێو عێراق ڕەت دەکەینەوە**

**هەر کاتێک ئێمە سزا و ئابلۆقەی ئابووریمان بەسەر وڵاتێکدا سەپاند، ئەوا بە پلەی یەک کاریگەریی ئەم سزایانە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت دەگرێتەوە**

- من ئومێد دەکەم بتوانرێت هەنگاوی لەم چەشنە هەڵبگیرێت و هەردوولا بەم ئاراستەیەدا کار بکەن، من دەزانم پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکان هەندێ لە لێدوان و هەڵوێستوەرگرتن هەبوو و باس لەوە دەکرا کە ئێران پتر پەرەی بە پیتاندنی یۆرانیۆم داوە، بەڵام ڕەنگە هەموو ئەمانە بچنە خانەی هەوڵەکانی هەردوولا بۆ باشترکردن و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە گفتوگۆکاندا. دواتر من ناتوانم گلەیی لە ئێران بکەم ئەگەر متمانە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەکات، دوای ئەوەی ئیدارەی پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە، چونکە پێشتر کەسایەتییە سەختگیرەکانی ئێران بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ناتوانرێت متمانە بە هەڵوێست و بەڵێن و پابەندبوونەکانی ئەمریکا بکرێت و، ئەم هەڵوێستەی ترەمپیش بۆچوونەکەی ئەوانی پشتڕاست کردەوە. هەر چۆنێك بێت، ئێستا سەرۆك جۆ بایدن دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنەکە، بەڵام چی دەبێت، ئەگەر بێت و لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢٤ کەسێکی دژ بە ڕێککەوتنەکە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟ کەواتە ئێران مافی خۆیەتی داوای زەمانەتی زیاتر پابەندبوون و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنە بکات. بەڵام من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەندێ فشار هەیە بۆ ئەوەی کارێکی گەمژانە دژ بە ئێران ئەنجام بدرێت، ئەگەر هات و گفتوگۆکان شکستیان هێنا و دەرئەنجامی خوازراویان لێ نەکەوتەوە. لەبەر ئەوە من ئومێدەوارم هەموو لایەك بە گیانی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکەن.

*** بەڵام ئایا پێت وایە کێشەکە تەنیا لەسەر گەڕانەوەیە بۆ ڕێککەوتنەکەی پێشوو، یان ناکۆکییەکە پەیوەستە بە هێنانەئارای ڕێککەوتنێکی نوێیەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە ئاشکرایە کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن باسی لەوە کردووە کە خوازیاری هێنانەئارای ڕێککەوتنێکی نوێیە کە تەنیا پەیوەست نەبێت بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، بەڵکو پرسەکانی دیکەی پەیوەست بە پرۆگرامی مووشەکیی ئێران و دەستێوەردانی ئەم وڵاتە لە کاروبارە ناوخۆییەکانی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا، وەك عێراق، بگرێتەوە، بەڵام دەکرێت هەموو ئەمانە لە چوارچێوە و لە خانەی هەوڵەکان بۆ باشترکردنی پێگەی گفتوگۆ هەژمار بکرێت. چونکە بە باوەڕی من گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنەکەی ساڵی ٢٠١٥ لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدایە کە دەبێتە هۆی هەڵگرتنی سزاکان لە سەر ئێران و باشتربوونی ئابووریی ئەو وڵاتە و کەمکردنەوەی نەهامەتی و ئێش و ئازاری گەلی ئێرانی و گەڕانەوەی ئێرانیش بۆ ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندیی ئەمریکادایە. بەڵام من دووپاتی دەکەمەوە کە ئێران مافی خۆیەتی بە گومانەوە لە نیازی ئەمریکا بڕوانێت، ئێمە پێشتر کارێکی گەمژانەمان کرد بە کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە و دەکرێت جارێکی دیکەش ئەمە دووبارە بکەینەوە.

*** بەڵام چۆن لە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا دەڕوانیت؟ ئایا پێت وایە ئێران کێشە بۆ ئەم وڵاتانە دروست دەکات، یان دەکرێت بەشێك لە چارەسەر بێت؟**

- من پێم وا نییە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئێران هیچ جیاوازییەکی هەبێت لەگەڵ ڕەفتاری هەر دەوڵەتێکی دیکەی جیهان، واتە ئەم وڵاتەش بایەخ بە ڕووداو و پێشهاتەکانی دەوروبەری دەدات و، پشتیوانی لە دۆست و هاوپەیمانەکانی دەکات. ئەگەر تۆ کەسێك بیت و لە ئێران بژیت، ئەوا نیگەرانی لە بارەی ئەمریکاوە، چونکە ئەمریکا هێرشی کردووەتە سەر دراوسێی ڕۆژهەڵات و دراوسێی ڕۆژئاوات. بەڵام پێم وانییە ئێران داگیرکاری بۆ هیچ یەکێك لەم وڵاتانە بکات، کەواتە ئێرانیش بە چەشنی هەر وڵاتێکی دیکە دەیەوێت کاریگەری و دەستڕۆیشتویی لەسەر دەوروبەری خۆی هەبێت. بە دڵنیاییەوە ئەمە بەو مانایە نایەت کە دەبێت ئێمە ڕەفتارەکانی ئێرانمان بەلاوە پەسەند بێت، خەڵکی عێراقیش ناچار نییە پەسەندی بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمە بە مانای ئەوەش نییە کە دەبێت وەك هێزێکی گەورەی شەڕانگێز لە ئێران بڕوانین، بەڵکو لە زۆر ڕووەوە ئەو وڵاتە ڕکابەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، بە دڵنیاییەوە ئێمە پشتیوانیی ئێران بۆ گرووپە میلیشیاکانی نێو



عێراق ڕەتدەکەینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بپرسین: ئایا ئێران هێزێکی شەڕانگێزی گەورەیە، یان وڵاتێکە و چەشنی هەر وڵاتێکی ئاسایی دیکە لە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆیدایە، کە من پێم وایە دەبێت تێڕوانینی ئێمە لەگەڵ بۆچونی دووەمدا بێت و، وەك وڵاتێك لە ئێران بڕوانین کە کۆشش دەکات بۆ بەدیهێنان و بەرەودان بە بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەڵام ئێمە ناکۆکیمان هەیە لەگەڵیدا. چونکە کێشەکە لەو کاتەدا دروست دەبێت، کە ئەگەر ئێمە وەك هێزێکی شەڕانگێز لێی بڕوانین، لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا ئێمە ناتوانین گفتوگۆی لەگەڵدا بکەین، بەڵکو دەبێت تێکیبشکێنین و لە ناوی ببەین، کەواتە تێڕوانین و ڕێگاچارەی ڕاست ئەوەیە کە ئێمە وەك وڵاتێکی ئاسایی لە ئێران بڕوانین کە ناکۆکیی گەورەمان لەگەڵیدا هەیە، بەڵام دەتوانین گفتوگۆی لەگەڵدا بکەین و بگەینە ڕێککەوتن لەگەڵیدا.

*** بۆچون و تێڕوانینی ئێوە چییە لە بارەی بەکارهێنانی سزا و گوشارە دارایی و ئابوورییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە تایبەتی کە ئەم ڕێگاچارەیەی لە پرسی پەیوەست بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا بەکار هێناوە، ئێوە چۆن لە دەرئەنجام و کاریگەرییەکانی دەڕوانن؟**

- من پێم وایە کێشەکە لەوەدایە ئەمریکا زۆر بە ئاسانی پەنا بۆ بەکارهێنان و گرتنەبەری ئەم ڕێگاچارەیە دەبات، هەروەها دەبێت هەمیشە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە هەر کاتێك ئێمە سزا و ئابڵوقەی ئابووریمان بەسەر وڵاتێکدا سەپاند، ئەوا بە پلەی یەك کاریگەریی ئەم سزایانە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت دەگرێتەوە و، ئەوان زیاتر ئێش و ئازار دەچێژن. ڕاستە هەندێ کەس باس لەوە دەکەن کە ئەمە بەدیلێکە بۆ پەنابردنەبەر شەڕ، بەڵام دەبێت ئەوەشیان لە یاد بێت، کە ئەمەش کاریگەری و ئاکامی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. چونکە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، کە ئەوە گەلی ئێرانە بە چەشنی گەلی عێراق لە سەردەمی سەددام حوسێن و لە کاتی ئابڵوقە ئابوورییەکەی سەر ئەو وڵاتەدا کە دوچاری نەهامەتی دەبنەوە، چونکە حوکمڕانەکانی وڵات پارەی پێویستیان لە بەردەستدایە و دەسەڵاتیشیان بەدەستەوەیە، ئەم سزایانەش نابنە هۆی گۆڕینی بڕیاری حوکمڕانەکانی ئەو وڵاتە، ئەوەتا لە ساڵی ١٩٥٩وە سزامان بە سەر وڵاتی کووبادا سەپاندووە، کەچی هێشتا حکومەتی ئەو وڵاتە لە دەسەڵاتدایە، بەڵام خەڵکی ئەو وڵاتە دوچاری هەژاری بوونەتەوە. دواتر ئێمە دەبێت بزانین کە لە جیهانێکدا دەژین ئابوورییەکان پێکەوە گرێدراون و گۆشەگیرکردن و گوشارکردنی ئابووری بۆ سەر هەر وڵاتێك، زیاتر ئازاری هەژارەکان دەدات. کەواتە پوختەی قسەکە ئەوەیە کە نابێت بە خێرایی پەنا بۆ سەپاندنی سزا و گوشاری ئابووری ببەین، هەرچەندە ڕەنگە هەندێ جار کارێکی پێویست بێت.

# دیمانەی تایبەت



جەیمس لیبۆڤیج پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتییەکانە لە سکوولی ئیلیوت بۆ کاروباری نێودەوڵەتیی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك: پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسایشی نێودەوڵەتی، ناکۆکیی نێودەوڵەتی و دارشتنی سیاسەتی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی. دوایین کتێبی پەیوەست بە توێژینەوە لە بارەی شەڕەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام و عێراق و ئەفغانستان بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد لە بارەی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەت و هەڵوێستی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست کێشە و تەنگژەکانی ئەم ناوچەیەوە.

جەیمس لیبۆڤیج
پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتیی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن بۆ گوڵان:

# هێشتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست کێشە بنەڕەتییەکانی دەیان ساڵ پێش ئێستاوە گرفتارە

*** هەروەك دەزانن ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام لە کێشە و تەنگژەدایە و چەندین دەستێوەردان و دەستڕۆیشتوویی دەرەکییش هەن، کە بوونەتە هۆی ئاڵۆزکردنی زیاتری بارودۆخەکە، ئێوە چۆن لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن؟**

- ئەمە بەندە بەوەی کە سنووری ئەو ناوچەیە دیاری بکەین کە پێی دەوترێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی وڵاتی ئەفغانستان بکەین، بە هەمان شێوە دەکرێت بڵێین هێشتا بوونی داعش لە ئەفغانستان و سووریا و لە ئێستاشدا لە عێراق کێشەیەکە و ڕووبەڕووی ئەم ناوچەیە بووەتەوە. ڕەنگە لەم ڕووەوە بوترێت کە هەمان ئەو کێشە بنەڕەتییانەی کە بۆ چەندین سەدەیە ڕووبەڕووی ئەم ناوچەیە بوونەتەوە، لە ئێستاشدا بەردەوامی و درێژەیان هەیە و، ناوچەکەیان دوچاری بارێکی ناهەموار و نالەبار کردووەتەوە. لەلایەکی دیکەوە دەسەڵات و حکومەتە خۆسەپێنەکان هەن لەم ناوچەیەدا کە نەیانتوانیوە وەك پێویست خواست و پێداویستییەکانی هاووڵاتییەکانیان بەدی بهێنن، لە هەمان کاتدا پارسەنگێکی بەهێزی ناوخۆیی نییە لە بەرامبەر ئەم حکومەتانەدا، دووپاتیشی دەکەمەوە کە بە هۆی لاوازیی هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو ناوچانەدا کێشەی تیرۆریزم هەیە و بەرەو هەڵکشان دەچێت، بۆ نموونە لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقدا. بە هەمان شێوە نائارامی و ناسەقامگیری هەیە و بەدی دەکرێت لە باکووری ئەفریقا، بۆ نموونە بەم دواییە لە لیبیادا هەوڵی پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو درا، بەڵام هێشتا ناسەقامگیری باڵی بە سەر ئەو وڵاتەدا کێشاوە. خۆ ئەگەر بێت و لە کێشە و ناکۆکیی فەلەستین بڕوانین، ئەوا ئاشتییەکی

**بە هۆی لاوازیی هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو ناوچانەدا کێشەی تیرۆریزم هەیە و بەرەو هەڵکشان دەچێت**

ناجێگیر لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا هەیە، ئەوەتا ئاگربەستێکی لەرزۆك لە نێوان ئیسرائیل و حەماسدا هەیە، کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بینیمان کە چۆن دەکرێت بە ئاسانی بارودۆخەکە دابڕووخێت. ئەگەر بێت و سەیری بارودۆخی لوبنان بکەین، ئەوا هەلومەرجێکی نالەبار هەیە و نادڵنیایی باڵی بە سەر بارودۆخەکەدا کێشاوە. لەلایەکی دیکەوە ئێران لە هەوڵ و کۆششدایە بۆ بەرفراوانکردنی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویەکانی لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە وڵاتانی لوبنان و سووریادا، کە ئاشکرایە ئیسرائیل ئامانج و دەستڕۆیشتوویەکانی ئێران بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی لە قەڵەم دەدات، کە بینیمان لەم ڕووەوە ئێران دۆزێکی هاوبەشی لە نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتانی پاشانشینی، بە تایبەتی لە ناوچەی کەنداودا دروست کردووە، کە ئەمەش هاوپەیمانێتییەکە دەبێت چاودێری بکەین و بزانین بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، بە تایبەتی کە هەڕەشەی ئێران گۆڕانکاری بەسەردا بێت بە تێپەڕبوونی کات. کەواتە ئەگەر من قسەکانم پوخت بکەمەوە، ئەوا ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت دۆخێکی زۆر ناجێگیر و ناسەقامگیرە، کە بۆی هەیە زۆر بە خێرایی گۆڕانکاری بەسەردا بێت و لە ئەنجامدا قەیران و تەنگژە دروست بێت و بێتەئاراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینین دۆخەکە بە ڕاددەیەکی گەورە وەك خۆی بەردەوامە، واتە دەکرێت هەندێ پەرەسەندن ڕوو بدەن، بەڵام ئاراستە سەرەکییەکان هەر وەك خۆیان درێژەیان هەیە و بەردەوامن.

*** بەڵام بە تێڕوانینی ئێوە بۆچی پێدەچێت ئەم ناوچەیە گیرۆدەی دەستی ئەم کێشانە بێت و نەتوانێت خۆی ڕزگار بکات لێیان؟ بە واتایەکی دیکە بۆچی ناتوانێت ئەم بازنە بشکێنێت و بەرەو ئایندەیەکی باش و ئارام هەنگاو بنێت؟**

- لە ڕاستیدا چەندین هۆکار بەرپرسن لە دروستبوون و هاتنەئارای ئەو حاڵەت و بارودۆخەی ئێوە ئاماژەیان پێ دەکەن، دەکرێت هۆکاری سیاسی و هۆکاری ئایینی بن و، دەکرێت هۆکاری کەلتووریش بن، واتە چەندین هۆکار و فاکتەری جۆراوجۆر هەن. ئەوەتا دەبینین دابەشبوونی ئیتنی لەم ناوچەیەدا هەیە، هەروەها دابەشبوونی تایفەگەری وەك ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە، بە تایبەتی ئەمە لە سووریا و عێراقدا بەدی دەکرێت. هەروەها کێشە و ناکۆکی لە نێوان گەلانی ناوچەکە و حکومەتەکانیاندا هەیە، کە گەلانی ئەم ناوچەیە خوازیاری ئازادییەکی زیاترن، بۆ نموونە لە میسر، وەك پێویست بواری گوزارشتکردنیان لە ئازادییەکانیان پێ نادرێت. هەروەها نابێت دابەشبوونی نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکانمان لە یاد بچێت، واتە ئەم دۆخە ڕەهەندێکی ئابووریشی هەیە، کە تەنانەت ئەم کێشەی لە وڵاتە پاشانشینە دەوڵەمەند بە نەوتیشدا بەدی دەکرێت، کە دەبینین خەڵکانێك هەن، وەك پێویست بەهرەمەند نابن لە داهاتی نەوت و لە دەوڵەمەندیی وڵاتەکە. کەواتە لە زۆر ڕووەوە ئەم ناوچەیە لە ڕابردوو و لە کەلتووری خۆیدا گیری خواردووە.

*** ئەگەر بە دیاریکراوی باسی هەندێ لە کێشەکانی ئەم ناوچەیە بکەین و، ئاماژە بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بکەین لە بارەیانەوە، ئەوا دەخوازین ڕا و بۆچوونی ئێوە بزانین لە بارەی کێشە و ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و ئێران لە بارەی پرسی پرۆگرامی ئەتۆمیی وڵاتی ئێرانەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئیدارەی جۆ بایدن لە بارێك، یان پێگەیەکی باشی گفتوگۆکردندا نییە، چونکە ئێمە دەزانین کە پێشتر ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما- کە لەو کاتەدا جۆ بایدن جێگری سەرۆك بوو- ڕێککەوتنەکە واژۆ کرا، بەڵام دواتر ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هات و تاکلایەنە لەم ڕێککەوتنە کشایەوە و، دەستی لە پابەندبوونەکانی خۆی هەڵگرت لەم ڕووەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تۆمەتی پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکە ڕووبەڕووی ئەمریکا بکرێتەوە. ئەوە بوو سزا و گوشاری ئابووری و دارایی زیاتر بە سەر ئێراندا سەپێندرا، کە تەنیا بوونە هۆی ئاڵۆزکردن و خراپترکردنی زیاتری بارودۆخەکە، ئەوە بوو لە دەرئەنجامدا و لە میانەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێراندا کاندیدی ئەو لایەنانە سەرکەوت کە هەڵوێستی سەختیان لە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە، ئەمەش دوودڵییەکی لای ئێرانییەکان دروست کردووە لە بەرامبەر گفتوگۆکاندا بە لەبەرچاوگرتنی

**ئیسرائیل ئامانج و دەستڕۆیشتوویەکانی ئێران بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی لە قەڵەم دەدات**

**دابەشبوونی ئیتنی لەم ناوچەیەدا هەیە، هەروەها دابەشبوونی تایفەگەری وەك ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە، بە تایبەتی ئەمە لە سووریا و عێراقدا بەدی دەکرێت**

**ئەم کێشەی لە وڵاتە پاشانشینە دەوڵەمەند بە نەوتیشدا بەدی دەکرێت، کە دەبینین خەڵکانێك هەن، وەك پێویست بەهرەمەند نابن لە داهاتی نەوت و لە دەوڵەمەندیی وڵاتەکە**

**لە میانەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئێراندا کاندیدی ئەو لایەنانە سەرکەوت کە هەڵوێستی سەختیان لە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەیە**



ئەوەی کە ئیدارەی پێشووی ئەمریکا لەم ڕێککەوتنە کشایەوە. هەر ئەمەش وای کردووە کە ئێرانییەکان ئامادە نەبن بچنە گفتوگۆی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەم ڕووەوە تەنیا گفتوگۆی گشتی دەکەن لە بارەی ئەو مەرجانەی کە پێیان وایە قابیلی قبووڵکردنن، ئێستاش کێشەکە ئەوەیە ئایا کام لەم دوو ولایەنە (ئێران و ئەمریکا) هەنگاوی یەکەم هەڵبگرێت و ئایا هەر لایەك پێویستە تا چ ئاست و ئەندازەیەك سازش بکات بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێکی نوێ بێتەئاراوە؟ بە دڵنیاییەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر دووبارە پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکەی پێشووەوە بێتەئاراوە، بەڵام لایەنی ئێرانی بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە ئەمە بەس نییە. ڕاستە ئیدارەی سەرۆك بایدن دەتوانێت ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئێراندا بکات کە پێویستی بە ڕەزامەندیی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا نەبێت، بەڵام هەروەك دەزانین لە ئێستادا بایدن لە پێگەیەکی لاوازدایە لە ڕووی ناوخۆییەوە و لە ڕووی سیاسییەوە و ڕاپرسییەکانی ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەیەکی کەمی ڕای گشتی ئەمریکا پشتیوانی دەکەن، خۆ ئەگەر ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە هاووڵاتییانی ئەمریکا هێندە بایەخ نادەن بە کێشەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە، لە نێویاندا پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران. لەم ڕووەوە ڕەخنەگرانی بایدن لە ناوخۆی ئەمریکادا دەتوانن هەر دەستکەوتێکی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکەی بە شکست و سازشکردن لە بەرامبەر وڵاتێکی دیکەدا وێنا بکەن، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی بایدن بکەوێتە پێگەیەکی زۆر لاوازی سازشکردنەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنەی لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆبامادا کرا لەگەڵ ئێراندا، خۆ ئەگەر بێت و سازشی زیاتر بکات بۆ ئێران، ئەوا هێندەی دیکە پێگەی خۆی لە ناوخۆدا لاواز دەکات لە بەرامبەر ڕەخنەگرەکانیدا. ئێوە بڕوانن کە چ ڕەخنەیەك ڕووبەڕووی ئیدارەی بایدن کرایەوە لە سەروەختی کشانەوە لە وڵاتی ئەفغانستاندا، ئەگەرچی ئیدارەی پێشووتر- بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ گفتوگۆی لە بارەی ڕێککەوتن و بڕیاری کشانەوە لە ئەفغانستان ئەنجام دابوو، بڕیارەکەش بریتی بوو لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە بەهاری ئەم ساڵدا و تەنانەت سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بڕیاری دا کە لە مانگی کانوونی دووەمدا و پێش جێهێشتنی پۆستی سەرۆکایەتی، هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان بکێشێتەوە، واتە سەرەڕای ئەوەی سەرۆك بایدن کاتی کشانەوەکەشی دواخست، بەڵام ئۆباڵی هەموو ڕووداو و پەرەسەندنەکانی خرایە ئەستۆ و گلەییەکە ڕووبەڕووی ئەو کرایەوە.

**ئەمریکا خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر دووبارە پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکەی پێشووەوە بێتەئاراوە، بەڵام لایەنی ئێرانی بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە ئەمە بەس نییە**



شیروان دووبەردانی
کاندیدی دەرچووی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# بۆ یەکڕیزیی کورد باشترە تێکڕای لایەنە کوردستانییەکان لە یەک هاوپەیمانیدا بن

هەرچەندە تا ئێستا دادگای فیدراڵیی عێراق ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی پەسەند نەکردووە، بەڵام گفتوگۆ و هەوڵەکان دەستیان پێ کردووە بۆ لێکنزیککردنەوەی لایەنەکان و گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لە بارەی پێکهێنانی حکومەتەوە، ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە بابەتی دیدارێکی گوڵان لەگەڵ شیروان دووبەردانی کاندیدی دەرچووی خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەمەش دەقی پرسیار و وەڵامەکانە.

*** پێش ئەوەی باسی پرۆسەی سیاسیی عێراق بکەین، دەمانەوێت باسی ڕۆڵی کورد لە پرۆسەی داهاتوو بکەین، لەم هەڵبژاردنە پارتی دیموکراتی کوردستان ٨ کورسیی زیادی کردووە و بووەتە ٣٣ کورسی، لەمە گرنگتر هەست بە لێکتێگەیشتنیکی باش لە نێوان پارتی و یەکێتی دەکرێت، کە پێکەوە کورسییەکانیان دەگاتە ٤٩ کورسی، ئایا ئەمە لە ناو پرۆسەی سیاسیی داهاتوو و دانوستانەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق چ ڕۆڵیکی دەبێت؟**

- بێگومان ئەو لێکتێگەیشتنەی نێوان پارتی و یەکێتی زۆر گرنگە و لە بەرژەوەندیی کورد و هەرێمی کوردستانە، خۆ ئەگەر بکرێت، باشترە جگە لە پارتی و یەکێتی فراکسیۆنەکانی دیکەی کوردستانیش هەر هەموویان لەناو یەك هاوپەیمانی بن، بۆ ئەوەی کورد لە بەغدا یەکریز و یەکدەنگ بن. هەروەها وەك دەزانین لە دوای پرۆسەی هەڵبژاردن مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی سەردانی هەموو لایەن و حزبەکانی کوردستانی کرد، تاوەکو لە بەغدا پێکەوە وەك کوردستانی بەشدار بین و، بە یەك هەڵوێست و یەکدەنگ گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی شیعە و سوننە ئەنجام بدەین، بۆ ئەوەی بتوانین مافی خەڵکی کوردستان بەدەست بێنین و، ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق لەگەڵ خولەکانی دیکە جیاواز بێت. لەبەر ئەوەی کورد کورسییەکانی لە بەغدا زیاترە و بەو یەکهەڵوێستی و یەکدەنگییەش زیاتر کاریگەریمان لەسەر گفتوگۆ و لێکتێگەیشتنەکان لە بەغدا دەبێت، لەدوای پەسندکردنی ئاکامی هەڵبژاردنەکەش لەلایان دادگای فیدراڵی، پێکەوە کار بکەین بۆ جێگیرکردنی ئەو ماددە و برگەو مافانەی گەلی کوردستان لە بەغدا بە سەرپەرشتیی وڵاتانی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان پێش ئەوەی حکومەتی تازەی عێراق پێك بهێندرێت. لەلایەکی دیکەوە کاری ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەران زۆر قورس دەبێت، بەتایبەتی کە یەکەم جارە هەڵبژاردنێکی پاك و ئارام لەسەر ئاستی عێراق ئەنجام بدرێت، بە دانپێدانانی ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەستخۆشییان لە کۆمیسیۆنی باڵا کرد. هەروەها ئەوانەی لە عێراق نەیانتوانی دەنگ بێنن و ژمارەی کورسییەکانیان زۆر کەمی کرد، ئەو لایەن و حزبانەن کە چەکیان هەیە، کەواتە دیارە کە عێراق لە ئاییندە ڕووبەڕووی ململانێیەکی ناوخۆیی دەبێتەوە، ئێمە حەز ناکەین عێراق بە گشتی و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە تایبەتی، ببنە بەشێك لەو ململانێیەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە عێراق ڕوو بدات، چونکە ململانێیەکی زۆر توند هەیە لە ناوماڵی شیعە و ئەگەر ئەو ململانێیە بتەقێتەوە زۆر مەترسیدارە بۆ عێراق و بۆ هەموو لایەك، دیارە چەند لایەن و حزب لە ناوماڵی شیعە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە پاکەیان پێ قبووڵ ناکرێت. لەلایەکی دیکەوە دەرکەوت ئەو لایەن و حزبانەی دەنگ و کورسییان زیادی کردووە، هەر وەك پارتی کە لە ڕابردوو و پێش ئەو هەڵبژاردنە کاری باشیان کردووە و هەوڵ و کۆششیان لە پێناوی خەڵك و کۆمەڵگەکەیان بووە. لەلایەکی دیکەوە ئەو سیاسەتە خراپەی لە چەند ساڵی ڕابردوو لە عێراق پیادە کراوە و، ئەو بێ خزمەتگوزارییەی کە لە عێراق هەیە و، ئەو بارودۆخەی لە شەقام هاتەدی و بووە هۆی خۆپیشاندانی جەماوەری بەرامبەر ئەو گەندەڵی و ئەو حوکمڕانییە فاشیلەی لە عێراق بەڕێوە چووە، وای کرد دەرئەنجامەکەی لە هەڵبژاردنەکان ڕەنگ بداتەوە، کە ئەو لایەن و حزبانەی بەشداربوون لەو حوکڕانییە خراپ و بێ خزمەتگوزارییە کە لە هەڵبژاردنەکەدا دەنگیان نەهێنا، یان بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر کورسییان لەدەست داوە.

*** ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەم جارە لە ناو عەرەبی سوننەش هەردوو لایەنی تەقەدوم و عەزم زۆربەی دەنگەکانیان بەدەست هێناوە، بەمەش جۆریك لە سەقامگیری لە سیاسەتی سوننە دروست بووە، ئایا تا چەند سەقامگیریی سیاسیی عەرەبی سوننە لێکتێگەیشتنێك لەگەڵ لایەنی کوردستانی دروست دەکات، بەتایبەتی ئێستا کە عەرەبی سوننە و لایەنی کوردی هەڵوێستیان لێك نزیکە بۆ هاوپەیمانیی لەگەڵ کوتلەی گەورەی شیعەکان؟**

- سێ لیستی گەورە (پارتی لە کورد و تەقەدوم لە سوننە و سائیرون لە شیعە) زۆر لێك نزیکن و پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزب

**ئەو لێکتێگەیشتنەی نێوان پارتی و یەکێتی زۆر گرنگە و لە بەرژەوەندیی کورد و هەرێمی کوردستانە**

**یەکەم جارە هەڵبژاردنێکی پاك و ئارام لەسەر ئاستی عێراق ئەنجام بدرێت، بە دانپێدانانی ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان کە دەستخۆشییان لە کۆمیسیۆنی باڵا کرد**

**ئەوانەی لە عێراق نەیانتوانی دەنگ بێنن و ژمارەی کورسییەکانیان زۆر کەمی کرد، ئەو لایەن و حزبانەن کە چەکیان هەیە**

**ململانێیەکی زۆر توند هەیە لە ناوماڵی شیعە و ئەگەر ئەو ململانێیە بتەقێتەوە زۆر مەترسیدارە بۆ عێراق و بۆ هەموو لایەك**

**دەرکەوت ئەو لایەن و حزبانەی دەنگ و کورسییان زیادی کردووە، هەر وەک پارتی کە لە رابردوو و پێش ئەو هەڵبژاردنە کاری باشیان کردووە و هەوڵ و کۆششیان لە پێناوی خەڵک و کۆمەڵگەکەیان بووە**

**هەندێ لایەنی کوردی لەلای خۆیان بڕیاریان داوە کە سەربەخۆ بن و بەشداریی حکومەتیش نەکەن، ئەمە لە ناوماڵی سوننە و شیعەشدا هەیە**

**لە کۆتاییدا چارەسەری هەموو کێشەکانی عێراق پێویستی بە جەنابی سەرۆک بارزانی دەبێت، چونکە جەنابی سەرۆک پارێزگاری لە هاوسەنگی سیاسی دەکات**

**زیاتر لە ٥٠ ماددەی دەستووری و بە دەیان یاسا هەن لەلایان عێراقەوە بەرانبەر کورد جێبەجێ نەکراون**

یەکەمە و خاوەنی ٣٣ کورسیی پەرلەمانییە، ئەوانی دیکە هەر هەموویان هاوپەیمانن، بەڵام دەتوانن لەگەڵ پارتی کوتلەی گەورە لە پەرلەمان پێکبهێنن. لە لایەکی دیکەوە زەحمەتە سوننە ببێتە یەك لیست، ئەویش لەبەر بەرژەوەندیی تایبەت بە خۆیان و لە کۆبوونەوەکانی داهاتووشدا زەحمەتە تەقەدوم و عەزم بگەنە رێککەوتن، چونکە عەزم و تەقەدوم لە یەکتر جیاوازن و ململانێیەکی زۆر بەهێز لە نێوانیاندا هەیە. لە ڕاستیدا لە ئێستادا واقیعێك لە عێراقدا هەیە، ئەویش بوونی ململانێیە لە ناوماڵی شیعە و سوننە و کوردیشدا، ئەوەتا هەندێ لایەنی کوردی لەلای خۆیان بڕیاریان داوە کە سەربەخۆ بن و بەشداریی حکومەتیش نەکەن، ئەمە لە ناوماڵی سوننە و شیعەشدا هەیە. ئەو فراکسیۆن و لایەنانەی بڕیاریان داوە موعارەزە بن لە ناو هۆڵی پەرلەماندا کارێکی باشە و زۆر ئەرێنییە کە موعارەزەیەکی یاسایی و دیموکراتی هەبێت، بەرامبەر ئەو لایەنە سیاسییانەی کە حکومەت پێکدەهێنن.

*** موقتەدا سەدر باس لە دوو سیناریۆ دەکات بۆ پیکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، یەکەم سیناریۆی (ئەغلەبیەی وەتەنی) دووەمیان (ئەغلەبیەی تەوافقی)، لە هەردوو سیناریۆکەدا داوای ئەوە دەکات، خۆی کاراکتەری سەرەکی بێت، ئایا ئەمە بۆ سەدر بە ئاسانی دەچێتەسەر؟**

- لەم خولەی پەرلەماندا ئەوانەی کورسییان نەهێناوە، یان لە هەڵبژاردن دۆڕاون، دەیانەوێت مامەڵە لەگەڵ سەدر بکەن و وەك پێشتر بەشدار بن لە حکومەت، بۆ نموونە لەوانە سادیقون کە پێشتر ١٥ کورسی هەبوو، ئەمجارە دوو کورسی هێناوە. سادیقون ناتوانێت بێت لەگەڵ سەدر، یان پارتی گفتوگۆ بکات وەك ئەوەی کە ١٥ کورسی هەبوو، بێگومان ئەوە لەلای سەدر و لەلای ئێمەش زۆر زەحمەتە قبووڵ بکرێت، بەڵکو لە پێکهێنانی ئەم جارەی حکومەتی عێراق ڕەچاوی ژمارەی کورسی و ئاکامی هەڵبژاردنەکە دەکرێت و لایەنەکان بەپێی کورسی و ژمارەکانیان مامەڵە و بەشدارییان لە حکومەت پێ دەکرێت، بۆیە لێرەدا دەپرسین: بۆچی هەڵبژاردن کرا؟ هەر بۆیە دەبێت ڕێز لە هەڵبژاردن و ئاکامەکەی و دەنگدەران بگیرێت. هاوکات پێویستە سەرەتا لایەنەکان دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە قبووڵ بکەن، لە پاشان دەتونرایێت گفتوگۆ بکرێت، چونکە ئەگەر لە یەکەم ساتەوە باوەڕ و ئیمانت بە پرسی دیموکراتی نەبێت، چۆن دەتوانرێت لەگەڵ یەکتر دابنیشین؟ لەلایەکی دیکەوە سەدر بۆ پێکهێنانی حکومەت لەسەر زۆرینەی سیاسی کار دەکات و، لەو هەق و دەرئەنجامی هەڵبژاردنە کە ٧٣ کورسی هێناوە، خۆش نابێت و، لە کۆتاییدا چارەسەری هەموو کێشەکانی عێراق پێویستی بە جەنابی سەرۆك بارزانی دەبێت، چونکە جەنابی سەرۆك پارێزگاری لە هاوسەنگی سیاسی دەکات و، دەتوانێت کێشەکانی بەردەم پێکهێنانی حکومەتی عێراقی چارسەر بکات.

*** ئێمە دەزانین، لایەنی کوردستانی و شەخسی سەرۆك بارزانی، بە لایانەوە گرنگ نەبێت سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق چ کەسێك دەبێت، بەڵکو ئەوەی گرنگە بەرنامەی حکومەتی داهاتووی عێراقە، بە ڕای ئێوە لایەنی کوردستانی دەیەوێت بەرنامەی حکومەتی داهاتووی عێراق چۆن بێت؟**

- لەلای ئێمە بە گشتی سەرۆك وەزیران بۆ کورد گرنگە، نەك بەرنامەی حکومەت، چونکە بەرنامەی حکومەت لە عێراق جێبەجێ ناکرێت، زیاتر لە ٥٠ ماددەی دەستووری و بە دەیان یاسا هەن لەلایان عێراقەوە بەرانبەر کورد جێبەجێ نەکراون، لەوانە ماددەی ١٤٠ی ناوچە دابڕێندراوەکان و یاسای نەوت و گاز، بۆیە بە ڕای من شەخسی سەرۆك وەزیران بۆ کورد گرنگە، نەك بەرنامەی حکومەت، چونکە دەتوانرێت گفتوگۆ و مامەڵە لەگەڵ سەرۆك وەزیران بکرێت بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکان و شەخسی جەنابی سەرۆك بارزانی و شاندی پارتی و کورد هەموو کات ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئێمە وەك کورد نە زیاتر و نە کەمترمان لەو مافە دەستوورییانە دەوێت کە بۆ گەلی کوردو کوردستان دانراون. بێگومان کاتێکی زۆری دەوێت تاوەکو میکانیزمێك بۆ پێکهێنانی حکومەت دابنرێت، بۆیە پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق دوادەکەوێت.



### شێخ نیاز ڕاغب

بەڕێوەبەری گشتی حەج و عومرەی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# زیادکردن و کەمکردنی ژمارەی هاووڵاتیان بۆ بەجێگەیاندنی فەریزەی حەج لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە

**هەروەك ئاشكرایە پەتای كۆرۆنا كاریگەری لەسەر هەموو بوارەكانی ژیان هەبووە و، پرسی ئەنجامدانی ئەركی فەریزەی حەج و عومرەش لەم كاریگەرییە بەدەر نەبووە، لەم ڕووەوە پرسی چۆنیەتی ڕێكخستنی میكانیزم و ڕێوشوێنەكانی ئەنجامدانی ئەم عیبادەتانە و چەند پرسێكی دیكەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری گفتوگۆییەكی گوڵان لەگەڵ شێخ نیاز ڕاغب بەڕێوەبەری گشتیی حەج و عومرەی هەرێمی كوردستان.**

*** پلان و بەرنامەتان چۆن ڕێكخستووە بۆ وەرزی ئەمساڵی فەریزەی حەج و عومرە و، ئەو كێشەو گرفتانەی لەوبارەوە دێتە پێشتان چین و چۆن چارەسەرتان كردووە؟**

- لە سەرەتادا ئومێد دەكەم، خوا پشتیوان بێت بۆ ئەوەی بتوانین بە باشترین شێوە خزمەتی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان بكەین، بەتایبەتی ئەو هاووڵاتیانەی ئامانجیانە هەم عومرە و هەم فەریزەی حەج جێبەجێ بكەن. من كە لێرە دەستبەكاربووم، بەرنامەمان ئەوە بووە و ئەوەش دەبێت، هەرچی ئاسانكاری هەیە بتوانین بە شێوەیەكی یاسایی بیگرینەبەر بۆ عومرەكار و بۆ ئەو كەسانەی كە دەیانەوێت فەریزەی حەج جێبەجێ بكەن. بەڵام بە حوكمی ئەوەی دوو ساڵ- ٢٠٢٠ و ٢٠٢١- ڕێوڕەسمی حەج بە هۆی نەخۆشی كۆڕۆنا لە سەرتاسەری دنیا وەستا و سعودیە نەیتوانی پێشوازی لە حاجییان بكات، ئەوەش هاووڵاتیانی ئێمەشی گرتەوە، بەڵام خۆشبەختانە لە ٢٠٢١/٨/٢٠ سعودیە دەرگای بۆ عومرەكردن كردەوە، لەو كاتەوە تا ئێستا بە هەزاران كەس لە هەرێمی كوردستان بۆ مەبەستی عومرەكردن لە ڕێگای كۆمپانیاكانی تایبەت و بە ڕێی فرۆكەخانە نێودەوڵەتییەكانی هەولێر و سلێمانی گەشتیان كردووە، لەپاڵ ئەوانیش هەریەك لە دانیشتووانی شاری مووسڵ و كەركووك و دیالە بەشێكیان دێن لە فرۆكەخانەكانی هەولێر و سلێمانی سەفەر دەكەن. بۆیە ئێمە بەرنامەمان داناوە بۆ ئەو كەسانەی عومرە دەكەن، ئەگەر حەجیش بێتە پێشەوە، ئەوا بەرنامەی زۆر تۆكمەمان هەیە، تاوەكو كەمترین گرفتمان هەبێت و بۆ ئەوەی بەئاسانترین شێوە ئەو خەڵكانە فەریزەی حەج ئەدا بكەن، ئەگەرچی تا ئێستا هیچ بڕیارێكی فەرمی لە عەربستانی سعودیە نەدراوە سەبارەت بەوەی كە ئەو ساڵەی كە دێت ڕێورسمی حەج دەبێت یان وەك دوو ساڵی پێشتر بۆ ژمارەیەكی دیاریكراوی خەڵكی ناو عەرەبستانی سعودیایە. بە حوكمی ئەوەی لە ساڵانی پێشوو لە وەرزی حەج خەڵكێكی زۆر لە هەموو وڵاتانی دنیا بۆ فەریزەی حەج ڕوویان لە عەرەبستانی سعودیە دەكرد، كە ساڵ هەبوو چوار ملیۆن كەس، یان سێ ملیۆن و نیو كەس دەچوون بۆ ئەو ڕێوڕەسمە، لە عێراق و هەرێمی كوردستانیش ٣٥ هەزار كەس و هەندێ ساڵ دەبووە ٤٥ هەزار كەس بەشداریی فەریزەی حەجیان دەكرد و، لە هەرێمی كوردستان پێنج هەزار و هەندێ ساڵ دەگەیشتە حەوت هەزار كەس لەو گەشتە بەشداریی فەریزەی حەجیان دەكرد. بێگومان ئەو ژمارە زۆرە بۆ شوێنێك دەگوازرێنەوە، كێشە و گرفت دێتەپێش و لەوانەیە گرفتی خزمەتگوزاری و تەكنیكی ڕوو بدات، هەر بۆیە بۆ هەموو كێشە و گرفتەكان خۆمان ئامادە دەكەین، تاوەكو زۆرترین ژمارە لە هاووڵاتیانمان بە ئاسانی بگەیەنینە وڵاتی عەرەبستانی سعودیە بۆ ئەوەی ڕێوڕەسمەكانی حەجی خۆیان ئەنجام بدەن، ئێمەش چاودێری و هاوكاری و هەماهەنگیی حاجیانمان دەكەین هەر لەو كاتەی سەفەر دەكەن و خزمەتگوزارییەكانیان و پێدانی ڕێنوینی بە دانانی ڕێبەر بۆیان، بەتایبەتی بۆ ئەو كەسانەی یەكەم جارە ئەو گەشتە دەكەن، یەكێكیش دەبێت بە سەرپەرشتیاری كاروانی حاجیانمان و كۆمپانیا تایبەتمەندەكانی ئەو ڕێوڕەسمانە بە شەو و ڕۆژ لە خزمەتی حاجیان دەبن.

*** ئەو كۆمپانیایانەی ئەركی حەج و عومرە دەگرنە ئەستۆ، بە چ ڕێنماییەك پابەندتان كردوون و، هەمانگییان لەگەڵ ئێوە وەك لایەنی پەیوەندیداری سەرەكی چۆنە؟**

- ئێمە دوو جۆرە كۆمپانیامان هەیە، كۆمپانیایەك تەنیا ڕێوڕەسمی حەج ئەنجام دەدات، كۆمپانیایەكیش كاری گەشتی حەج و عومرە ڕێك دەخات، كە ئێستا لە وەرزی عومرەداین، لە سەرەتای وەرزەكە تەندەرمان ڕاگەیاندووە بۆ ئەو كۆمپانییانەی كە ویستوویانە كاری عومرە بكەن، تاوەكو سەردانمان بكەن و، داواكاری پێشكەش بكەن، پاشان بارمتەیەك لە بانك دادەنێن و گرێبەستی لەگەڵ ئەنجام دەدەین، هەندێك خاڵ لەو گرێبەستە هەیە كە بەشی یاسایی پێی هەڵدەستێت و، هەندێك لەو خاڵانەی لە گرێبەستەكە هەیە، ئێمە دەبێت لە بەرانبەر كۆمپانیاكان پابەندی بین و، هەندێكیشی دەبێت كۆمپانیاكان لەبەرانبەر ئێمە و عومرەدارەكان پابەندی بن و لە ژێر ڕۆشنای ئەو گرێبەستەدا دەبێت كۆمپانیاكان ئەو گەشتە ئەنجام بدەن. ساڵ هەبووە پشتبەستراوە بە باشیی كار و چالاكییەكانی كۆمپانیاكانی ئەو بوارە، ساڵیش

**لە ٢٠٢١/٨/٢٠ سعودیە دەرگای بۆ عومرەكردن كردەوە، لەو كاتەوە تا ئێستا بە هەزاران كەس لە هەرێمی كوردستان بۆ مەبەستی عومرەكردن لە ڕێگای كۆمپانیاكانی تایبەت و بە ڕێی فرۆكەخانە نێودەوڵەتییەكانی هەولێر و سلێمانی گەشتیان كردووە**

**تا ئێستا هیچ بڕیارێكی فەرمی لە عەربستانی سعودیە نەدراوە سەبارەت بەوەی كە ئەو ساڵەی كە دێت ڕێورسمی حەج دەبێت یان وەك دوو ساڵی پێشتر بۆ ژمارەیەكی دیاریكراوی خەڵكی ناو عەرەبستانی سعودیایە**

**دیاریكردنی نرخی حەج ساڵ بە ساڵ دیاری دەكرێت، كە هەندێ ساڵ زیاد دەبێت و ساڵیش هەیە كەمتر دەبێتەوە**

هەبووە تیروپشك كراوە كە كامە كۆمپانیا هەستێت بە گەیاندنی خەڵكەكە بۆ عەرەبستانی سعودیە بۆ بەجێگەیاندنی فەریزەی حەج. بەڵام بۆ ئەمساڵ دەستنیشانی میكانزمێك نەكراوە بۆ ئەو مەبەستە، لەبەر ئەوەی هێشتا دیار نییە ئەو ڕێوڕەسمە دەكرێت، یان وەك دوو ساڵی ڕابردوو دەبێت، ئێمەش بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانان و ئامارمان هەیە و، ئەوان دیراسەی دۆخەكە دەكەن بە هەماهەنگیی ئێمە و ڕەزامەندیی وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی بەرنامە و میكانیزمی گەشتەكە دادەنرێت.

*** ئایا تێچووی حەج و عومرە دیاری كراوە، بەتایبەتی گە لەلایەن ئێوەوە سەرپەرشتی عومرەكان دەكرێت و بڕیار بوو نرخی ئەو توافە كەم بكرێتەوە؟**

- سەبارەت بە نرخی حەج و خزمەتگوزارییەكانی، ئەوا لە هەموو عێراق بە یەك سیستەم بەڕێوەدەچێت و، ئەو پارەی لە هەر حاجییەك وەردەگیردرێت، لە بەرانبەر ئەو گەشتەیە كە دەیكات، كە ئەمەش نرخی گواستنەوە و ڤیزا و تەئمیناتی تەندروستی و گواستنەوە لە ناو عەرەبستانی سعودیە و شوێنی مانەوە و پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكان و.. تاد لەخۆ دەگرێت. هەروەها دیاریكردنی نرخی حەج ساڵ بە ساڵ دیاری دەكرێت، كە هەندێ ساڵ زیاد دەبێت و ساڵیش هەیە كەمتر دەبێتەوە. ئێمە وەك لایەنی پەیوەندیدار هەوڵ دەدین باشترین خزمەت و بە كەمترین نرخ پێشكەش بە حاجیانمان بكرێت. نرخەكانیش دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارەكانی سعودیە، بۆ نموونە: ساڵی پار بڕیاری دا كە تەنیا ٦٠ هەزار كەس كە ١٥هەزاریان خەڵكی سعودیە بوون و ٤٥ هەزاریشیان خەڵكی وڵاتان بوون كە لە سعودیە دەژین، ئەو ڕێورسمە بەجێ بگەیەنن، خۆ ئەگەر ئەمساڵ ژمارەكە كەم بێت و لە هەرێمی كوردستان تەنیا هەزار كەس بچن بۆ حەج، ئەوە لەبەر پەتای كۆڕۆنا ڕێنمایی تایبەت دەگیرێتەبەر و گەشتەكە و مانەوەیان لە شوێنی حەوانەوە بە ڤی ئای پی دەبێت و لەو كاتەدا نرخەكەی حەجكردنەكە زیاتر دەبێت.

*** بۆ ڕێكخستی حەج بەتایبەتی هەماهەنگی و هاوكاریتان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداری سعودیە چۆنە؟**

- ئێمە بەپێی ئەوەی هەرێمێكین لەناو چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا و لە عێراقی فیدراڵیش دەستەی باڵای حەج و عومرەی عێراقی هەیە، ئەوان ئەو لایەنەن بە ناوی دەوڵەت قسە لەگەڵ سعودیە دەكەن، ئێمەش لەگەڵ ئەو دەستەی باڵای حەج و عومرە پەیوەندی و هەماهەنگیی پتەو و باشمان هەیە و، لیژنەكانی هەردوولامان هاتوچۆی لای یەكتر دەكەن، بە حوكمی ئەوەی كارەكانمان پەیوەستە بە یەكتر و دەبێت بە یەكەوە كارەكان ئەنجام بدەین. ئەوەی پەیوەندیدارە بە كاروبارەكانی حەج و عومرەی هەرێمی كوردستان، ئەوا ئەگەر ئێمە نەیكەین، ئەوا ئەوان ناتونن ئەنجامی بدەن، ئەوەی ئەوانیش وەك دەوڵەت كە قسە لەگەڵ سعودیە دەكەن و ئەگەر كار بۆ ئێمە نەكەن، ئەوا ئێمە ناتوانین بە تەنیا جێبەجێی بكەین، چونكە ئێمە وڵاتێكی سەربەخۆ نین و ناتوانین لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ سعودیە بكەین.

*** لێرە و لەوێ خەڵك گلەیی لەوە هەیە كە ناویان بۆ حەج دەرناچێت. ئایا ژمارەی ئەو كەسانەی بۆ حەجكردن دەچن چۆن دیاری دەكرێت و هەوڵ نەدراوە ژمارەكە زیاتر بكرێت؟**

- لە سەروەختی وەرزی حەجكردن ئەوە ڕادەگەیەندرێت كە چەند كەس دەتوانن بچن بۆ ئەو ڕێوڕەسمە، بۆ نموونە: ١٠٠ هەزار داواكار هەن، كەچی پێنج هەزار كەس دەتوانن بچن بۆ حەجكردن، بۆ ئەوەی دادپەروەری و یەكسانی هەبێت لەم ڕووەوە، دەبێت بۆ دەرچوونی ناوەكان تیروپشك ئەنجام بدرێت، لەو كاتەشدا تەنیا پێنج هەزار كەس دەردەچن. بێگومان زۆر كەس لەوانەی كە ناویان دەرنەچووە، گلەیی دەكەن و نیگەران دەبن، ساڵ هەبووە بۆ سێ ساڵ تیروپشك ئەنجام دراوە لەو كاتەدا بە ڕیزبەندی بۆ ئەو سێ ساڵە ناوەكان دیاری دەكرێن، دووبارە خەڵك گلەییان دەبێت و خەمبار دەبن. پێویستە هاووڵاتیانمان بزانن سعودیە بۆ عێراق و عێراقیش بۆ ئێمەی دیاری دەكات كە ئەمساڵ چەند كەس دەتوانن لە هەرێمی كوردستان حەج بكەن. واتە زیادكردن و كەمكردنی ژمارەی هاووڵاتیان بۆ بەجێگەیاندنی فەریزەی حەج لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە.

**لەبەر پەتای كۆڕۆنا ڕێنمایی تایبەت دەگیرێتەبەر و گەشتەكە و مانەوەیان لە شوێنی حەوانەوە بە ڤی ئای پی دەبێت و لەو كاتەدا نرخەكەی حەجكردنەكە زیاتر دەبێت**

**١٠٠ هەزار داواكار هەن، كەچی پێنج هەزار كەس دەتوانن بچن بۆ حەجكردن، بۆ ئەوەی دادپەروەری و یەكسانی هەبێت لەم ڕووەوە، دەبێت بۆ دەرچوونی ناوەكان تیروپشك ئەنجام بدرێت**

**سعودیە بۆ عێراق و عێراقیش بۆ ئێمەی دیاری دەكات كە ئەمساڵ چەند كەس دەتوانن لە هەرێمی كوردستان حەج بكەن**

# فێرکردن لە پێناو ڕۆژی ئاو و هەوا

# Education for Climate Day

هاوکات لەگەڵ کۆتاییهاتنی کۆنگرەی لایەنەکانی (٢٦)ی سەرکردەکانی جیهان، ناسراو بە (COP 26)، لە شاری (گلاسگۆ Glasgow)، (ئەنجومەنی جێبەجێکاری ئەورووپی European Commission) کە بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی (یەکیەتی ئەورووپا European Union) و بەڕێوەبردنی کارەکانی ڕۆژانەی، لە دەستپێشخەرییەکدا دامەزراندنی (فێرکردن لە پێناو ڕۆژی ئاو و هەوا Education for Climate Day)ی ڕاگەیاند. ئەنجومەنی جێبەجێکاری ئەورووپی ڕۆژی (٢٥)ی تشرینی دووەمی دیاری کرد، وەك ڕۆژی «فێرکردن لە پێناو ڕۆژی ئاو و هەوا».

دامەزراندنی «فێرکردن لە پێناو ڕۆژی ئاو و هەوا»و دیاریکردنی ڕۆژێك بۆ «فێرکردن لە پێناو ڕۆژی ئاو و هەوا» لە لایەن (ئەنجومەنی جێبەجێکاری ئەورووپی)، نیشانەی گرنگیی (ئاو و هەوا)یە بۆ مرۆڤایەتی و بایەخدانە بە پرسی (گۆڕانکارییە ئاو و هەواییەکان) و کاریگەرییە نەرێنییە ترسناك و زیانبەخشەکانیەتی لە سەر مرۆڤ و ژینگەکەی و هەموو شێوکانی ژیان لە سەر گۆی زەوی.

(کۆمەڵەی جوگرافیناسانی ئەورووپا EURO-GEO)، داوای لە جوگرافیناسانی ئەورووپا کرد، بە جۆشەوە یارمەتیی دامەزراندنی ئەو ڕۆژە بدەن، کە بۆ یەکەم جار لە (٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١) چالاکییەکانی ئەنجام دەدرێت.

ئەگەر دامەزراندنی «فێرکردن لە پێناو ڕۆژی ئاو و هەوا» بۆ ئەورووپییەکان گرنگ بێت، بێگومان بۆ ئێمە گرنگی و بایەخی زۆر زیاترە، چونکە:

١ - هۆشیاریی (ئاو و هەوایی و گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان) لای ئێمە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە.

٢ – هەر چەندە ئێمە هۆکار و بەرپرسی ڕوودانی (گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان) نین، کە هۆکاری سەرەکیی ڕوودانی بریتییە لە دەرپەڕاندنی (گازە خانووە شوشەییەکان Green-house Gases) بۆ نێو بەرگی گازی لەلایەن دەوڵەتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان، واتە لەلایەن دەوڵەمەندەکان و هەژارەکان باجەکەی دەدەن، بەڵام مەترسییەکانی (گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان) لە سەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەترسیی ڕاستەقینە و ترسناکن.

٣ – لاوازیی تواناکانی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی (گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان)، کە لە سەر هەرێمی کوردستان هەن.

٤ – هەرچەندە بابەتی (گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان) نوێ نییە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەمێکە چەندین تیمی لێکۆڵینەوە و دەزگای چاودێریکردنی ئاو و هەوای نێودەوڵەتی پێکهێناوە، کە گرنگتر وديارتريان «تیمی حکوومیی نێودەوڵەتی تایبەت بە گۆڕانکاریی ئاو و هەوایە (IPCC)»، کە لە ساڵی ١٩٨٨ دامەزرێندرا، بەڵام ئەم بابەتە تا ئەمڕۆ لە پرۆگرامەکانی خوێندندا لای ئێمە، وەك پێویست بایەخی پێ نەدراوە.

بە پشتبەستن بەو خاڵانەی ئاماژەیان بۆ کرا، بە باش و پێویستی دەزانین، سوود لە دامەزراندنی «فێرکردن لە پێناو ڕۆژی ئاو و

**ئەنجومەنی جێبەجێکاری ئەورووپی ڕۆژی (٢٥)ی تشرینی دووەمی دیاری کرد، وەک ڕۆژی «فێرکردن لە پێناو ڕۆژی ئاو و هەوا»**



**پ. د. ئازاد نەقشبەندی**
سەرۆکی کۆمەڵەی جوگرافیناسانی کوردستان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەوا» وەربگرین و لە ٢٥ی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێکدا، بەشەکانی جوگرافیا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان (کە ژمارەیان کەم نین)، جوگرافیناسانی کوردستان، بەتایبەتی مامۆستا بەڕێزەکانی ناوەندەکانی خوێندن، هاوشێوەی هاوکارە ئەوروپییەکانیان، بە ڕۆڵی خۆیان هەڵسن و بایەخ بە «فێرکردن لە پێناو ڕۆژی ئاو و هەوا»بدەن. دیارە ئەمساڵ لەبەر کەمی ماوە، کە تەنیا چەند ڕۆژێکی کەممان لەبەردەستە، دەکرێت چالاکییەکان تەنیا بریتی بن لە سازدانی (سیمنار و کارگەی کار Work-shop)، لە ناوەندەکانی خوێندن و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە، هەروەها نووسینی وتاری زانستی و بلاوکردنەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا. هیوادارین لە ساڵانی ئایندەدا بتوانرێت بە شێوەیەکی باشتر سوود لە دامەزراندنی «فێرکردن لە پێناو ڕۆژی ئاو و هەوا» وەربگرین.

لە وتارە زانستییەکان و Work-shop وئەو سیمنارانەی کە ئەمساڵ دەکرێت ئەنجام بدرێن، بە باش دەزانرێت، کۆمەڵگە ئاشنا بکرێت بەم خاڵانە:

١. گرنگیی (ئاو و هەوا) بۆ مرۆڤ و چالاکییەکانی.
٢. گرنگیی (ئاو و هەوا) وەك دەرامەتێکی سرووشتی.
٣. سیما سەرەکییەکانی گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان لە جیهاندا.
٤. سیماکانی گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان لە هەرێمی کوردستاندا.
٥. هۆکارەکانی ڕوودانی گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان.
٦. مەترسییەکانی گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان لە سەر ئاستی جیهان.
٧. ناساندنی گرنگترین ئەو (هەڕەشانەی Challenges) ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبنەوە بە هۆی گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان.
٨. بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان لەسەر هەرێمی کوردستان لە ڕێگای:

- هێورکردنەوەی ڕوودانی گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان و ئەنجامە زیانبەخشەکانیان.
- خۆگونجاندن لەگەڵ دەرهاویشتەکانی گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان.

بێگومان پشتگیریکردن و بەشداریکردنی دەزگا فەرمیەکانی هەرێم، وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پەروەردە، ڕۆشنبیری و لاوان و دەستەی ژینگە و.. تاد، لە بیرۆکەی سوودوەرگرتن لە دامەزراندنی (فێرکردن لە پێناو ڕۆژی ئاو و هەوا) و ئەو چالاکییانەی لە ٢٥ی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێك ئەنجام دەدرێن، هۆکاری سەرخستنی پرۆسەکە دەبێت.

دیارە بەشداریکردنی فراوانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر گرنگە بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردستانی سەبارەت بە گرنگیی ئاو و هەوا، وەك دەرامەتێکی سرووشتی، بۆ مرۆڤایەتی و چالاکییەکانی و ئاشناکردنی کۆمەڵگە بە مەترسی و هەڕەشەکانی (گۆڕانکارییە ئاو و هەوایەکان) لە سەر هەرێمی کوردستان و شێوەکانی بەرەنگاربوونەوەیان.

**ئەگەر دامەزراندنی «فێرکردن لە پێناو ڕۆژی ئاو و هەوا» بۆ ئەوروپییەکان گرنگ بێت، بێگومان بۆ ئێمە گرنگی و بایەخی زۆر زیاترە**



## دکتۆر یوسف بەرزنجی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان لە زانکۆی سەڵاحەددین:

# سامانی ئاژەڵی پشتگوێ خراوە و داهاتێکی زۆری کوردستانیش بۆ وڵاتانی دراوسێ و جیهان دەچێت

**سامانی ئاژەڵی و بووژانەوەی هەموو ئەو پیشەسازییە خۆراکییانەی پەیوەندیدارن بەم کەرتەوە، بۆ بووژانەوەی کشتوکاڵ گرنگیی لەڕاددەبەدەری هەیە، ئاوڕدانەوەش لەم کەرتە لە ئاستی پێویستدا نییە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ گۆڤاری گولان، دکتۆر یوسف بەرزنجی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سەڵاحەددین و پسپۆڕ و شارەزا لە بەخێوکردن وچاککردنی بۆ ماوەیی ئاژەڵ، باس لە خراپیی بارودۆخەکە دەکات.**

سەرەتا سەبارەت بە ژینگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەخێوکردنی جۆرەها ئاژەڵ، دکتۆر یوسف بەرزنجی گوتی: «لە کوردستان ئاو و هەوا و ژینگەیەکی لەبار هەیە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەڕومالات، کە دەکرا تێیدا دەوڵەمەند بین، بەداخەوە گرنگیی پێ نەدراوە و پشتگوێ خراوە و هەموو کشتوکاڵ تەنیا لە سامانی ڕووەکیدا قەتیس کراوە، سامانی ئاژەڵی سەرچاوەی گۆشت و ماست و شیرەمەنی و پێستە و سەدان بەرهەمی دیکەی پیشەسازییە، کە هەندێکیان وەك (خوری و پێستە) گرانبەهایە، ئەگەر سەیری وڵاتانی هۆڵەندا و نیوزیلەندا بکەین، دەزانین چ داهاتێکی گەورە و

چەند هەلی کاریان لە کەرتی بەخێوکردنی مانگا و مەڕ بەدەست هێناوە، خۆ وڵاتێکی وەك نیوزیلەندا داهاتەکەی لە بەرهەمهێنانی گۆشتی بەرخدا بە دەست دەکەوێت و، لە سعودییەکی بیاباندا مانگای هۆڵەندی لە ناو هۆڵی داخراودا بەخێو دەکرێت و شیری لێ بەرهەم دەهێنرێت و، بەرهەمەکەی دەگاتە وڵاتی ئێمەش، ئەم پەراوێزخستنە کاریگەری لە سەر مەترسیی لەناوچوونی چەندین جۆری ئاژەڵ و مەڕ و پەلەوەریش هەیە، ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو و لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیشدا باس لە چەندین جۆری نایابی مەڕی کوردی دەکرا، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشدا لە زانکۆی بەغدا لە لایەن چەند پرۆفیسۆرێکی گەورەی ئەو زانکۆیەوە، کتێبێکیان چاپ کرد کە تایبەت بوو بە مەر و بزنی کوردی و، مەڕەکانیان بە ناوی ئەو هۆزانەوە ناو نابوو کە مەڕەکانیان بەخێو دەکرد، وەك (مەڕی حەمدانی و دزەیی و جاف و هەرکی) بەداخەوە ئێستا مەڕی دزەیی و هەرکی هەر نەماوە، تەنانەت چەندین پەلەوەری وەك قەل و عەلەشیش و هەندێك جۆری مریشك و کەڵەشێر لە کوردستان فەرامۆش کراون و زۆر کەم بووەتەنەوە».

سەبارەت بە ژمارە و داتا و زانیارییەکان لە سەر کەرتی ئاژەڵداری، دکتۆر یوسف بەرزنجی بەمجۆرە داتای وردی خستەڕوو: «لەم بوارە زۆر کۆڵەوارین، چوار ساڵ لەمەوبەر سامانی ئاژەڵی لە مەڕومالات و بزن و مانگا و ڕەشەوڵاخ و هاوشێوەکانی بە چوار ملیۆن و ٨٩ هەزار و ١٣٩ سەر ئاژەڵ سەرژمێری کران، لەکاتێکدا دەبووایە ساڵانە ئەم سەرژمێرییە بکرایە، ئێمە لە کوردستان ٣٨٠ پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی و ١٤٣١ پڕۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکە و ١٨٣ پڕۆژەی بەخێوکردنی مەڕ و بزن و مانگا و ٢٩ کارگەی عەلەف و ٦٠ هەزار بەخێوکەری ئاژەڵمان هەیە، ئەم داتا و ژمارانە لە ڕووی ئاستی بەرهەمهێنانەوە وەك پێویست نییە، بۆ نموونە: هەموو پڕۆژەکانی بەرهەمهێنانی هێلکە تەنیا ٣٢٪ی پێداویستیی ناوخۆیی دابین دەکەن، هەروەها لە بواری شیردا لە ساڵی ٢٠١٩ داتایەك هەبوو، بەوەی لە کوردستان ساڵانە ٤٩٥ هەزار تەن شیر بەکاردێت، لەکاتێکدا لە کوردستان ٢١٣ هەزار تەن بەرهەم دەهێندرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کورتهێنانەکە زۆر زۆرە».

ئەم پسپۆڕەی بواری سامانی ئاژەڵی هۆکاری پشتگوێخستنی ئاژەڵداریی بۆ قورسیی بەخێوکردن نەگەڕاندەوە، بەڵکو هۆکارەکەی بۆ «بێ پلانی و نەبوونی پاڵپشتی و هاوکاری بۆ ئیدارەدان و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پاڵپشتینەکردنی نرخی بەرزی عەلەف و ئالیك» گەڕاندەوە، لە ڕووی گوێنەدانیش بە پڕۆژەی گەورەی ئاژەڵداری لە لایەن وەبەرهێنەرانەوە گوتی: «سەرمایەداری کورد بەهۆی واڵابوونی سنوورەکان و کارئاسانی و خێرا بەدەستهێنانی قازانجەوە، ڕوویان لە کەرتی بازرگانی و نیشتەجێبوون کردووە و، بەدەگمەن ڕوو لە پڕۆژەیەکی ئاژەڵداری دەکەن، بگرە کاری بازرگانییەکەشیان هەر لەسەر حیسابی لەناوبردنی سامانی ئاژەڵی ناوخۆیە، پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو چەندە گرنگی بە کەرتی ڕووەکی دەدات، دوو هێندە گرنگی بە کەرتی ئاژەڵداری بدات و پاڵپشتیی جووتیارەکانیش بکات، هەرچی پەیوەندیی بە وەبەرهێنەرانەوە هەیە، دەبێت دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان لە ڕووی دابینکردنی خاك و شوێن و کارئاسانی و لێخۆشبوون لە ڕسوومات و باج، گرنگی بە دامەزراندنی پڕۆژەی گەورەی ئاژەڵداری بدات، بەتایبەتی پڕۆژەی بچووکی ئاژەڵداری بۆ دەرچووانی کۆلێژەکانی ئەندازیارییە کشتوکاڵییەکان، لە کوردستان شەش کۆلێژی کشتوکاڵی هەیە و ساڵانە نزیکەی ٦٠٠ قوتابی دەردەچن و شارەزاییەکی باشیان لە پسپۆڕایەتیی سامانی ئاژەڵ هەیە، پێویستە حکومەت لە ڕێگەی قەرزی بچووکەوە بۆ دامەزراندنی پڕۆژەی بچووکی ئاژەڵداری پاڵپشتییان بکات».

دکتۆر یوسف بەرزنجی داواش دەکات پەرەپێدانی ئەم بوارە وەکو پرسێکی تایبەت بە ئاسایشی خۆراکی و ئاسایشی نەتەوەیی سەیر بکرێت، لەم ڕووەوە دەڵێت: «ئەو گۆشتەی لە بازاڕەکانی عێراق و کوردستاندا هەیە ٤٥٪ی خۆماڵییە و ٥٥٪ی لە دەرەوەی وڵاتەوە دێت، هەردوو لا بوونەتە بازاڕی ساغکردنەوەی بەرهەمی ئێرانی و تورکی و تەنانەت سووری و وڵاتانی دواکەوتووی جیهان، خۆ دەکرێت کارگەی ئەلبان و گۆشت و قوتوبەند دروست بکەین، ئەمە لەکاتێکدا کە سێکتەری کشتوکاڵ وابەستەی ئاسایشی خۆراکە و ئەم بوارەش بڕبڕەی ئاسایشی نەتەوەییە، کەواتە دەبێت وەك سێکتەرێکی سیادی سەیر بکرێت و، تێچووی بەخێوکردنی ئاژەڵ لە کوردستان کەم بکەینەوە و، بەرەو دابینکردنی ئاسایشی خۆراکی خۆماڵی هەنگاو بنێین».

**چوار ساڵ لەمەوبەر سامانی ئاژەڵی لە مەڕومالات و بزن و مانگا و ڕەشەوڵاخ و هاوشێوەکانی بە چوار ملیۆن و ٨٩ هەزار و ١٣٩ سەر ئاژەڵ سەرژمێری کران**

**لە کوردستان ٣٨٠ پڕۆژەی بەخێوکردنی ماسی و ١٤٣١ پڕۆژەی بەرهەمهێنانی هێلکە و ١٨٣ پڕۆژەی بەخێوکردنی مەڕ و بزن و مانگا و ٢٩ کارگەی عەلەف و ٦٠ هەزار بەخێوکەری ئاژەڵمان هەیە**

**لە ساڵی ٢٠١٩ داتایەک هەبوو، بەوەی لە کوردستان ساڵانە ٤٩٥ هەزار تەن شیر بەکاردێت، لەکاتێکدا لە کوردستان ٢١٣ هەزار تەن بەرهەم دەهێندرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کورتهێنانەکە زۆر زۆرە**

**سەرمایەداری کورد بەهۆی واڵابوونی سنوورەکان و کارئاسانی و خێرا بەدەستهێنانی قازانجەوە، ڕوویان لە کەرتی بازرگانی و نیشتەجێبوون کردووە و، بەدەگمەن ڕوو لە پڕۆژەیەکی ئاژەڵداری دەکەن**



**ئاشکرایە بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستاندا کێشە و گرفتی زۆری بۆ حکومەت و خەڵك دروست کردووە، بە جۆرێك کە بووەتە مایەی نائارامی و نادڵنیایی، ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ مەحموود ڕەش ئەندامی پێشووی پەکەکە.**

## مەحموود ڕەش

ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە دەیەوێت کێشەکانی خۆی بە دروستکردنی کێشە بۆ هەرێم بشارێتەوە

*** چەکدارانی پەکەکە چی دەکەن لە هەریمی کوردستان؟ ئەگەر ئەوان دەیانەوێت باکوور رزگار بکەن، ئەوا دەبێت لە گۆڕەپانی راستەقینەی خۆیان خەبات بکەن، بەڵام ئەوەی دەبینین ئەوەیە کە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و دەستی تورکیا ڕادەکێشنە ئەم هەرێمە بۆ ئەوەی ئارام و سەقامگیر نەبێت، ئایا ئەمە پێی دەگوترێت کوردایەتی؟**

- لە هەر بەشێکی کوردستان خەباتکردن هەبێت، پێویستە بەشەکانی دیکە و هەموو کوردان پشتگیری بکەن. ڕاستە دەکرێت پارچەکانی دیکە وەك سەنگەری پشتەوەیان و بە مۆڵەتی خاوەن ماڵ تێیدا بمێننەوە، بەڵام ناکرێت بچیت شەڕێك ڕابکێشیتە ئەو بەشە ئازادە و دژی دەسەڵاتی ئەو بەشە و خەڵکەکەی بجووڵێتەوە و هەموو کات لە هەوڵی ئەوەدا بیت، ئاژاوە و کێشە بۆ ئەو بەشە ئازادە دروست بکەیت، ئەمە جگە لەوەی جێگای قبووڵ نییە، ئەوا هیچ پەیوەندیی بە کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و خواستی نەتەوەییەوە نییە، بەڵکو کوردایەتی

ئەوەیە کە هەموو حزب و لایەن و کەسێکی کوردستان ئەو بەشە ئازادەی کوردستان وەك گلێنەی چاوی خۆیان بپارێزین. ڕاستە حزبێك ڕێبەرایەتی و سەرۆکایەتی دەکات، بەڵام هەر جیاوازی و ململانێیەك لەنێوا لایەن و حزبەکانی کوردستان هەبێت، دەبێت ئەوە بەلاوە بنرێت و، پێویستە هەموو لایەك خزمەتی ئەو بەشە ئازادەی کوردستان بکات.

*** کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت بە ڕێگەی ئاشتی کێشەی چەکدارانی پەکەکە چارەسەر بکات، چەکدارانی پەکەکە کەمین بۆ هێزی پێشمەرگە دادەنێن و پێشمەرگە شەهید دەکەن، ئایا چۆن دەبێت مامەڵە لەگەڵ پەکەکە بکرێت کە لە زمانی ئاشتی و دیالۆگ تێناگەن؟**

- ئیدارەی چەکدارانی پەکەکە کێشە و گرفتێکی گەورەیان هەیە و هاوکات دەیانەوێت کێشەیەکی مەزن بۆ باشوور دروست بکەن، ئەگەرچی دەزانین و لە هەموو لایەك ئاشکرایە کە هاتنەدی ئامانجی نەتەوەیی لەم قۆناغ و سەردەمە بە دیالۆك و ڕێگای ئاشتی مسۆگەر دەبێت. ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنابی سەرۆك بارزانی دایانبوو، زۆر ڕاست و لە جێگای خۆیەتی کە کێشەکانی چەکدارانی پەکەکە بە گفتوگۆ و دیالۆگێکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، لەلایەکی دیکەوە ئەو بڕیارەی جەنابی سەرۆك بارزانی بەوەی کە شەڕی کورد لەگەڵ کورد حەرامە و نابێت بە هیچ شێوەیەك ڕێگە بە ڕوودانی بدرێت، دەبێت هەموو کەس و لایەنێك ڕێزی لێ بگرن.

*** تیرۆریستانی داعش، شنگال و تەواوی ناوچەکانی کوردانی ئێزدییان کاول کرد و ژن و کچانی کوردانی ئێزدییان کردە کەنیزەك، پەکەکە بە حیساب کە بانگەشەی ئەوە دەکات بەرگری لە کوردانی ئێزدی دەکات، ڕێگرە لە ئاوەدانکردنەوەی شنگال، هەروەها لاوەکانی ئێزدییش چەکدار دەکات، ئایا ئێزدییەکان مەینەتیان کەمە، وا پەکەکەش هیندەی دیکە کارەساتیان بۆ دروست دەکات؟**

- ئەو بابەتەی کوردانی ئێزدی زۆر تایبەتە، بۆیە لێرەدا دەڵێم پێویستە ئێزدییەکان یەکگرتوو بن و لە ژێر چەتری هێزێکدا بن و نەهێڵن خەڵکەکەیان هەڵبخڵەتێندرن، بەتایبەت گەنجەکانیان لەلایان چەکدارانی پەکەکەوە، چونکە دەزانین ئەوەی پارێزگاری لە شنگاڵ دەکات و ئەوەی خۆی کردە قوربانی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە بە چاودێری و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی جەنابی سەرۆك بارزانی لە بەرەی پێشەوەی شەڕەکان بوو لە دژی داعش بۆ ڕزگارکردنی شنگاڵ و شنگاڵییەکان. خۆ ئەگەر چەکدارانی پەکەکە ئیدیعای ئەوە دەکەن، لە پێناو ڕزگاری ئێزدییان هاتوون و شەڕی دژی داعشیان کردووە، ئەوە لێرەدا دەڵێین دەستیان خۆش بێت، بەڵام با هەر وەك ئەوەی پارتی و هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاری و ڕزگاریی کۆبانی چوون، بەڵام لە پاش ڕزگارکردنی کۆبانی لە دەست داعش و لە پاش تەواوبوونی ئەرکەکانیان گەڕانەوە باشووری کوردستان، پێویستە چەکدارانی پەکەکەش وانە لەوە وەربگرن و ئەوانیش شنگاڵ و ئەو ناوچە و شوێنانەی تێیدان، چۆڵی بکەن و هەرێمی کوردستان خۆی وەك بەشێك لە کوردستان خزمەتیان بکات.

*** لە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە گەرمیان و کەرکووك، چەکدارانی پەکەکە لاوانی کچ و کوڕ هەڵدەخڵەتێنن و بە زۆر چەکداریان دەکەن، کە بەشی زۆری ئەو لاوانە تەمەنیان خوار هەژدەساڵە و پاشانیش ڕێگە نادەن کەسوکاریان بیانبینن، ئایا ئەمە تاوانێکی دیکەی پەکەکە نییە دژی مرۆڤایەتی و کوردایەتی؟**

- چەکدارکردنی هەر کەسێك لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵیدا کارێکی زۆر هەڵەیە و ئەمە بە یاسا لەهەموو دنیا بەپێی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ قەدەغەیە، ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە جێگای قبووڵ نییە لە هەموو دنیادا. بێگومان چەکدارانی پەکەکە لەسەر خاڵی لاوازی گەنج کاردەکەن و لە پاشان هەڵیاندەخڵەتێنن بە ناوی نەتەوایەتی و کوردپەروەری و ئازادیی مرۆڤەکان، پاشان دەیانبەنە بەرەی شەڕ و پێکدادانەکان و بە کوشتنیان دەدەن. ئەو منداڵانە خەڵکی کەرکووك، گەرمیان، خانەقین، یان هەر شوێنێکی کوردستان و دنیا بن، چەکدارکردنیان پێچەوانەی ماف و بەندەکانی ماقی مرۆڤی جیهانییە و قەدەغەیە.

**ئەو بڕیارەی جەنابی سەرۆک بارزانی بەوەی کە شەڕی کورد لەگەڵ کورد حەرامە و نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە ڕوودانی بدرێت، دەبێت هەموو کەس و لایەنێک ڕێزی لێ بگرن**

**کوردایەتی ئەوەیە کە هەموو حزب و لایەن و کەسێکی کوردستان ئەو بەشە ئازادەی کوردستان وەک گلێنەی چاوی خۆیان بپارێزن**

**ئیدارەی چەکدارانی پەکەکە کێشە و گرفتێکی گەورەیان هەیە و هاوکات دەیانەوێت کێشەیەکی مەزن بۆ باشوور دروست بکەن**

**چەکدارکردنی هەر کەسێک لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵیدا کارێکی زۆر هەڵەیە و ئەمە بە یاسا لەهەموو دنیا بەپێی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ قەدەغەیە**

# نامۆبوون بە خود فۆڕمی توندوتیژیی سەردەمی ژنانە

ئەگەر بۆ ڕاستیی بوونی هەر بوونەوەرێك نەك تەنیا مرۆڤ بگەڕێینەوە، دەبینین نەك بۆ وەزیفەیەك، بەڵكو ڕەنگە بۆ چەند وەزیفەیەك زیاتریش دروست بووبێت، كە پێكەوە هەموو بوونەوەرەكان بەردەوامی بە گەردوون و ژیان دەدەن. دەرهێنانی هەر بوونەوەرێك، زۆر جار بێگیانیش لەو شوێنەی كە بۆی دانراوە، بۆشاییەك دروست دەكات، كە لە جێگەكەیدا بە شتی تر زۆر جار ئەستەمە پڕبكرێتەوە، وە خۆیشی لە شوێنی تردا پێدانی شوێنی تر و وەزیفەی تر ڕەنگە قەیرانی بۆ دروست بكات و، ببێتە هۆی ئیفلیجبوون لە ڕۆڵ بینین، یان نەمانی. ئەگەر لە وەزیفەی مێروولەیەكەوە تاكو پێكهێنەرە گەورەكانی گەردوون نموونەی وەك مانگ و ڕۆژ و هەریەكە لە ئەستێرە و هەسارەكان ئەمە بگرین ڕاستە، مرۆڤیش وەك زیندەوەرێك جگە لە هەموو جیاوازییەكانی تر جیاوازیی سەرەكیی بناغەی لەسەر ڕەگەز گرتووە، ئەم دوو ڕەگەزە كە هەوێنی هەموو فەلسەفەكانی ژیان و ئایینە ئاسمانییەكان و یاسا و دەستوورە زەمینییەكانە بۆ تێگەیشتن لێیان و وەزیفەیان و چۆنیەتی ڕۆڵ بینینیان و بەیەكەوە هەڵكردنیانە. هەر فەلسەفەیەك هزرێك بە شێوەیەك باسی كردوون، هونەر ئەدەب و داستان و هۆنراوەكانیش زۆربەیان لە سەر باسی ئەمانەوە پێكەوەیان دواون. وەزیفەی هەریەكەیان تەواوكەری ئەوی تریانە، بە یەك تۆز لادانی یەكێكیان لە وەزیفەكەی خۆی، یان پەراوێزخستنی یەكێكیان كەلێن دروست بووە، یان سنووری كاری ئەوی تریانی بەزاندووە.

لە مێژووی مرۆڤایەتی تا ئێستاش مشتومڕ و داهێنانی تیۆر و بیرەكان هەر لە نموونەی فیمینیزم و ڕاڤە و شیكارە ئایینییەكانی تایبەت بە پێكهاتە و سرووشت و ڕۆڵی ئافرەت، بەڵام هێشتا ژن بەتایبەتی شوێن و حەقیقەتی بوونی تێگەیشتنی تەواوی بۆ نەكراوە. هەر فەلسەفە و ئایدیایەك هاتووە، بە جۆرێك بە دوای بەختەوەریدا گەڕان و ڕێزدانان بۆ ئەم بوونەی گەڕاوە، كەچی لە دواجاردا ئەمڕۆ لە سەردەمی سەرمایەداری و تەكنەلۆجیا، ڕەگەزی ژن، ژنێكی نامۆ بە خودی خۆی بەرهەم هێناوە، ڕقی لە خۆیەتی، هەر ڕۆژە بە شێوەیەك دەیەوێت خۆی پیشان بدات، لە شێوە، باڵا و بەشەكانی جەستەی خۆی ڕازی نییە. ژن بۆ گەیشتە ئەمە؟ دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتای بابەتەكەمان كە دەرهێنانی بوو لە وەزیفەی خۆی، ئەگەر پیاوسالاری لە ڕۆڵی ژنی لە دەرەوەی ماڵ كەم كردەوە و، قەتیسی كرد لە ماڵدا، بەڵام بیرەكانی ئازادی بۆ ژن و سەرمایەداری لەو كەمە ڕۆڵەشی كرد كە جاران هەیبوو، كە وەزیفەی دایكایەتی و پەروەردە و بەڕێوەبردنی خێزان بوو. ئەمڕۆ پێكەوتوویی لەشولاری نەشتەرگەرییەكانی ئەندامەكانی جەستەی لا گرنگترە لەوەی دایك بێت، كۆرپەیەك بە شیری خۆی و بە سۆزی خۆی پەروەردە بكات.

بە هۆی خولیام بۆ پرسی ژن و بەدواداچوونم، خوێندنەوەم بۆ زۆرێك لە بارودۆخی ژنان لە كۆمەڵگەكان هەیە، ئەوەی بەدیم كردووە، لە هەر كۆمەڵگەیەك چەند هەنگاو بۆ مێژوو بگەڕێیتەوە، هێندە زیاتر كەسایەتی و بەهێزیی ژن دەبینیتەوە. هەر كۆمەڵگەی كوردی خۆمان، ژن وەزیفەی



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

منداڵ بەخێوکردن و بەڕێوەبردنی خێزان و کارکردن لە دەرەوە لەگەڵ پیاوان و بەشداریی دیوەخان و پرسە گرنگەکان و تەنانەت بەشداریی شۆڕش و خەباتی چەکداری و دەرکەوتەی سەرکردەی وەك پاشای دەڤەرێکی گەورەی وەك شارەزوور لە لایەن عادیلە خانم لە هەڵەبجە و حەپسەخانی نەقیبی شاری سلێمانی، کە لە ئاستی نێودەوڵەتییش باوەڕپێکراو بوون و، دانوستانیان کردووە بۆ پرسی نەتەوکەیان و کاری سیاسییان کردووە، لە هەمان کاتدا گرنگییان بە پێشەوەبردنی پرسەکانی ژنان داوە، وەك: کردنەوەی قوتابخانە و بایەخدان بە خوێندن و خوێندەواری و ...هتد. دوای ئەوان سەدەمان تێپەڕاندووە و، هێشتا قەیرانی بوونی سەرکردەیەکی کاریگەری ژنمان هەیە، ئەویش بەم هەموو پارت و زانکۆ و قوتابخانە و ڕێکخراوی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و ئەکادیمیای پێگەیاندن و کۆتا بۆ پشتیوانی و پێگەیاندنی ژن. ئەمە هۆکارەکەی بۆ دەرهێنانی ژن لە وەزیفەی خۆی دەگەڕێتەوە، هیچ کام لەو ژنە سەرکردانەی هەمانە لە مێژوودا باسمان کردن، دابڕوا نەبوون لە وەزیفەی دایکایەتی و هاوسەری و بەڕێوەبردنی خێزان و پرسە کۆمەڵایەتییەکان، جگە لەمەش زاڵبوونی کەلتووری بیانی و هاوردەی بیری دەرەکی بە چەپ و ئایینی هەموویان ژنی کوردیان بە سرووشتی خۆی نامۆ کرد. ژنی کورد لە کۆمەڵگەی کوردی هەڵگری بیروباوەڕی هەر ئایینێك بووبێت، بە نۆرمی کوردی و گونجاو لەگەڵ سرووشتە کۆمەڵایەتییەکەی کۆمەڵگەی کوردی پیادەی کردووە، بۆیە ئیزدیواجیەت و قەیرانی بۆ دروست نەکردووە. بردنە دەرەوەی ژن بۆ کارکردن دوای شۆڕشی پیشەسازی، بۆ بەهێزبوونی بوارە ئابوورییەکە و خاوەن بڕیاری خۆبوونی بووە، کەچی لە دەرەوەش ڕووبەڕووی زیاتر لە جیاکاری لە کرێ و نەبوونی دایەنگای پێویست بۆ منداڵەکەی و نائاساییبوونی ژینگەی کارکردن، هەر لە نەبوونی هەلی یەکسان بۆی، تاکو ئازاردان و گێچەڵ پێکردن کە گرفتی سەردەمن بۆی. لەم لاشەوە جیهانی سەرمایەداری نەك تەنیا لە کائینێکی بەرهەمهێنەرەوە کردوویەتە بەکاربەری جلوبەرگ و کاڵا و مۆدێلەکان، بەڵکو بەربووەتە جەستەی خۆیشی و ڕقی لە خۆی دەبێتەوە. ڕۆژێك ڕەنگی چاو، ڕۆژێك ڕەنگی پێست و قژ، ڕۆژێك قەڵەوی، ڕۆژێك پێکهاتەی لووت و ددان و نینۆکی و دەموچاوی و قارسکردنی گەدەی بۆی دەبێتە کێشە و بەدوای گۆڕینیدا وێڵە. لە پێناو ئەوەی ئەم جەستەیەی بەو شێوە بێت کە ئەمڕۆ بازاڕ و ئایدیاڵەکان قبووڵیان بێت، نەك وەزیفەکانی تری فەرامۆش کردووە، بەڵکو سەدان کێشەی دەروونی و نامۆبوون و بگرە کێشەی تەندروستیشی بۆ دروست بووە. ڕاپۆرتەکان و بەرنامەکانی تایبەت بە پرسی ژنان پێشانمان دەدەن، کە ئەمڕۆ چۆن ژن لە جیهاندا لە قەیرانی ناسنامە ڕاستەقینەکەی و نامۆبوون و گیرۆدەی گرفتە سایکۆلۆژییەکان بووە. بۆیە بە بڕوای من ئەگەر ژن هەموو شۆڕشە پێشوەکانی بۆ ددان پێدانانی بوو وەك مرۆڤ و ڕزگاربوونی لە دەسەڵاتی پیاوسالاری، ئەمڕۆ شوڕشی نوێی ڕزگار بووە لە نامۆبوون و دەردی لە خۆ ناڕازیبوونی و دۆزینەوەی خۆی و شوێنی خۆی.

# پێگە و مافی ئافرەت لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلام

زۆر جار کە باس لە ئافرەت و کێشە و ماف و خواستەکانی دەکرێ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، ناکرێ باس لە نەریت و عاداتی کۆمەڵگە لە لایەك و مافی ئافرەت لە ئیسلامدا، لە لایەکی دیکەوە نەکرێت. لەم دوو نێوەندەشدا تێڕوانینی جیاواز و تەنانەت زۆر جار هەڵەش لە مەڕ مەسەلەکەوە هاتوونەتە ئاراوە.

بە لای زۆرێکەوە کاتێ قسە دێتە سەر ئەو دیاردە ناشایستانەی دژ بە ئافرەت دەکرێ، ئیسلام لێی بەرپرسیارە و سەپاندوویەتی بە سەریدا. بە لای هەندێکیشەوە ئیسلام بەرییە لە هەموو ئەو زوڵمانەی کە بە ناوی ئیسلامەوە لە ئافرەت دەکرێ و، زۆرجار مافی پێشێل دەکرێ و دەچەوسێندرێتەوە، بە بیانووی ئەوەی گوایە ئیسلام وای ڕەچاوی کەسایەتیی ئافرەتی کردووە، کە لە ڕاستیدا من پێم وایە تێڕوانینی دووەم ڕاستە و ناوەڕۆکی پەیامی ئیسلام دوورە لەو توندوتیژی دژی ئافرەت و داب و نەریت و بیرکردنەوەی سەقەتە لە زۆرینەی ئەو تاوانە بەرپرسیارە، کە دەرهەق بە ئافرەت ئەنجام دەدرێن.

**ناوەڕۆکی پەیامی ئیسلام دوورە لەو توندوتیژی دژی ئافرەت و داب و نەریت و بیرکردنەوەی سەقەتە لە زۆرینەی ئەو جەریمانە بەرپرسیارە، کە دەرهەق بە ئافرەت ئەنجام دەدرێن**

هەموومان دەزانین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر جار ئافرەت دەکوژرێ، سووکایەتی پێ دەکرێ، توندوتیژی لە گەڵ بەکار دێ، مافی دەخورێ، بێ ڕێزی پێ دەکرێ، مافەکانی زەوت دەکرێ، دەنگی ڕادەربڕینی کپ دەکرێ، بە چاوی سووك سەیر دەکرێ و.. هتد. بەڵام هەموو ئەمانە زادەی نەریتی سەقەتی کۆمەڵگەن، نەك پەیامی پیرۆزی ئیسلام، چونکە ئێستاش کەسانێك هەن، کە لە لایانەوە باس لە ئافرەت دەکرێ، وا دەزانن ئافرەت کائینێکە (لە ڕووی مرۆڤبوونەوە) جیایە لەو کائینەی پێی دەگوترێ پیاو، یان مرۆڤی پلە دووە، یان وای بۆ دەچن لە ڕووی مرۆڤبوونەوە خوا کار لەجێ جیاوازی خستووەتە نێوان پیاو و ئافرەتەوە. ئەمە لە کاتێکدا، کە پەیامی ئیسلام زۆر ڕاشکاوانە ئەم مەسەلەی ڕوون کردووتەوە و بەپێی دەقە پیرۆزەکان و لە ڕووی مرۆڤبوون و تەکالیفی شەرعی و خیتابی دەقەکان و پاکانەی سەربەخۆی ماڵ و ماف و ئەرك و کاروباری کۆمەڵایەتی، جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاو نییە، بەڵکو جیاوازی لە پێکهاتەی سرووشتی دروستبوون و هەندێ بواری ئەرك و کارەوەیە، کە ئەگەر بە وردی لێی بکۆڵینەوە، ئەم جیاوازییە لە بەرژەوەندیی هەردوو ڕەگەز دایە، ئەگەرنا لە ئیسلامدا شتێك نییە بە ناوی ئیمتیاز و خەڵاتکردنی پیاو و کپکردنی ئافرەت و وەلانانی، ئەوەی هەشە ئەرك و بەرپرسیاریەتی و بارگرانییە، نەك بەهرەیەکی فزوولی. چونکە خوای باڵادەست بۆ هەر یەکێك لە پیاو و ئافرەت ئەرك و کارێکی داناوە، کە لە گەڵ پێکهاتەی سرووشتی عەقڵ و ڕۆح و دەروون و جەستەیان بگونجێ. کەواتە ئەمە بە سووك تەماشا کردنی ئافرەت نییە، بە پێچەوانەوە ئافرەت مەکانەتی تایبەتی خۆی لە ئیسلامدا هەیە و، لە چەندین

**لە ڕووی مرۆڤبوون و تەکالیفی شەرعی و خیتابی دەقەکان و پاکانەی سەربەخۆی ماڵ و ماف و ئەرك و کاروباری کۆمەڵایەتی، جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاو نییە**

مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی

بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان



ئایەت و فەرموودەدا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ، کە ئافرەت لە گەڵ پیاو تەواوکەری یەکترن و ڕێزی هیچیان بە سەر ئەوەی دیکە تەفزیل نەکراوە، وەك لەم دەقە پیرۆزانەی خوارەوە زۆر هەقیقەتی جەوهەری لەمەڕ ئەسڵی بابەتەکەوە بە دیار دەکەون و ڕامانی زۆر هەڵدەگرن. وەك خوا دەفەرموێ: «وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ) (٢١) سورة الروم. (وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا)(١٩) سورة النساء. «

«وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ أُوْلَئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللّهُ إِنَّ اللّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ) (٧١) سورة التوبة. «

«يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) (١٣) سورة الحجرات.»

هەروەها فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) هەیە کە دەفەرموێ: (خيركم خيركم لأهله وأنا خيركم لأهلي). (إتقوا الله في النساء، فإنكم إنما أخذتموهن بأمان الله واستحللتم فروجهن بكلمة الله إن لكم عليهن حقا و لهنّ عليكم حقا).

لەوەدا بۆمان ڕوون بووەوە، کە ئیسلام گرنگییەکی زۆر جددی داوە بە ئافرەت و هیچ کات شتێکی قبووڵ نیە، کە ببێتە مایەی زوڵمکردن لە ئافرەت و سووکایەتی پێکردنی، بە پێی تێفکرینی ئەم دەقانەی سەرەوە.

ئەگەر پەیامی ئافرەتی کورد پێداگری بکات لەسەر بە واقعی کردنی ناوەڕۆکی دەقەکان، پێم وایە هەڵچوونە بێ بنەماکان سارد دەکاتەوە و دەتوانێ بەر پێی ئەوانەش بگرێ، کە بە ناوی ئایینەوە قبووڵی دیاردەی توندوتیژی و کپکردن و چەوساندنەوەی ئافرەتان دەکەن. حاڵیشی زۆر باشتر دەبێ لەو حاڵەی، کە ئێستا تێیدایە و بە دەست زۆرێك تێڕوانینی هەڵە و نەریتەوە گیری خواردووە و مافەکانی بە بیانووی جیا جیای دوور لە کرۆکیی ئیسلام پێشێل دەکرێ.

ئافرەت پیرۆزیی خۆی هەیە لە ئیسلامدا و ئیسلام بەرییە لە زۆربەی ئەو دیاردە ناشایستانەی بە ناوی جیا جیا بەرامبەر ئافرەت دەکرێ، ئافرەتی کوردیش کە خاوەن مێژوویێکی شەرەفمەند و ڕۆڵی قارمانانە و دڵسۆزانە و گیانی نیشتمانپەروەریی هەیە، جێی خۆیەتی لەم قوناغەدا هەموو ئەوانەی لەمەڕ ئافرەت قسە دەکەن بە گشتی و ئافرەتی کورد بە تایبەتی، هۆشیار بن لەوەی ئەگەر ئافرەتێك ڕووبەڕووی کێشەیەك بوویەوە، ئەرکیەتی هەوڵی زانینی سەرچاوەی کێشەکە بدات، کە لە کێوە هاتووە. نەك یەکسەر ڕێگەی هەڕشە و تانەدان لە ئیسلام بگرێتە بەر.

**خوای باڵادەست بۆ هەر یەکێ لە پیاو و ئافرەت ئەرک و کارێکی داناوە، کە لەگەڵ پێکهاتەی سرووشتی عەقڵ و ڕۆح و دەروون و جەستەیان بگونجێ**

**ئیسلام گرنگییەکی زۆر جددی داوە بە ئافرەت و هیچ کات شتێکی قبووڵ نیە، کە ببێتە مایەی زوڵمکردن لە ئافرەت و سووکایەتی پێکردنی**




# وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاریی ڕێکخراوی یوونیسێف هەوڵی گەڕانەوەی قوتابییە دابڕاوەکان دەدات

**هەتا ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگە کە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتییان بڕیوە، زیاتر بێت، کۆمەڵگەکە لە ئاستێکی بەرزی مەعریفی و سەقافی و هوشیاریدا دەبێت**

**زۆر پێویستە کە گرنگیەکی تەواو بدرێت بەوەی کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە لانی کەمەوە خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو بکەن. بەڵام مەرج نییە و پێویستیش نییە کە هەموو کەسێک خوێندنی زانکۆیی و خوێندنی باڵا تەواو بکات**

سەرەتا بەهزاد تاهیر سەلیم کە مامۆستای زانکۆیە، هێما بۆ ئەوە دەکات: «پرۆسەی خوێندن و فێربوون لە سەردەمی ئێستامان لە سێ قۆناغ پێکدێت، کە بریتین لە خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی، خوێندنی زانکۆیی و خوێندنی باڵا، ئەم قۆناغانەی خوێندنیش ئامراز و هۆی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی هەر کۆمەڵگەیەکن. بەڵام قۆناغی یەکەم کە بریتییە لە خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی کە تاکو پۆلی شەشەمی ئامادەییە، قۆناغی زۆر گرنگ و هەستیارن و پەیوەندە بە ئاستی هوشیاری و تێگەییشتوویی و ئاگایی خەڵکی ئەو وڵاتە. واتە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم جۆرە خوێندنە بریتییە لە سەرەتا و بناغە بۆ پتەوکردن و دەستپێکردنی قۆناغەکانی دی، بەڵکو زۆر پێویستە و گرنگیشە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی پێگەیشتوو و هوشیارمان هەبێت لە هەموو بوارەکانی ژیان. هەتا ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگە کە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتییان بڕیوە، زیاتر بێت، کۆمەڵگەکە لە ئاستێکی بەرزی مەعریفی و سەقافی و هوشیاریدا دەبێت. خوێندنی زانکۆیی یان خوێندنی باڵاش زۆر گرنگە بۆ وەرگرتنی پسپۆڕییەکی تایبەت، کەواتە زۆر پێویستە کە گرنگیەکی تەواو بدرێت بەوەی کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە لانی کەمەوە خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو بکەن. بەڵام مەرج نییە و پێویستیش نییە کە هەموو کەسێك خوێندنی زانکۆیی و خوێندنی باڵا تەواو بکات.» سەبارەت بەو هەوڵەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتیی ڕێکخراوی یوونیسێف کە دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی گەڕانەوەی قوتابییە دابڕاوەکان، یان ئەو قوتابییانەی کە هەرگیز نەچوونەتە بەرخوێندن، گوتی: «پڕۆژە و کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە کە هیچ کات نابێت سوودەکانی بۆ کۆمەڵگە نادیدە بگرین. بە گرنگیشی دەبینم کە تەواوی وەزارەتەکان و ئەنجومەنی وەزیران بە تایبەتی پاڵپشتیی ئەم هەوڵ و پلانە بن. چونکە وەك گوتم کۆمەڵگەی تەندروست بریتیە لە کۆمەڵگەی خوێندەوار و خوێنەر، نەك کۆمەڵگەیەك کە کەسانێکی زۆر بڕوانامەی بەرز و بێ ناوەرۆکیان هەیە و، هیچ کاریگەرییان لە سەر پێشکەوتن و بەرەوپێشبردنی زانست و تەکنەلۆجیا و تەواوی بوارە پێویستەکانی وڵات نییە.»

عوبێد خدر سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بابەتی گەڕاندنەوەی قوتابیانی دابڕاو، یان ئەو قوتابیانەی لە خوێندن بێبەش بوون، کە وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی و پاڵپشتیی ڕێکخراوی یوونیسێف لەم ماوەیە ئەنجامی دەدات، پڕۆژەیەکی گرنگ و پڕ بایەخە بۆ ئەو کەسانەی لە پرۆسەی خوێندن بێبەش بوون، یان تەمەنیان گونجاو نییە بۆ ئەوەی وەك قوتابییەکی ئاسایی درێژە بە خوێندن بدەن، من دەستخۆشی لە وەزارەت و ڕێکخراوی یوونیسێف دەکەم بۆ ئەم کارە، هەرچەندە پرۆسەیەکی پڕ لە ئاستەنگ و ناخۆشە، بەڵام ڕۆژانە لە گەڕەك و ماڵان دەگەڕێن و تیمی گەڕۆکیان بۆ پێکهێناون لە کەسانی شارەزا و لێهاتوو، بەتایبەت وەك توێژەر و ڕێنماییکاری پەروەردەیی، بۆ ئەوەی فۆڕم بۆ ئەو قوتابیانە پڕ بکەنەوە کە دابڕاون، یان هەر نەچوونەتە قوتابخانە، ئەوەش هەڵمەتێکە بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی ئەو کەسانە بۆ ناو پرۆسەی خوێندن، تا لە بوارە هەمە چەشنەکانی ژیان دانەبڕێن و، بتوانرێت دەرفەتێکی دیکەیان بۆ بڕەخسێندرێ و سوود لەو هەلە ببینن. من بە



**وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی ڕێکخراوی یوونیسێف دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی گەڕانەوەی قوتابییە دابڕاوەکان، یان ئەو قوتابییانەی کە هەرگیز نەچوونەتە بەر خوێندن، پڕۆژەکەش لە ڕێگەی ١٠٠ ڕێنماییکار بە چەندین تیم ئەنجام دەدرێت، کە کۆڵان بە کۆڵان لە سەرجەم گوند و ناحیە و قەزاکان و سەنتەری پارێزگای هەولێر دەگەڕێن و، لە دەرگای هەموو ماڵێك دەدەن و لە ڕێگەی فۆڕمێکی داتایێسەوە زانیاری وەردەگرن، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی زیاتر بۆ پڕۆژەکە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

کارێکی گرنکی دەزانم، دەستخۆشی لە پەروەردەی شارەکان و کارمەند و تیمە گەڕۆکەکان دەکەم، کە بەشداری لەم کارە جوانە دەکەن.»

لەلای خۆیەوە حەسەن سامی حەسەن، بەڕێوەبەری بەشی پلاندانان لە پەروەردەی گشتیی هەولێر، وردەکاریی پڕۆژەکە دەخاتەڕوو و هەر لەو بارەیەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند: «پڕۆژەی گەڕاندنەوەی ئەو قوتابییانەی کە دابڕاون، ڕێکخراوی یوونیسێف لە ڕووی داراییەوە پشتیوانیمان دەکات و تیمەکانی خۆمان جێبەجێی دەکەن، تیمەکانیشمان لە پارێزگای هەولێر لە ١٠٠ ڕێنماییکار پێکهاتوون بەسەر ٢٠ تیم دابەش کراون، هەڵمەتەکە هەموو قەزا و ناحیە و گوندەکانی سنووری پارێزگای هەولێری گرتووەتەوە، پرۆژەکە لە سنووری پەروەردەی گشتیی هەولێر بەڕێوە دەچێت، کە یازدە پەروەردەی قەزا و ناحییەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە، حەوتی ئەم مانگە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی پڕۆژەکە بوو، بۆ ماوەی ٧٠ ڕۆژ بەردەوام دەبێت. بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەبەر دەستمانن، ئامارەکان دڵخۆشکەرن، ئامانجمانە نزیکەی حەوت هەزار قوتابی بە لانی کەمەوە بگەڕێنینەوە بەر خوێندن، دڵنیام ژمارەکە لەوەندەش زیاتر دەبێت، چونکە تیمەکانمان چالاکانە ڕۆژانە سەردانی دایك و باوکەکان دەکەن، پڕژەکەمان گشتگیرە و ئامانجمان هەم گەڕاندنەوەی قوتابیی دابڕاوە، هەم منداڵی تۆمار نەکراو، دابڕاو ئەو قوتابییانە دەگرێتەوە بە هۆکارێك لە هۆکارەکان لە خوێندن دابڕاون، تۆمار نەکراویش ئەو منداڵانەن کە بە هیچ شێوەیەك نەچوونەتە قوتابخانە و تا ئێستا ناونووس نەکراون.» گوتیشی: «ئەو قوتابیانەی کە دەگەڕێنەوە دووبارە ناویان تۆمار دەکرێتەوە، ئەو قوتابیانەش کە ئارەزوومەند نین بگەڕێنەوە، فایلیان بۆ دەکەین و هەوڵ دەدەین ساڵی داهاتوو بە هەمان شێوە کار لەسەر ئەو کەیسانە بکرێت، لەبەر ئەوەی هەموو تاکێك مافی خوێندن و فێربوونی هەیە، ئەو هەڵمەتە وادەکات لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی قوتابی لەو پۆلەی کە جێی هێشتووە، دەست بە خوێندن بکاتەوە، ئێمە بە هەموو شێوەیەك ئاسانکارییان بۆ دەکەین، تەنانەت بۆ ئەمساڵ وادەی گەڕانەوەی قوتابییان ١ ی ١١ دوا دەرفەت بوو بۆ گەڕانەوەی قوتابییانی دابڕاو، بەڵام ئێمە لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژەیە ماوەکەمان بۆ ٣١ی ١٢ درێژ کردەوە».

بەڕێوەبەری بەشی پلاندانان لە پەروەردەی گشتیی هەولێر، ئەوەشی خستەڕوو: «ساڵی پار پڕۆژەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی یوونیسێف و یونسکۆ و دەزگای خێرخوازیی بارزانی جێبەجێ کرا، بەڵام پڕۆژەکە تەنیا لە پێنج پەروەردە جێبەجێ کرا، لە کۆی ٣٥٠٠ قوتابی ئامانجمان بوو ٢٥٠٠ قوتابی بگەڕێنینەوە بەر خوێندن، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە توانیمان ٢٨٤٠ قوتابی بگەڕێنینەوە بەر خوێندن. هاوکات ئەو پڕۆژەیە لە پەروەردەی گشتیی دهۆك و سلێمانی بە هەمان شێوازی کارکردن و لە هەمان کات جێبەجێ دەکرێت. ئێمە بە هەموو توانایەکمان هانی دایك و باوکان دەدەین بۆ ئەوەی ناوی منداڵەکەیان تۆمار بکەن، هەروەها داواکارین لە ڕێگەی میدیاوە هانی دایك و باوکەکان بدرێت، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە دەرفەتی فێربوون بێبەش نەبن.

**کەسانێکی زۆر بڕوانامەی بەرز و بێ ناوەرۆکیان هەیە و، هیچ کاریگەرییان لە سەر پێشکەوتن و بەرەوپێشبردنی زانست و تەکنەلۆجیا و تەواوی بوارە پێویستەکانی وڵات نییە**

**ڕێکخراوی یوونیسێف لە ڕووی داراییەوە پشتیوانیمان دەکات و تیمەکانی خۆمان جێبەجێی دەکەن، تیمەکانیشمان لە پارێزگای هەولێر لە ١٠٠ ڕێنماییکار پێکهاتوون بەسەر ٢٠ تیم دابەش کراون**

# خانمان لە پێشوازیی ٢٥ی نۆڤەمبەر دۆخی مافەکانی ئافرەت گەنگەشە دەکەن



**ڕۆژی٢٥ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی توندوتیژیی بەرامبەر ئافرەتانە و بە شانازییەوە لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی وڵاتانی جیهان بایەخی پێ دەدرێت و کەمپەینی ١٦ ڕۆژەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ڕێك دەخرێت و، تا ڕۆژی ١٠ی دیسەمبەر کە دەکاتە ڕۆژی جیهانیی مافی مروڤ ئەم هەڵمەتە بەردەوام دەبێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان شرۆڤەی زیاتری پرسی توندوتیژی دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆی سێ ئافرەت لە جیهاندا، یەکێکیان بە لایەنی کەمەوە جارێك لە ژیانیدا ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی دەبێتەوە و ١٢٠ ملیۆن ژن لە جیهاندا لە یەکێك لە قۆناغەکانی ژیانیاندا دەستدرێژیی سێکییان بەرامبەر کراوە و، زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆن کچ لە جیهاندا بە منداڵی و مێرمنداڵی بە شوو دراون.

تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتیی یاسا لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان وەکو دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە کۆتایی ساڵ بەپێی ئامارەکان دیراسەی دۆخەکە دەکەن، بەڵام ئەوەی کە تێبینی کراوە بۆ ئەمساڵ، «ڕێژەی کوشتنی ئافرەتان بەراورد بە ساڵانی پێشوو کەمتر بووەتەوە»، هاوکات دەڵێت: «ئێستا شێوازی دیکەی پێشێلکاریی مافەکانی ئافرەت تەشەنەی کردووە، لەم دواییانەدا بازرگانیکردن بە ئافرەت و بە منداڵان بە شێوەی جیا جیا ڕێژەکەی لە هەڵکشاندا بووە، بۆیە پێویستە بە گوێرەی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئێمە یاسایەکمان هەیە کە یاسای ژمارە ٢٨ ی ساڵی٢٠١٢ یەو لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە دەرچووە و، لە پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨ پەسەند کراوە و، لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت، چونکە کەیسی بازرگانیکردن بە ئافرەت لە ئێستادا بە

شێوەیەکی بەرچاو لە میدیاکان و یانەکانی شەوان و ئەوانەش کە لە سۆشیال میدیا دەردەکەون، بە شێوەیەکی زۆر زەق وای کردووە ئەو پرسە هیچ پێناسەیەك هەڵنەگرێت و، بڵاوکردنەوەی کەلتوورێکی نامۆیە بە خەڵکی کوردستان و، ئەوەش نەك تەنیا کاریگەری خراپی لەسەر خودی ئافرەتەکە دروست کردووە، بەڵکو بە شێوەیەکی نەرێنی کۆمەڵگەشی بە گشتی نیگەران کردووە، دیسان بابەتێکی دیکەی گرنگ کە هەڕەشەیە بۆ سەر مافەکانی ئافرەت ئەویش هەڵکشانی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەرانە، دەتوانین بڵێین کە ئەو ڕێژەیە بە شێوەیەك زیادی کردووە، کەوا پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنە، پێویستی بە دانانی پلانی زانستی گرنگ هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییە، لە ئێستادا هیچ میکانیزمێکی ئەوتۆمان لەبەر دەستدا نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتە.» گوتیشی: «گرفتێکی دیکە کە ئێستا ڕووبەڕووی ئافرەتان بووەتەوە، بەکارهێنانی مادەی هۆشبەرە و لە ناو ئافرەتاندا ڕوو لە هەڵکشانە، ئافرەتێکی زۆر هەم ڕاگیراو، هەم حوکمدراو لە بەندیخانەکاندان کە بە هۆی بەکارهێنانی مادە هۆشبەر لە چاکسازییەکانی ئافرەتان هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی جیا بوونیان هەیە، ئەوانە کۆمەڵێك پرسی گرنگن و مەترسیدارن، کە پێویستە لە ئێستادا کاری لەسەر بکەین و بە جددی پلانی بۆ دابڕێژرێت».

ناز فەلەکەدین کاکەیی بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی هەولێر، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «کەسانێك ژن و باسی ژن لە بەرنامەکانی بەرەنگاربی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، وەك ڕێکلام و دانیشتن لە سەر کورسیی کۆبوونەوە کان دەبینن، بۆ ئەو پیاوانەی کە لە بەرنامە تەرخان کراوەکان لە پێش ژنان لە هۆڵەکان دادەنیشن و لە ماڵەوەشیان کەنیزەیەك بە ناوی ئافرەت لە چواردیواری ماڵ دەبەستنەوە، بۆ ئەوانەی ژن وەك مەزەی مەی خواردنەوەیانە.» هاوکات دەڵێت: «دۆخی ژن و گرفتەکانی تەنسا ڕێکلامی کاناڵەکان و فەیسبووك و وێنەگرتن لە شازدە ڕۆژی کۆنفرانسەکانی کێشەی ژنان نییە، بەڵکوو ئەو عەقڵییەتەیە کە واتای ژن، چێژە، جەستەیە و بچووکییە، زەعیفییە و بەس، کەسانێك گاڵتە بە جەستەی رووکەشی ژن دەکەن. بەڵام ژن واتای دایکە، گەورەتر لە واتای مرۆڤ، هێزە، گەورەتر لە هێزی چێژ و هەموسی پەرپووتی ئاژەڵ بوون.» گوتیشی: «ئافرەت کۆمەڵێك لە داستان و وشەی ڕاستەقینەیە، پیاویش لە خۆێنی پڕ لە هەستی ژنێك لە دایك دەبێت، ژن جوگرافیایەکی ئاڵۆزە، کە بە حەز و بۆچوونی گەمژەکان کەشف نابێت، تەنیا جەستەی ڕووکەشی بۆ بیر و بۆچوونی تەسك و پڕ لە نەخۆشیی مێشکە بیمارەکان کۆتایی نایەت، بەڵکو هەست و ڕەگ و دەمار و ڕۆحی ئافرەت پڕە لە نەخشەی نەناسراو، کە تا ئێستا هیچ (کریستوف کلۆمب)ێك کەشفی نەکردووە، ژن، پۆرنۆگرافی و جەستە بازاڕی نێو خەیاڵەکان نییە. بەڵکو تێکۆشانێکە بۆ گەشانەوەی مرۆڤایەتی و باوشێکە بۆ خۆشەویستی و عەشقی ئینسانی، عەشقی ژن سیاسەتی ژیان دەگۆڕێت، بەڵام ژن بەردەوامە لەگەڵ کۆسپە نارەواکان، لەگەڵ چاوە برسییەکان کە جەستەی بە چێژێك دەبینن، ژن ڕێکلام نییە، بەڵکو وڵاتە».

پارێزەر شاد ڕزگار بەرپرسی ئەنجومەنی هەڵبجەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە و سەرەتا بەم جۆرە پێناسەی توندوتیژی دەکات: «توندوتیژی هەر کردارێکە، یان هەڕەشەکردنێکە کە ببێتە هۆی ئازارێك، یان زەبرێکی جەستەیی، یان سێکسی، یان دەروونی. ئەگەر هاتوو ئەم توندوتیژییە لەلایەن خزم و کەسی نزیك وەك هاوسەر و خزم تا پلە چوار ئەنجام درا، ئەوا ئەو توندوتیژییە دەبێت بە توندوتیژی لە چوارچێوەی خێزاندا و یاساییەکی بۆ دەرچووە بە ناوی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و بە یەکێك لە یاسا گرنگەکانی هەرێم هەژمار دەکرێت» هاوکات دەڵێت: «توندوتیژی دەستەواژەیەکی جیهانییەوە شتێك نییە بە تەنیا لە وڵاتەکەی ئێمە هەبێت، بەڵام شێوازی توندوتیژییەکە و جۆر و چەندایەتییەکەی لە وڵاتێك بۆ یەکێکی دی گۆڕانی بەسەردا دێت. بە کورتی لە هەر شوێنێك ئافرەت هەبێت، توندوتیژییش هەیە، چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی، ئاسەواری دیار بێت، یان ناوەکی و نادیار، توندوتیژی هەیە و ناکرێت بڵێین ڕەوشی ئافرەتان زۆر باشە و دوورن لە توندوتیژی، ئەوە شتێکە هەتا ژیان ماوە، توندوتیژی بنبڕ ناکرێت، بەڵام دەکرێت بە هەموومانەوە هەوڵی کەمکردنەوەی بدەین، مەرجیش نییە ئەو ئافرەتەی توندوتیژی بەرامبەر کراوە، نەخوێندەوار بێت، یان ئافرەتی ماڵەوە بێت، یان کارمەند و دەوڵەمەند یان هەژار بێت، جوان، یان ناشیرین بێت، لە هەموو چینەکانی زۆر جار ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە لە لایەن ڕەگەزی بەرامبەر، مەرجیش نییە هەر لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەر بێت، زۆر جار توندوتیژییەکە لە لایەن خودی ئافرەت بەرامبەر بە ئافرەتی دیکە دەکرێت». گوتیشی: «زۆرجار کاتێك پرسیاری ئەوەمان ئاراستە دەکرێت کە ئایا توندوتیژی لە شارەکە بوونی هەیە، بە ڕاشکاوی دەڵێین: بەڵێ هەیە و، ڕێژەکەشی بەرزە، کەچی ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبینەوە و کەسانێك دەڵێن: نەخێر توندوتیژی نییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرێك لە خەڵك توندوتیژی تەنیا لە کوشتن و بڕین و ئازاری جەستەیی دەبینن و بیر لەوە ناکەنەوە کە چەندین جۆر لە توندوتیژی بوونی هەیە و، دەکرێت هەندێك جۆری شاراوەی هەبێت و، بە ئاشکرا بە کەسەکەوە دیار نەبێت کە توندوتیژی بەرامبەر کراوە، زۆر جار ئەو توندوتیژییە شاراوە و نادیارانە بۆ هەندێك ئافرەت چەندین جۆری نەخۆشیی دەروونی و خەمۆکی دروست کردووە، کە ئەگەر توندوتیژییەکەش بەردەوام بوو، دەبێتە گرێی گەورەی دەروونی و دواجار بە خۆکوشتن، یان کوشتنیش کۆتایی دێت».



تاڤگە عومەر:

**ڕێژەی کوشتنی ئافرەتان بەراورد بە ساڵانی پێشوو کەمتر بووەتەوە بەڵام ئێستا شێوازی دیکەی پێشێلکاریی مافەکانی ئافرەت تەشەنەی کردووە**



ناز فەلەکەدین کاکەیی:

**ژن واتای دایکە، گەورەتر لە واتای مرۆڤ، هێزە، گەورەتر لە هێزی چێژ و هەموسی پەرپووتی ئاژەڵ بوون**



شاد ڕزگار:

**زۆرجار پرسیاری ئەوەمان ئاراستە دەکرێت کە ئایا توندوتیژی بوونی هەیە، بە سەراحەت دەڵێین: بەڵێ هەیە و، ڕێژەکەشی بەرزە، کەچی ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبینەوە**

# شانۆ لە کەرکووک

چیرۆکی شانۆی کوردی لە کەرکوك بە لای کەمەوە بۆ ٧٠ ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، شانۆکارانی دێرینشار دەگێڕنەوە، شانۆ لە شارەکانی دیکەی باشووری کوردستاندا کێشەی ئەکتەری مێی هەبوو، بەڵام لە قوتابخانەکانی کەرکووکدا کچان ڕۆڵی کوڕانیشیان بینیوە، بەر لەوەش، لە چایخانەکانی کەرکووك و لە ماڵاندا، دابی حەکایەتخوانی لە شاردا گەرم بووە.

تاریق کارێزی









لە یەکەمین فیستیڤاڵی هونەریی کوردی کە ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا بەڕێوە چوو، شانۆکارانی کەرکووك لەسەر ئاستی کوردستاندا خەڵاتی شانۆیان بردەوە. گەورە هونەرمەندانی وەك سەلمان فایەق، فازڵ جاف، جیهاد دڵپاك، جەلیل زەنگەنە، مەهدی ئومێد و دەیان ناوی دیکە، نیو سەدە بەر لە ئێستا شانۆیان لە نێو شاری کەرکووکدا کرد بوو بە هونەرێك، بۆ ڕەخنە و ڕووبەڕوو بوونەوەی داگیرکاری و ستەم.

جومگەیەکی دیکەی مێژووی شانۆی کوردی لە کەرکووك بۆ ساڵانی سەختی دوای ١٩٧٤ تا دەگاتە ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە، بەعسی داگیرکەر بۆ ماوەی نزیکەی ٣٠ ساڵ هەموو جۆرە چالاکییەکی هونەر و وێژەی کوردیی لە کەرکووکدا قەدەغە کرد، شانۆکارانی شار لە سرکی و جووڵە نەکەوتن، چەندین تیپی شانۆ لە شاردا دروست بوون، بوون بە هەناسەی هونەر لە شارێکی ژێر دەستی داگیرکەردا، لە دوایین دە ساڵی سەدەی ڕابردووشدا تا ڕووخانی سەدام لە ٢٠٠٣، شانۆکارانی شار نەیانهێشت مەشخەڵی هونەری کوردی لە کەرکووکدا خامۆش ببێت.

لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردووشدا، هونەری شانۆ لە کەرکووك بەشێك بوو لە دۆخی مۆلەقی شارەکە، هەردەم بۆ هەر پێشهات و ڕووداوێك کە بەرۆکی شاری گرت بێت، شانۆکاران قسە و نمایشی خۆیان هەبووە. ئەگەرچی کەرکووك لە زۆر ڕووەوە لە چاو شارەکانی دیکەی باشووری کوردستاندا بێنازی و فەرامۆشیی پێوە دیارە، سێبەری هەڕەشەی داگیرکەری بەسەرەوەیە، بەڵام شانۆکارانی شار بەیداخی پێشەنگایەتیی هونەری شانۆی کوردییان لەسەر ئاستی باشووری کوردستاندا بە دەستەوەیە. بۆ ئەم قسەیەی دواییان چەند نموونەیەکتان عەرز دەکەم:

لە چەندین فیستیڤاڵی دەرەوەی کوردستاندا لە (میسر و توونس و شوێنانی دیکەش)، هەروەها لەسەر ئاستی عێراقیش، شانۆکارانی کەرکووك نوێنەرایەتیی شانۆی کوردییان کردووە، تا ئێستا چەندین خەڵاتیشیان بەدەست هێناوە، لەسەر ئاستی کوردستانی باشوور و بەشەکانی دیکەی وڵاتیش، شانۆکارانی کەرکووك هەمیشە ئامادە بوون و نمایشی شانۆکارانی کەرکووك جێی شایستە بە خۆی گرتووە.

گەورەترین و قورسترین ئەرك کە شانۆکاران گرتوویانەتە ئەستۆ، چەکی ڕەخنە و بەرەنگارییە دژ بە داگیرکەر و هەر هەڕەشەیەك کە لە خەڵکی کەرکووك و ناسنامەی کوردستانیانەی شارەکە دەکرێت. بەر لە چەند مانگێك تیپی شانۆی ئاشتی نمایشی «ترسنۆکەکان مێژوو دروست ناکەن»ی هەم لە کەرکووك و هەم لە گوندەکانی داقووق نمایش کرد، نمایشەکەیان پشتیوانی بوو لە جووتیارانی کورد، کە نەکا کۆڵ بدەن و خاك ڕادەستی هاوردەی داگیرکەر بکەن.

زۆر ڕوون و ڕەوان دەکرێت بڵێین، شانۆ چەشنە هونەری هەرە کاریگەر و چالاکی ئێستای شاری کەرکووکە، ڕاستە جۆرەکانی دیکەی هونەر (شێوەکاری، مووزیك، دراما، سینەما)ش تا ئەندازەیەکی باش ئامادەییان هەیە، بەڵام بۆ قسەکردن و هەڵوێست دەربڕین بەرانبەر بە هەر دیاردە و ڕواڵەتێك کە تەنگ بە کەرکووك و کەرکووکییەکان هەڵبچنێت، شانۆ هونەری هەرە ئامادەیە. تیپی شانۆی ئایندە کە شەش گەنجی شارەکە ئەم ساڵ دایانمەزراند، تا ئێستا چوار نمایشی شانۆی شەقام و شانۆی



نێو هۆڵیان پێشکەش کردووە، دوایین بەرهەمی ئەم تیپە نمایشێکە بە ناونیشانی (کاتی یەکگرتنە) لە سیناریۆ و دەرهێنانی بەشدار سەید و نواندنی (هێرش جێماو، حەمدی حەمە ئەمین، یوسف نیزام، ئەیوەت کاکەیی)، هەر لەم ڕۆژانەدا لە ڕەواندزەوە شانۆکاری کەرکووك حەمەی شانۆ بە خەڵاتی باشترین ئەکتەرەوە بەرەو کەرکووك گەڕایەوە.

شانۆ لە کەرکووك دەنگ و ڕەنگە، هەڵوێست و چەکە، بەرەو ڕووی ستەم و عەرەباندن و داگیرکەر وەستاوەتەوە، شانۆکارانی شاریش خۆبەخشانە و بێ کۆمەك و پشتیوانی، بەردەوام لە نێو شاردا گەشە بە هونەرەکە دەدەن. ئێستا کەرکووك پێشەنگی شانۆی کوردییە لە ئاستی باشووری کوردستاندا، ئازایەتی و شکۆی ئەمەش بۆ شانۆکارانی شار دەگەڕێتەوە. ئەمساڵیش لە سەرەتای تشرینی دووەمەوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك، تیپی شانۆی کەرکووك نمایشێکی بەرز پێشکەش دەکات، واش مەزانن ئەمە هەموو چیرۆکی شانۆیە لە کەرکووك، ئەمە تەنیا سەرە قەڵەمێکی باسەکەیە.












# شوان عەتووف بە چوار فیلمی سینەمایی بەشداری لە فێستیڤاڵی فیلمی «دهۆک» دەکات




**سینەماکاری کورد «شوان عەتووف» لە ڕێی چوار فیلمی سینەماییەوە، بەشداری لە بەشە جۆراوجۆرەکانی هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆک» دەکات.**

سینەماکاری کورد «شوان عەتووف» لە ڕێی چوار فیلمی سینەمایی لەوانە: فیلمی سینەمایی «٠٩» Zero Nine لە دەرهێنانی «بەختیار فەتاح» لە بەشی «پانۆراما»، فیلمی سینەمایی «ئەزموون» The Exam لە دەرهێنانی «شەوکەت ئەمین کورکی» وەك فیلمی کردنەوەی فێستیڤاڵ، فیلمی سینەمایی «بێ نیشتمان» Landless لە دەرهێنانی «تورەج ئەسڵانی» لە بەشی پێشبرکێی سەرەکی و هەروەها فیلمی سینەمایی «خاکی پیس» Dirty Landls لە دەرهێنانی ئاڵا هۆشیار لە بەشی پێشبرکێی سەرەکی، بەشداری لە هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆك» Duhok کرد.

هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆك» لە چەندین بەشی پێشبڕکێی و دەرەوەی پێشبڕکێی، لەوانە: بەشی پێشبڕکێی «سینەمای جیهان»، بەشی پێشبڕکێی «سینەمای کوردی»، بەشی «ڕوانینێك بە سینەمای جیهان»، بەشی «پانۆرامای سینەمای کوردی»، بەشی «نمایشی تایبەت» و ...هتد، لە ڕۆژانی ١٥ تا ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ لە هۆڵی «کۆنگرە»ی زانکۆی دهۆك و هەروەها لە هۆڵە سینەماییەکانی ناوەندی «مازی مۆڵ» لە شاری دهۆك لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەمە سێیەمین بەشداریی شوان عەتووفە لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆك» و، ئەم خولەش وەك یەکێك لە چالاکترین سینەماکارانی باشووری کوردستان بەشدارە.

# به فیلمی سینەمایی «ئەزموون» هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆک کرایەوە

به نمایشی فیلمی سینەمایی «ئەزموون» له دەرهێنانی سینەماکاری کورد «شەوکەت ئەمین کورکی» هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆك» بە فەرمی دەستی پێ کرد.

فیلمی سینەمایی «ئەزموون» The Exam چوارەمین فیلمی بلّندی سینەماکاری کورد «شەوکەت ئەمین کورکی»، له بەرهەمهێنانی «مەمەد ئەکتاش»، بەرهەمی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ئەڵمانیا و قەتەر، دوای بەشداریی له بەشی «پێشبڕکێی سەرەکی» Crystal Globe له پەنجا و پێنجەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «کارلۆڤی ڤاری» له وڵاتی کۆماری چیك و، بەدەستهێنانی خەڵاتی فیدڕاسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕخنەگرانی فیلم «فیپیڕشی» FIPRESCI ئەم ڕووداوە گرینگ و پلە یەکەی سینەمای جیهان و، هەروەها نمایش له بەشی «پێشبڕکێی سەرەکی» نۆزدەیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «تیرانا» Tirana له وڵاتی ئەڵبانیا و، بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین سیناریۆی ئەم ڕووداوە گرینگە سینەماییە باوەڕپێکراوەی ئاکادیمیای ئۆسکار Oscar® qualifying، له نوێترین بەشداریی نێودەوڵەتیی خۆیدا، ڕۆژی دووشەمەی ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ له ڕێوڕەسمی دەستپێکی هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆك» له هۆڵی «کۆنگرە» له زانکۆی دهۆك، چووە سەر پەردەی سینەما، هەروەها ڕۆژی پێنجشەمە ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١ له دووهەمین سانسی خۆیدا نمایش کرا.

لەم فیلمە سینەماییەدا کۆمەڵێك ئەکتەری بەئەزموونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەندین ئەکتەری لاو ڕۆڵیان تێدا بینیوە، لەوانە (ئاوان جەمال، ڤینا سالار، حوسێن حەسەن، شوان عەتووف، هوشیار زێڕۆ نێروەیی، نیگار عەسمان، کاوە قادر، عادل عەبدولڕەحمان، حەمەڕەشید هەرەس و یانا توانا).





# جنیفەر لۆپێز واز ناهێنێ

جنێفەر لۆپێزی ئەکتەر و گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی ڕایگەیاندکە ئەو بە هیچ شێوەیەك ترسی لە بە ساڵاچوون و پیر بوون نییە، چونکە دڵنیایە لەوەی زوو، یان درەنگ پیر دەبێت.

لۆپێز لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەری (ET) دووپاتی کردەوە، کە هێشتا خۆی بە گەنج دەزانێت، لەم بارەوە گوتی: «سەرەڕای ئەوەی تەمەنم نزیکی پەنجا ساڵ بووەتەوە، بەڵام تا ئێستا توانیومە گەنجێتی خۆم بپارێزم، ئەویش لە ڕێگای خواردنی تەندروست و ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی بەشێوەیەکی بەردەوام، بەتایبەتی لەگەڵ ئەلیکس ڕۆدیگزی خۆشەویستم، کە یاریزانێکی ناسراوی بەیسبۆڵە و هاوکاریی زۆرم دەکات.»

ئەو ئەستێرە جیهانییەی کە بە ڕەچەڵەك لاتینییە، ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەو لەو کەسانە نییە کە لە ئاهەنگ و فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا حەز بە خۆ دەرخستن بکات، بەڵکو حەز ناکات و نایەوێت لەو جۆرە ئاهەنگ و فیستیڤاڵانەدا لەگەڵ هیچ کەسێك قسە بکات.

**سەرچاوە: گولولی**

### کلاوس شتاینێک دەرهێنەری ئەڵمانی:

# نابێ هەستەکان پشتگوێ بخەین


«کلاوس شتاینێك» بەڵگەفیلمسازی ناوساوی ئەڵمانی، لە کۆبوونەوەی پسپۆڕانەی مەجازیی «٢٠.٣٨» لە سی و هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی تاران، ڕایگەیاند: «پرسپێکتیو یا خاڵی بینینیش لە یەك فیلمدا گرنگە، لەم بابەتەدا دەکرێ کەڵکی زۆرتر وەربگیرێت، ئەو کەسانەی کە بۆیان گرنگە کەڵك لە خاڵەکانی بینینی جۆراوجۆر وەربگرن، فیلمەکەیان وەکو یەکەیەکی تەواو و کامڵ، باشتر کار دەکات. یەکێکی دیکە لە لایەنە باشەکانی پرسپێکتیو ئەوەیە کە بە کەڵك وەرگرتن لەوە، دەکرێت شێوازە جۆراوجۆرەکانی هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتێك وێنەی بگیرێت. دەتوانرێ دوو جۆر خاڵی بینین لەبەر چاو بگیرێت؛ خاڵی بینینی یەکەم، خاڵی بینینی نووسەر و دانەرە کە لە بنەڕەتدا گشتگیرە و هەندێك جار لەمەدا وەك «خاڵی بینینی خودا» یادی لێ دەکرێت، ئێستاش بە دەرکەوتنی پەهبادەکان چەند نموونەیەك لەم خاڵی بینینەی نووسەر لە فیلمەکاندا دەبینین، پرسیارێك کە دێتە ئاراوە، ئەوەیە کە ئەم خاڵی بینینە خاڵی بینینی چ کەسێکە؟ جێگرەوەیەك کە بۆ خاڵی بینینی دانەر و نووسەر هەیە، خاڵی بینینی تاکە کەسییە؟».

ئەو لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەی پسپۆڕانەیەدا گوتی: «هەندێك جار پرسیارێك کە دێتە ئاراوە، ئەمەیە کە ئایا بۆ فیلمێکی بەڵگەیی مۆڵەتی دروستکردن و بەرهەمهێنانمان هەیە؟ لەم بارەیەوە وەڵامی من ئەرێنییە، بۆ وێنە لە بواری دەنگەکانی ئامبیانس هەندێك جار لەوانەیە کە دەنگەکان خوازراو بن، بۆ وێنە جاری واهەیە بە دەنگی یەك ماتۆڕسکیل، دەنگی نەعرەتەی شێر زیاد دەکرێت و ئەم دەنگە وەرگیراوە، هەندێك جار ئەم بابەتە دێتە ئاراوە کە بەڵگە فیلم، دەبێ هەر فیلمی بەڵگەیی بێت، بەڵام هەندێك بابەتیش دەکرێت دەستوەردانی تێدا بکرێت، بەڵام دەکرێت چەند بەشێك لە یەك ڕاستەقینە کۆپی بکرێت و دووبارە نیشان بدرێتەوە. واتە دەکرێت لە لایەنی خولقاندن و لایەنی دووبارەکردنەوە کەڵکی لێ وەربگیرێت».

زیاتر گوتیشی: «هەڵبەت ئێمە دەبێ لە تەنیشت ئەم بەسەرهاتەدا ئاگادار بین کە لە ژیانی ڕاستەقینەشدا ساختەکاریی هەڵبەستراوی زۆر هەیە، لە کۆمەڵگودا زۆربەی خەڵك تەنیا بە چوارچێوە و گۆڕینی ڕوخسارەوە دەبینین و دوور کەوتنەوە لە ڕاستەقینە بە شێوەی ڕۆژانە لە هەموو وڵاتەکاندا ڕوو دەدات، بەڵام دەبێ بتوانین دیاریی بکەین کە کام یەك لە قسەکان درۆیە و کام یەك دروست و ڕاستەقینەیە؟. »

ئیشتاینێك جەختی کردەوە کە هەندێك کەس داخوازیی ئەوە دەکەن کە فیلمی بەڵگەیی دەبێ تەنیا باسی خودی ڕاستەقینە بکات، کە ئەمە شتێکی بێ مانایە، لەبەر ئەوەی کە گەیشتن بە ڕاستەقینەی تەواو نامومکینە، نمایشکردنیشی ئیدی با بمێنێت، هەڵبەت ئەم کارە بە مانای ئەوە نییە کە بەڵگەفیلمساز کاری بە ڕاستەقینەوە نییە، بەڵکو ئامانجی سینەماکاری بەڵگەفیلم دەبێ گەیشتن بە ڕاستەقینە و نزیك بوونەوە لەو بێت، ئەمە ئەرکی بەڵگەفیلمسازە، هەڵبەت ئەمەش بە واتای ئەوە نییە کە لەم فیلمانەدا خولقاندنێك ئەنجام نەدراوە، بەڵام بەڵگەفیلمساز دەبێ زیاتر لە ڕاستەقینە نزیکتر ببێتەوە.

هەروەها ئەوەشی خستە ڕوو کە لە چوارچێوەی



**کۆبوونەوەی پسپۆڕانەی مەجازیی «٢٠.٣٨» بە ئامادەبوونی «کڵاوس ئیشتاینێك» Klaus Stanjek بە تەوەری سینەمای بەڵگەیی لە سی و هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی تاران لە پەردیسی سینەمایی «ئێران ماڵ» بەڕێوە چوو.**

**ئا: مەنسور جیهانی**

ئەرکەکانی دەرهێنەریدا دەبێ بە ڕێنوێنیکردنی بەردەنگ و بینەرەکان سەرنج لە هەندێك لە فیلمەکان بدەین، سەرنجدانی بەردەنگ بە فیلمی کراوەیە، بەڵام ئەگەر بڕیار وایە کە فیلمی بەڵگەیی توند و چڕوپڕ بێتە بەرهەم، یەکێك لە خاڵە گرنگەکان ئەوەیە کە دەرهێنەر بتوانێت سەرنجی بەردەنگەکان کۆنترۆڵ و ڕێنوێنی بکات، وێنەگری فۆتۆگرافی و شێوەکاری چەندین ستراتیژی جۆراوجۆریان بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێنوێنی کردنی «سەرنج»ی بینەر هەیە، بەڵام بە شێوەیەك کە هەندێك جار بەردەنگ دەتوانێت لە وێنەدا و بۆ هەرچی دڵی ویستی هەنگاو بنێت، سەرنج بدات. هەروەها لێکچوو و هاوشێوەی ئەم بابەتە لە فیلمی بەڵگەییشدا دەتوانێت هەبێت، هەرچەندە کۆنترۆڵکردنی دەرهێنەر لە ڕێنوێنیکردنی سەرنجی بەردەنگ زیاتر بێت و، کاریگەریی دەرهێنەر لە دوای بینینی فیلمەکەش توند و چڕوپڕتر دەبێت.

ئەم دەرهێنەرە ئەڵمانییە لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ڕایگەیاند: «کامێرا دەرهێنەر ئامراز و کەرستەگەلی جۆربەجۆری لەبەر دەستدایە، وەك زووم بۆ دوور و نزیککردنەوە، تراولینگ و هتد...، ئامانج لە کەڵك وەرگرتن لەم کەرستە و ئامرازانە ڕێنوێنیکردنی وردبوونەوەی بینەرە».

ئەو هەروەها گوتی: «خاڵێکی دیکە پێکهاتەی فیلمەکەیە، هونەرەکان لەسەر بنەمای پێکهاتەن، بەڵگەفیلمیش بەو چەشنەیە کە پێکهاتەی ناوەوەی هەیە، هەرچەندە ئەم پێکهاتە ناوخۆییە کەمتر دژوار بێت و سادەتر دەربڕدرێت، فیلمی بەڵگەیی بەهێزتر دەبێت. فیلم دەبێ بتوانێت بۆ بەردەنگ شیاوی وەرگرتن و تێگەیشتن بێت، ئەگەر وا لەبەر چاو بگرین، کە پێکهاتەی ناوەوەی بەڵگەفیلم وەك یەك زنجیر، ن یەك مارپێچ بێت، بینەر بۆ ئەم پێکهاتە ناوخۆییە ڕێگا پەیدا ناکات و سەرگەردان دەبێت».

ئیشتاینێك ڕایگەیاند: «خاڵی دوایی بەربەستەکانن، دەبێ بەو پێچاوپێچی و دژوارییانەی کە لە ناوەرۆکدا هەیە، ئاگادار بین، لەبەر ئەوەی کە بەردەنگ دەبێ سەرنجی بداتێ و ئاگاداری بێت و، نابێ ئەو وزەیەی کە لەو بەربەستانەدا هەیە، فەرامۆشیان بکەین».

ئەم بەڵگەفیلمسازە بەئەزموونە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «ڕەوتی سرووشتی و ئاسایی گوتار لە فیلمیشدا یەکێکە لە خاڵەکانی دیکە، ئەم بابەتە هەر مرۆڤێك دەتوانێت بە ئاسوودەیی لێی تێبگات، ئەگەر گوتاری فیلم زۆر ڕاستەوخۆ و ئاسایی بێت، هەندێك جار ئەمە باش نییە، بەڵکو ڕەوتی سرووشتیی گوتار لەگەڵ وەستان و وچانی باش، یارمەتیی و بایەخ و بە پێگەی فیلمێك دەدات و ئەو فیلمە پڕبایەختر دەبێت».

لە کۆتایی قسەکانیدا گوتیشی: «خاڵی دواتر هەستەکانە، نابێ هەستەکان لە بەرهەمهێنانی یەك فیلمدا نادیدە بگرین، هەڵسوکەوتێکی کۆن سەبارەت بەم بابەتە هەیە، کە هەندێك دەیانگوت بەڵگەفیلم دەبێ تەنیا خودی ناخی فیلمی بەڵگەیی بێت و هەستەکان لە بواری فیلمەکانی چیرۆکی و درامیدا هەیە، بەڵام بە بۆچوونی من بەم شێوەیە نییە».

لاجان حەمید ڕاهێنەری لەشجوانی:

# ئەو ڕۆژەی وەرزش نەکەم وا دەزانم شتێکی گەورەم ون کردووە



له ماوەی ڕابردوودا له قەزا و ناحیەکانی شارەکانی کوردستان یارییەکانی لەشجوانی و زوومبا و ئایۆبیك، بوونەتە یەکێك لەو یارییانەی کە خانمان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕووی تێدەکەن، بۆ ئەوەی هەم حەز و خولیاکانیان بەجێ بهێنن، هەمیش ببنە خاوەن لەشولارێکی ڕێك، لە کوردستانیش ئەم یارییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندندایە و، ئافرەتانیش بە شێوەیەکی زیاتر لە جاران ڕوو لە وەرزشەکە دەکەن، قەزای ڕانیەش یەکێکە لەم شارانەی کە خانمان زیاتر ڕوو لە وەرزشی زوومبا و ئایۆبیك و لەش ڕێکی و مەشقی سوێدی دەکەن، لاجان حەمیدە یەکێکە لەو ئافرەتە یاریزانانەی کە ڕاهێنەر و یاریزانی لەشجوانییە، ئەم خانمە وەکو یاریزان و ڕاهێنەر لەم بوارەدا لە ناحیەی تەقتەق کار دەکات، لاجان لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی ناحییەی تەقتەقە، ئێمەش سەبارەت بەم وەرزشە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** چۆن بوو بیرۆکەی هەڵبژاردنی وەرزشی ئاسنت بۆ هات؟**

- هەر لە منداڵییەوە خولیای وەرزش بووم، خۆم یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان بووم، دواتر بوومە یاریزانی باڵە، بەهۆی پێشکەوتنی کوردستان لە بواری وەرزشدا، بە تایبەتی کە هۆڵەکانی لەشجوانی بە ڕێژەیەکی زۆر کراونەتەوە، منیش وەك یاریزانێك دەستم بە یاریی لەشجوانی کرد، ئێستاش بوومەتە ڕاهێنەری لەشجوانیی ئافرەتان.

*** بۆ خانمان ئەم وەرزشە تا ڕادەیەك قورس نییە؟**

- نا، بە پێچەوانەوە یاریی ئاسن زۆر خۆشە و بۆ هەردوو ڕەگەز پێویستە، ئەو ڕۆژەی وەرزش نەکەم وا دەزانم شتێکی گەورەم ون کردووە.

*** بۆچی تا ئێستا بەشداریی هیچ پاڵەوانێتییەکت نەکردووە؟**

- تا ئێستا بۆم ڕێك نەکەوتووە بەشداریی پاڵەوانێتی بکەم، بەڵام پەنا بەخودا بەشداری دەکەم، خۆشم بە شێوەیەکی باش ئامادە دەکەم.

*** پێشوازیی ئافرەتان لەم یارییە لە چ ئاستێکدا یە؟**

- وەرزشی لەشجوانی، یان بڵێین (یاریی ئاسن) لە کوردستان بەراورد لەگەڵ وڵاتانی جیهان بە باشی پێشوازی لێ نەکراوە، بەڵام ئێستا زۆر باشە و لە چاو ساڵانی پێشتردا ئافرەتان زیاتر ڕووی تێ دەکەن، ئەوەش ساڵ بە ساڵ زیاتر ڕوو لە زیاد بوون دەکات.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- ئەم یارییە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، بەهۆی هۆشیاربوونەوەی خەڵك و زیاتر هێنانی ئامێرەکان لە دەرەوە، زۆر پێشکەوتووە، بەرکارهێنانی تەکنەلۆژیاش پێشکەوتوو تر بووە.

***چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- سەرەتا ئەوەی حەزی لێ نەبێت، گرانە وەرزشکار بهێنێتە ناو ئەم یارییە، پێش هەموو شت دەبێ وەرزشکار خولیای هەبێ بۆ ئەم یارییە، بە هۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی هەیە، هەندێك وەرزشکار لەبەر باری مادی ناتوانن بێنە ناو هۆڵەکانی ئاسن، من لێرەوە وەکو وەرزشکارێك داوا دەکەم زیاتر یارمەتی مادیی ئافرەتان بدەن، پێویستیشمان بە کردنەوەی هۆڵی ئاسنی حکومی هەیە، چونکە دەتوانن هەم یارمەتیدەربن بۆ وەرزشکاری دانەمەزارو و، هەم ئەوانەی بەهۆی باری ماددی ناتوانن بەشداری بکەن، چونکە هۆڵەکان هەمووی ئەهلین و لە باری ماددیشەوە یارمەتیی ئافرەت نادرێت.

*** وەکو کچە یاریزانێك بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو؟**

-بەرنامەی من ئەوەیە بەشداریی چەندین خولی ڕاهێنەرایەتی بکەم، دواتر خۆم ئامادە بکەن بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتیی جیهانی.

*** بەنیازی لە چەند پاڵەوانێتییەك بەشداری بکەیت، چاوت لە چییە؟**

-بەڵێ، بەنیازم بەشداریی پاڵەوانێتی جیهانی بکەم و خەریکی خۆ ئامادەکردنم، ئامانجم ئەوەیە پلەیەکی باش بەدەست بهێنم.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- گرفتی ئەو یارییە لەوە دایە کە وەك وڵاتانی جیهان بە شێوەیەکی باش پێشوازی لەم یارییە نەکراوە، ئەم وەرزشە پێویستە مافی تەواوی خۆی پێ بدرێت لە کوردستان، کەمیی هۆشیاریی خەڵکی و نا ڕۆشنبیریی خەڵك وای کردووە ئەم یارییە لایان گرانبێت.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی من ئەوەیە بەشداریی چەندین پاڵەوانێتیی جیهانی بکەم، زیاتر زانیاری کۆ بکەمەوە لەسەر ئەم یارییە و، هەوڵم بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزە.

*** ئایا وەکو ڕاهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان لە شارەکەتان دروست بکەیت؟**

- نەخێر، بیرم لێ نەکردۆتەوە، بەڵام من زیاتر پشتگیریی ئافرەت دەکەم بۆ هێنانە پێشەوەیان لەم یارییە و یارمەتیدانیان.

***کێ هاوکاریت دەکات بۆ ئەم وەرزشە؟**

- لە منداڵییەوە خانەوادەکەم هاوکار و پاڵپشتی منن بۆ وەرزش.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایدا؟**

- سوپاسی ستافی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەو دیمانەیە، بەهیوای سەرکەوتنی بەردەوام، هیوادارم لایەنی وەرزش زیاتر بەرەو پێش ببەن .

# یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی (٢٠٢٢)ی قەتەر دەچێتە قۆناغی کۆتایی

**یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی جیهانی (٢٠٢٢)ی قەتەر لە کیشوری ئەورووپا و ئاسیا و ئەفریقیا بەرەو قۆناغی کۆتایی رۆیشت و زۆربەی هەڵبژاردە سەرکەوتووەکان ئاشکرابووە، خوێندنەوەیەکی تایبەت بە چانسی هەڵبژاردەکان لە چوار کیشوەر بەمشێوەیە.**

**ئا: رێبین رەمزی**







**کیشوەری ئەورووپا**

لە کیشوەری ئەورووپا (١٠) هەڵبژاردە سەرکەوتنیان بۆ جامی جیهانی مسۆگەر کردووە و (١٢) هەلیژاردەی دیکە شەری (٦) بلیتی کۆتایی لەم کیشوەرە مسۆگەر بکەن.

هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (سربیا، ئیسپانیا، سویسرا، فەرەنسا، بەلژیکا، دانیمارک، هۆڵەندە، کرواتیا، ئینگلتەرە، ئەڵمانیا) بەفەرمی سەرکەوتنیان بۆ جامی جیهانی مسۆگەر کردووە.

هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (پورتوگال، سوید، ئیتاڵیا، ئوکرانیا، وێلز، چیک، ئوسکتلندا، نەمسا، تورکیا، روسیا، پۆڵەندا، مەکدۆنیای باکوور) سەرکەوتن بۆ یارییەکانی پاڵاوتن بۆ مسۆگەرکردنی دوایین شەش بلیت بۆ جامی جیها نی .

### کیشوەرەی ئەفریقیا

لەم کیشوەرە (٥) هەڵبژاردە بۆ جامی جیهانی سەردەکەوێت و هەڵبژاردە بەشداربووەکان بەسەر (١٠) کۆمەڵە دابەش کراون لە هەر کۆمەڵەیەک یەک هەڵبژاردە سەردەکەوێت بۆ قۆناغی کۆتایی. هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (جەزائیر، تونس، نێجیریا، کامیرۆن، میسر، مالی، گانا، سەنیگال، مەغریب، کۆماری کۆنگۆ) سەرکەوتن بۆ قۆناغی کۆتایی دواتر تیروپشک ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی دیاریکردنی یارییەکان بەشێوەی چوون و هاتن.

### کیشوەرەی ئاسیا

لەم کیشوەرە چوار هەڵبژاردە راستەوخو سەردەکەون بۆ جامی جیهانی و نیو بلیت یارییەکی پاڵاوتن ئەنجام دەدەن.

دە هەڵبژاردە سەرکەوتن بۆ قۆناغی کۆتایی بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش کران و کۆمەڵەکان بەمشێوەیە:

### کۆمەڵەی یەکەم:

لەم کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی (ئێران، کۆریا باشوور) بەرێژەیەکی زۆر سەرکەوتنیان بۆ جامی جیهانی مسۆگەر کردووە دوای ئەوەی توانیان لە زۆربەی یارییەکان سەرکەوتن بۆ خۆیان مسۆگەر کرد بەجیاوازییەکی زۆر لەگەڵ خاوەن پلەی سێیەم.

هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (ئیمارات، لوبنان، عێراق) رکابەرەی لەسەر پلەی سێیەمی کۆمەڵەکە دەکەن.

### کۆمەڵەی دووەم:

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی سعودیە نزیکە بۆ سەرکەوتن بۆ جامی جیهانی و هەردوو هەڵبژاردەی (ژاپۆن، ئوستراڵیا) رکابەری لەسەر بلیتی دووەم دەکەن.

هەڵبژاردەی ڤێتنام بەفەرمی هیوای سەرکەوتنی بۆ جامی جیهانی نەماوە و هەڵبژاردەی شانشینی عوممان چانسێکی بچووکی مایە بۆ بەدەست هێنانی پلەی سێیەم.



# سەفین مەنسور: ئاستی هەولێر ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبێ



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر ئەمساڵ پشتی بە کۆمەڵێك یاریزانی لاوی یانەكانی ناوشاری هەولێر بەستووە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەم یاریزانانە ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، یەكێك لەم یاریزانانەش هێرشبەری پێشووی یانەی برایەتی (سەفین مەنسور)ـە كە ئەمساڵ بە درێسی هەولێرەوە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی باش دەكات، لە بارەی ئاستی یانەكەش سەفین مەنسور بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی یانەی هەولێر ڕۆژ لە داوی ڕۆژ باشتر دەبێت، هیوام وایە لە كۆتایی خولەكەدا لە ڕیزبەندییەكانی پێشەوە بین»، لە بارەی كێشەی تیپەكەشەوە گوتی: «هەولێر ئەمساڵ زۆر بێشانس بووە، ئەدایەكی باش پێشكەش دەكات، بەڵام شانس یاوەرمان نەبووە و خاڵی لە دەستداوە، بۆیە دەمەوێت لەگەڵ یانەكە دووبارە بگەڕێنینەوە خولی یانەكانی ئاسیا، یاریكردن لە خولی عێراق تاقیكردنەوەیەكی زەحمەتە، خولی عێراق ماندوو بوونی زۆری دەوێت و، لە یاریگاكاندا زۆر لە یاریگاكانی كوردستان ماندوو تر دەبیت، هەروەها خولی بۆ عێراقی ئەگەر یاریزانێكی زۆر پیشەیی نەبیت شوێنت نابێتەوە، چونكە تاكۆتایی یاری هەر لە ٣٥مەتردا یاری دەكەن، واتا یاریكردن داخراوترە لە خولی كوردستان»، لەبارەی ئەنجامی یانەی هەولێریش لە یارییەكانی داهاتوودا، سەفین مەنسور گوتیشی: «چونكە ڕاهێنەرەكەمان تازەیە، بە بڕوای من لە یارییەكانی داهاتوودا ئەنجامان باشتر دەبێت، منیش لەگەڵ یانەی هەولێر خەونی گەورەم هەیەو، دەمەوێت ئاست و ئەنجامی گەورە لەگەڵ هەولێر بەدەست بهێنم».

## هەندرێن دەیەوێت بەردەوام

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەندرێن ئەم وەرزە لە خولی نایابی یانەكانی كوردستان دەستپێكی باشی هەیە، چەند هەفتەیەكە پێشەنگی یانەكانی كوردستانی گرتووە، یانەكەش دەیەوێت لەم وەرزە بە هەمان نەفەس و ڕیتمی سەركەوتن یاری بكات و زۆرترین خاڵ لەم قۆناغە كۆبكاتەوە، لەم بارەشەوە دڵشاد مەعرووف ڕاهێنەری یانەی وەرزشیی هەندرێن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئاستی تیپەكەمان زۆر باشە و لە بارودۆخێكی باشداین، هەر لە سەرەتای خولەكە وە ئامادەكاریی پێویستمان بۆ تیپەكە كردبوو، سوپاس بۆ خوای گەورە كە هیچ گرفتێك لە نێو تیپەكەماندا نییە، تیپەكەشمان هەمووی یەك دەست و بە یەك ڕۆحییەتی وەرزشییەوە هاوكاری یەكترن لە



# جوتیار جەزا:
## بۆ نەشتەرگەرییەکەم هیچ هاوکارییەکم نەکراوە



جوتیار جەزای یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، کە یەکێکە لە یاریزانە ئاست بەرزەکانی یانەکە، ئەوەی ئاشکرا کردووە کەوا لە کاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکەیدا یانەی پێشمەرگە هیچ هاوکارییەکیان نەکردووە، جگە لەوەش لە٢٤مانگدا تەنیا شەش مووچەیان پێداوە، گلەیی ئەوەش دەکات کە کەسی نا وەرزشیی و ڕاستگۆ نەماوە، دادگای وەرزشیش نییە بۆیە وامان بەسەرهاتووە، لەم بارەشەوە جوتیار جەزا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هۆکاری پێکانم بۆ ساڵی ٢٠١١ دەگەڕێتەوە، ئەویش لە ناو یاریگاکان تووشی پێکان بووم لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، تا ئێستا زیاتر لە ٣٠٠٠٠ دۆلار (سێ دەفتەر)م سەر کردووە و هیچ کەسێك هاوکاریی نەکردوم لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی»، گوتیشی: «هۆکاری هاوکاری نەکردنم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا دادگایەکی وەرزشی نییە، من ١٧ساڵ یاریم بۆ پێشمەرگە کرد، ئەوان باسی درێسی یاریکردن دەکەن و دەڵێن تا چاك دەبیتەوە بۆمان داناوی، بەڵام ئەوان نە مووچە و نە گرێبەست و نە سەردانیان نەکردووم، دوو ساڵە پێکانم هەیە، تەنیا شەش مووچەیان پێ داوەم و هیچ مەسروفێکیان نەکردووم».

## ـــــــــی بە کۆکردنەوەی خاڵ بدات

ناو یاریگاو، نیازمان وایە پارێزگاری لە ئاستی خۆمان بکەین و، زۆرترین خاڵ لەم قۆناغەدا کۆبکەینەوە، بۆ ئەوەی بەم ئاستەوە بەردەوام بین لە یاریکردن، لە بارەی گۆڕانکارییەکانیش دڵشاد مەعروف گوتیشی: «تا ئێستا هیچ بڕیارێکی گۆڕانکاریمان لە یانەکەدا نەداوە و هێشتا زووە بڕیار بدەین، خولی کوردستان ئەم وەرزە یارییەکانیشی زیاترە و ماندوو بوونی زیاتر دەوێت، بۆیە ئەوەی لە تواناماندا بێت، ئەنجامی دەدەین بۆ ئەوەی یانەی هەندرێن ئەوپەڕی ئاستبەرزیی خۆی پێشکەش بکات لە یارییەکان و بەردەوامیش ئاستمان بەرز بێتەوە، زۆریش لە ئاستی تیپەکەمان ڕازیم، بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوامی بەو ئاستەش بدەین، پلانی خۆمان هەیە وەکو دەستەی ڕاهێنەران».



# ئەنجامنەدانی مەشقی وەرزشی لە قەڵەوی مەترسیدارترە!



ئایا دەزانی کە ئەنجامنەدانی مەشقی وەرزشی بە شێوەیەکی رێك و بەردەوام، دوو هێندەی قەڵەوی مەترسیی بۆ تەندروستی هەیە، ئەمە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی نوێی زانکۆی کامبریدج سەلمێندراوە. ئەوە روونە کە قەڵەوی ئەگەری تووشبوون بە گەلێك نەخۆشی زیاد دەکات وەك: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نەخۆشیی شەکرە، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ لە خوێندا، نەخۆشیی دڵ، جەڵتەی مێشك Stroke، بەردی زراو، سووانی جومگە، هەندێك جۆری شێرپەنجە. لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە کە ئەنجامنەدانی مەشقی وەرزشی، ئەگەری گەلێك گرفتی تەندروستی و نەخۆشی زیاد دەکات، بۆنموونە: بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن و ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم Type II Diabetes، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، زیادبوونی چەوریی سك و دەوری کەمەر (کەرش)، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵ و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان TG لە خوێندا، نەخۆشیی دڵ، جەڵتەی مێشك، بێگومان ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی رێك و بەردەوام، هەموو ئەم ئەگەرانە پێچەوانە دەکاتەوە و، بگرە هەنگاوێکی ئاکتیڤ و سەلمێنراوە بۆ خۆپاراستن لەم گرفت و نەخۆشییانە.

## خراپترین جۆری چەوری

چەورییە نێوەندییەکان Trans fats بە مەترسیدارترین چەوری بۆ تەندروستی مرۆڤ هەژمار دەکرێن، لەوکاتەی کە چەورییە نێوەندییەکان ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ تا دوو هێندە زیاد دەکەن. چەورییە نێوەندییەکان کە بە چەوریی ژەهراوی ناوزەد دەکرێن، ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL لە خوێندا بەرزدەکەنەوە و ئاستی کۆلیستیرۆڵی باش HDL کەم دەکەنەوە، ئەمەش هانی کرداری مەیینی خوێن دەدات و خوێنبەرەکان تێك دەدات، هەروەها ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، جەڵتەی مێشك، لەگەڵ نەخۆشیی شەکرە زیاد دەکەن، چەورییە نێوەندییەکان لە پیشەسازیی خۆراکدا بە کرداری هایدرۆجینکردنی Hydrogenations زەیتی رووەکی دروست دەکرێت، کە وای لێ دەکات لە دۆخی شلییەوە بچێتە دۆخی رەقی لە پلەی گەرمیی ژووردا، نموونەی ئەو خۆراکانەی کە چەورییە نێوەندییەکان لەخۆدەگرن وەك: کێك، دۆنات Doughnuts، بسکویت، پیتزای فریزکراو، گەنمەشامیی بە فرنی مایکرۆویڤ ئامادەکراو، خۆراکی سوورکراوە لە زەیتی زۆر گەرمدا Deep fried وەکو مریشك و هەویرکارییەکان، کرێمەی قاوە کە لە شیر سەرچاوەی نەگرتبێت، کەرەی دەستکرد، یان مارگەرین Margarine.






# تووڕەبوون هاندەرە بۆ ڕوودانی نۆرەی دڵ

لەکاتی زیاد تووڕەبوون و زوو هەڵچووندا، جووڵەیەکی زۆر کتوپڕ و قورس و لە ڕادەبەدەر لەوانەیە کە وروژێنەر بێت بۆ ڕوودانی نۆرەیەکی دڵ، کە لەوانەیە کوشندە بێت، لە لایەکی دیکەوە لەوکاتەی کە زۆر تووڕە دەبیت، ڕێنمایی دەکرێیت کە هەرگیز نەچیتە دەرەوە بۆ هەر ئیشێك، یان ئەنجامدانی هەر جووڵەیەکی قورس، چونکە بە گوێرەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، ئەگەری سەرهەڵدانی نۆرەی دڵ لەماوەی یەك کاتژمێری پاش تووڕەبوون و هەڵچوونی زیاددا، دوو هێندە زیاد دەبێت، هەروەها ئاماژە بەمەش کراوە کە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی توند لەکاتی زیاد تووڕەبوون، یان ڕاستەوخۆ پاش تووڕەبوون، ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ تا سێ هێندە زیاد دەکات. ئەگەری ڕوودانی نۆرەی دڵ لە کاتی زیاد تووڕەبوون و زیاد هەڵچووندا، لەپاش کاتژمێر شەشی ئێوارە تا ١٢ شەو زیاتر دەبێت، بە بوون یان نەبوونی هەموو فاکتەرەکانی دیکەی هاندەر بۆ تووشبوون بە نەخۆشی و نۆرەی دڵ، وەك: جگەرەکێشان و قەڵەوی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن. ئەمە ڕوونە کە تووڕەبوون دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و زیادبووی لێدانەکانی دڵ، هاوکات لەگەڵ گۆڕان لە لێشاو و هاتوچۆی خوێن لە ناو بۆرییەکانی خوێندا و کەمبوونەوەی لێشاوی خوێن بۆ ماسوولکەی دڵ، پسپۆڕانی ڕێنمایی دەکەن کە لە مەشقی وەرزشی دانەبڕێیت، بەڵام هەرگیز لە مەشقدا زێدەڕۆیی نەکەیت، بەتایبەتی لەکاتی تووڕەبوون و هەڵچووندا.



# لەکاتی سترێسدا دووربکەوە لە خواردنی شیرینی

سترێس Stress بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانە و لە هەموو کەسێکدا بەدی دەکرێت، بەڵام پێویستە کە بە دروستی و زانسییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەگینا دەبێتە ئەگەری گەلێك گرفتی دەروونی و جەستەیی. گەلێك کەس لەوکاتەی کە دەکەونە ژێر سترێس، پەنا دەبەنە بەر زیاد خواردنی شیرینی، ئەگەرچی لەوانەیە کە کەمێك هێور ببنەوە، بەڵام درك بەمە ناکەن کە بارەکە ئاڵۆزتر دەبێت، چونکە زیاد خواردنی شیرینی هەرگیز بە مامەڵەی دروست لەگەڵ سترێسدا دانانرێت و، زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت، بە شێوەی زیادبوونی کێشی لەش و ئەگەری قەڵەوی، هەروەها ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە و بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، کە هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ. ئافرەتان دوو هێندەی پیاو لەکاتی سترێسدا پەنا دەبەنە بەر خواردنی بڕی زیادی شیرینی، بۆیە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە سترێسی درێژخایەنیان Chronic stress هەیە، کێشی لەشیان زیادە، یان قەڵەون. دووبارەبوونەوە و زیادبوونی حەزی شیرینی لەکاتی سترێسدا، لەوانەیە کە ببێتە هۆی ڕاهاتن لەسەر شەکر Sugar addiction کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە بەرزدەکاتەوە.





# کۆڤید١٩ چی لە سییەکانت دەکات؟

ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنیا لە ڕێگای لووت، یان دەم، یان چاوکانەوە دەچێتە ناو لەش، ڤایرۆسەکە دەچێتە ناو خانە و لەوێدا گەشەدەکات و ژمارەی زیاد دەکات، ئینجا پەلاماری خانە نزیکەکان دەدات، ڤایرۆسی کۆرۆنا هەوکردن لە بەشی سەرەوە و بەشی خوارەوەی ڕێڕەوی هەناسەدا دروست دەکات و، لەوانەیە بگاتە شانەی سییەکان Pneumonia و سیکڵدانۆچەکەکان Alveoli. هەوکردن بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێتە هۆی ئاوسان لە بۆرییەکانی هەوا و بەشێکی سییەکاندا، پاشان لەوانەیە کە هەموو بەشەکانی سییەکان بگرێتەوە، سەرەتا نیشانەکان بە سووتانەوەی قوڕگ و کۆکەیەکی وشك دەست پێ دەکەن، پاشان گرفت لە هەناسەدا، لە حاڵەتە سەختەکاندا هەوکردن لە هەردوو سییەکاندا ڕوو دەدات، ئاوسانی بۆرییەکانی هەناسە و سییەکان زیاتر دەبێت و، بڕی زیادی شلەی هەوکردن لە سییەکاندا کۆ دەبێتەوە، لەوانەشە کە هەوکردنی شانەی سییەکان سەختتر بێت و سیکڵدانۆچکەکانی پڕ بن لە شلە و خانەی هەوکردن، لێرەدا گەیشتنی گازی ئۆکسجین بە لەش کەم دەبێتەوە، هەروەها کۆکە زیاد دەبێت و گرفت لە کرداری هەناسەدا پەیدادەبێت بە شێوەی خێرابوونی هەناسە و هەناسەتەنگی لە ڕێژەی ٥٪ ی حاڵەتەکاندا هەوکردنی شانەی سییەکان سەختتر دەبێت و پێویست بە ئامێری هەناسەی دەستکرد دەکات.




# ئەنجامی پۆزەتیڤی هەڵە و نێگەتیڤی هەڵە لە تێستی PCRدا

بە ڕای پسپۆڕان تێستی PCR هەرگیز تا ڕێژەی ١٠٠٪ جێگای متمانە نییە، چونکە ئەنجامی نێگەتیڤی هەڵە False negatives و پۆزەتیڤی هەڵە False positives لە تێستەکاندا بەدی کراون. ئامارە پزیشکییە نێودەوڵەتییەکان جەختیان کردووەتەوە کە ئەنجامە ڕاستەکانی تێستی PCR کە جێگای متمانەیە، بریتین لە ٧٠٪ و، ڕێژەی ئەنجامە نێگەتیڤە هەڵەکان بریتین لە ٣٠٪ی تێستەکان. ئەنجامی نێگەتیڤی هەڵە لە کەسێکدا، واتە ئەو کەسە لە ڕاستیدا تووشی کۆڤید١٩ بووە و ڤایرۆس بۆ کەسانی دیکە دەگوازێتەوە و، خۆی لە کەسانی دی جیا ناکاتەوە، کەچی تێستی PCRی پۆزەتیڤی هەڵە لە کەسێکدا، واتە ئەو کەسە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەبووە، بەڵام بە تووشبوو هەژمار دەکرێت، بۆیە ناچار خۆی لە کەسانی دیکە بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ جیادەکاتەوە و چارەسەر وەردەگرێت.

## سینەما لە چاویلکەدا

لـەو کاتـەوە پەتـا نەگریسـەکە سـەری هەڵـدا، زۆربـەی خەڵـك نەیانتوانـی ناتوانـن وەك پێویسـت سـەردانی شـوێنە گشـتییەکان بکـەن. سـینەما و پارکـەکان بـەرەو چـۆڵ بـوون چـوون. تەلەڤزیۆنـەکان لایەنگـری زیاتریـان پەیـدا کـرد. ڤیدیـۆ پرۆژکتەرەکانیـش شـوێنی سـینەماکانی گرتـەوە.

هێدسـتەکان بـوون بـە سـینەمایەکی گـەڕۆك. هێدسـتی جـۆری Cinera Edge شاشـەکەی جـۆری OLEDیـە، کوالیتـی نیشـاندانی ٥K. ئەزموونێکـی نوێیـە بـۆ ئەوانـەی بـە دوای نوێگەریـدا دەگەڕێـن.

کاتێـك هێدسـتی ناوبـراو لەسـەر دەکـەی وەك ئـەوە وایـە سـەری شاشـەیەکی سـینەمایی ١٢٠٠ ئینجـی لـە مـەودای ٢٠ مەترییـەوە بکـەی. جگـە لـەوەش فیلمـی سـێ دەوریـش واتـە 3Dیـش نیشـان دەدا. بـۆ نیشـاندانی فیلمـی سـێ ڕەهەنـدی پێویسـتی بـە چاویلکـە و ئامـرازی تایبـەت نییـە.

هێدسـتی Cinera Edge چوار بڵندگۆی هەیـە. سیسـتەمی بەگەڕخـەری ئەندرۆیـدی هەیـە. سیسـتەمی وای-فـای هەیـە و دەکرێـت سـەیری Netflix و یوتیـوب بکـەی.

## بچووکترین داتـــــــــ

لـە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا گۆڕانکارییەکـی زۆر لـە چۆنییەتـی داکردنـی داتـاکان لـە کۆمپیوتـەر و ئامێرەکانـی دیکـەدا پێکهـات. یەکێـك لـەو گۆڕانکارییانـە گۆڕینـی هـاردی HDD بـە داتاگـەی SSDیـە.

داتاگـەی SSD هـەم بچووکـە و هـەم خێراییـی زۆرە و هـەم تێکچوونـی کەمتـرە. وەك داتاگـەی HDD هـەردوو شـێوازی پۆرتێبـڵ و جێگیـری هەیـە. داتاگـە SSD جـۆری Slimio Ultra-Com-




## ڕۆبۆتێک بۆ ساردەمەنییەکان

حەزدەکـەی بچی بـۆ پـارك و سـەیران، پێویسـت بەوەیـە ئـاو و سـاردەمەنییەکانی دیکـە لەگـەڵ خـۆت ببـەی، بـەڵام هەتـا ئێـواری هەموویـان گـەرم دەبـن. بەفرگـری گـەڕۆك کە ئۆتۆماتیکی بـەدوای خاوەنەکـەی دەکەوێـت، ڕەنگـە لـە وەرزی هاوێنیکـی گەرمـدا زۆر بـە سـوود بـێ.

بەفرگـری گـەڕۆك جـۆری HeinekenBOT وەك گیاندارێکـی دەسـتەمۆ بـەدوای خاوەنەکـەی دەکەوێـت. کامێرایەکـی هەسـتەوەری تێدایـە، لـە ڕاسـتیدا بەفرگرێکی ڕۆبۆتـە. ڕۆبۆتەکە دەتوانێت ١٢٤ بتـڵ هەڵبگرێـت و بـەدوات کەوێـت.





## اگەی SSD

pact SSD وەك بچووكترین داتاگە لە جیهاندا هەتا ئەم كاتە دادەنرێ. ئێستاكە كە جگە لە لاپتۆپ، مۆبایل و تەبلێت و كامێرا پێویستیان بە داتاگە هەیە.

داتاگەی جۆری Slimio Ultra-Compact SSD رەنگە باشترین داتاگە بێت كە دەتوانرێ هەڵبگیرێت. لە ٥١٢ گیگابایت هەتا ٢ ترابایتی هەیە. خاڵی جێگای سەرنجی داتاگەكە ئەوەیە كە بچووكەو كێشی كەمە، تەنیا ١٧ گرامە. دەتوانی لە شوێنی میداڵیای سویچی ئۆتۆمبیل بخرێت. داتاگەكە پتەوە و دژە تەڕ بوونە.

## ئامێرەكانی پێویست بۆ بیناى زیرەک

ئەمنییەت و چاودێری لە ماڵ و بیناكاندا گرنگترین بەشن لەو سەردەمەدا. بە سەرنجدان بەوەی كە شوقە و ڤێلاكان لە دەرەوەی شارن، ئەگەر ماڵەكە بە رادەی پێویست جێگای متمانە نەبێت، كێشەی زۆری بۆ دێتە پێش.

سیستەمی ئەمنییەتی هۆشمەندی Oplink بە چەندین شێواز و رێگاوە یارمەتی دەدا.

ئامێرەكە خاوەنی دوو كامێرای جۆری IPی بێ وایەرە، هەروەها هەستەوەرێكی جوڵەییە، لەگەڵ ٤ هەستەوەری بێ وایەری دەرگا و پەنجەرەیە، زەنگێكی هۆشیاركردنەوەیە دوو كۆنترۆڵ لە رێگای دوورەوە، هابێكی زیرەك و داتاگەیەكی ١٦گیگابایتی. ئەو سیستەمە لە تۆڕی وای-فای پەیوەند دەدرێ تاكو لە رێگای مۆبایلەوە یا تەبلێتەوە لە رێگای دوورەوە كۆنترۆڵی گشت ئامێرەكان بكەی.





# کاتژمێری زیرەکی فەیسبۆک





هێشتاکە بەتەواوی ناوی فەیسبۆک نەگۆڕاوە بۆ meta کەچی، فەیسبۆک کاتژمێرێکی زیرەکی بەناوی meta watch بەرهەمهێنا. کاتژمێرێك تایبەت بە پەیوەندی ڤیدیۆیی.

دیزاینی کاتژمێرە زیرەکەکە زۆر لە کاتژمێری زیرەکی ئەپل دەچێت کە کامێرایەکی لە گۆشەیەکی شاشەکەی دایە.

کاتژمێرەکە جگە لەوەی بۆ پەیوەندی لەنێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمهاتووە، بەڵام وەك هەر کاتژمێرێکی زیرەکی دیکە ئەرکی تایبەت بە جوڵەی بەکارهێنەر و وەرزش کردن و ئاگادارکردنەوە لە هێما گرنگەکانی ژیان وەك، پەستانی خوێن و لێدانی دڵ و ڕێژەی ئۆکسجین... تێدایە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن فایلە دووبارە و کۆنەکانی کۆمپیوتەرەکەم بدۆزمەوە و بسڕمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر شێواز و ڕێگا هەن بۆ سڕینەوەی فایلە دووبارە و کۆنەکانی سیستەمی کۆمپیوتەر، پرۆگرامی زۆریش بۆ ئەم مەبەستە هەن. یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامی dupe-Guruیە. کە هەم بەکارهێنانی ئاسانە و هەم ئەرکەکە بەباشی جێبەجێ دەکات. سەرەتا پرۆگرامەکە بەبێ بەرامبەر لە ئینتەرنێت دابەزێنە، پاشان دوگمەی scan دابگرە و بۆ ئەوەی گشت فایلە دووبارە بووەکان بدۆزرێنەوە. دوای ئەوە بە ئاسانی دەتوانی بیانسڕیەوە.. جگە لەوەش دەکرێت لەسەر ئەو درایڤەی مەبەستتە فایلەکانی بسڕیەوە، کلیکی ڕاست دابگرە و بەشی properties هەڵبژێرە و دواتر فەرمانی disk cleanup دابگرە و دواتر ئەو فایلانەی مەبەستتە بسڕێنەوە و لە لیستەکەدا هەڵیبژێرە و دواتر دوگمەی clean دابگرە.

# ئۆتۆمبیلی فڕۆک کەوتە بازاڕەوە

ئۆتۆمبیلی فڕۆك یەکێکە لەو ئامێرانەی گواستنەوە، هەتا ئێستا هەواڵی بەرهەمهاتنی بڵاوبۆتەوەو بە کردەیی نەکەوتۆتە بازاڕەوە.

ئۆتۆمبیلی فڕۆکی (sky drive) ناوی ئەو ئۆتۆمبیلە فڕۆکەیە کە لەلایەن کۆمپانیایەکی ژاپۆنی لە ساڵی ۲۰۱۸وە بەرهەمهاتووەو بەڵام تەنیا بۆ تاقیکردنەوە بووە و نەکەوتۆتە بازاڕەوە.

دیزاینی ئۆتۆمبیلی «سکای درایڤ» جۆری SD-03 کورسییەکی بچووکی تێدایە. بەقەد درۆنێکی گەورە دەچێت و بە یارمەتی هەشت پەروانە هەڵدەفڕێت. خێراییەکی باشی هەیە. ئەگەر بێت لەلایەن حکومەتی ژاپۆنەوە کێشەی یاسایی بۆ نەیەتە پێش لە داهاتوودا skydriv بە قەبارەی گەورەتر بەرهەم دێت بە جۆرێك بتوانێت لانی کەم جگە لە فڕۆکەوان دوو کەسی دیکەش هەڵبگرێت.



# کەیسێکی تایبەت و ناوازە




کاتێك بۆ یەکەمجار سەرنج دەدەیە کەیسی گەیمینکی MSI، کەیسی کۆمپیوتەری «ستار کرافت، هیلۆ، روبوکاپ، ترمیناتۆر....» دێنێتەوە بیر. رێك وەك ئەو کەیسانەی کۆمپیوتەر دەچێت کە لە فیلمە زانستی- خەیاڵییەکاندا نیشان دەدرێ.

کەیسی جۆری Aegis Ti5 کۆمپانیای MSI پێچەوانەی ئەو کەیسانەی کەوتونەتە بازاڕ هیچ گۆشەیەك یا لێوێکی نابینیەوە کە لەکاتی گواستنەوەدا دەستی پێبگیرێت. هیچ گلۆپێك و روناکییەکی سەیرو سەمەرە لە دیزاینەکەیدا نییە. تەنیا دوو رەنگی هەیە، رەش و سپی. کێشی کەیسەکە ١٥,٦ کیلۆیە. کەیسێکی گەورە و گران!

رامەکەی ١٢٨ گیگابایتە. یادگەکەی دوو ترابایت لە جۆری SSD و ترابایتێکی لە جۆری HDDیە. کارتی گرافیکەکەی ٢٤ گیگابایتە. بێگومان کەیسێکی وا بەم تایبەتمەندییەوە دەبێ خێراییەکەی لە سەرووی خەیاڵیش بێت..

یەکەی لێکدانەوەی لە جۆری Corei9- 11900Kیە. یەکەی لێکدانەوەکەی لە هەشت بەش پێکهاتووە. خێراییەکەی دەگاتە ٥,٣٠ گیگاهێرتز.





# پرۆگرامێک بۆ مۆنتاژ کردنی فیلم

گەر هۆگری کاری مونتاژ کردنی و نیازت هەیە فیلمەکان بە کوالیتی HD دروست بکەی، پێویستت بە پرۆگرامێکی بەهێزە. پرۆگرامی Magix Movie Studio لە ریزی ئەو سەدان پرۆگرامە دێت کە بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتوون و دەکرێ بڵێین یەکێك لەسەرکەوتووترین پرۆگرامەکانیشە.




بە سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە دەتوانی چوارچێوەیەکی دروست بکەی وەك ژوورەکانی مونتاژ کردنی فیلم. فایلەکانی دەنگ، رەنگ و وێنە پاش دابەزاندنە سەر پرۆگرامەکە مۆنتاژ دەکرێن.

فیلمە مۆنتاژ کراوەکان هەر لە خودی پرۆگرامەکە دەخرێنە سەر DVD. پرۆگرامەکە ئامرازی بەهێزی سێ رەهەندی هەیە بۆ دروستکردنی فیلم، چێکردنی رەنگ و دروستکردنی مۆسیقی و دەق. ئەو پرۆگرامە بە پرۆگرامی sony movie studio ناسراوە.

لەو پرۆگرامەکەدا زیاتر لە سەد ئیفێکتی ڤیدیۆیی دوو رەهەندی و سێ دەوری و فیلتەری سەرنج راکێشی تێدایە.

## ماڵپەڕێک بۆ فێربوونی زمان

پەندێك هەیە دەڵێت تۆ چەندە زمان بزانی، ئەوەندە مرۆڤەی. لەم چەند ساڵەی دواییدا گرنگییەکی زۆر لەلایەن کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە بە فێربوونی زمان دەدرێ. چەندین ئامرازی وەك پرۆگرام و ئەپی فێرکاری، خولی فێربوون چ بە شێوەی ئۆنلاین یان بەشداری راستەوخۆ و هەروەها ماڵپەڕی تایبەت بە فێربوونی زمان هەیە. ماڵپەڕی https://www.memrise.com/ یەکێکە لە ماڵپەڕە گرنگەکانی فێربوونی زمان. لە ماڵپەڕەدا بۆ فێربوونی زیاتر لە ٢٠٠ زمان هەتا ئێستاکە زیاتر لەیەك ملیۆن خولی فێرکاری کراوەتەوە. ماڵپەڕەکە بۆ فێربوونی زمان شێوازی جۆراوجۆری گرتۆتەبەر. دەتوانی لەگەڵ هاوڕێیانت رکابەری بکەی. گروپ پێکبێنی، کۆرسی فێرکاری دابنێی و زۆر رێگای دیکەش.

## بلووزەكانی پۆلئۆڤەر مۆدێكی دانسقەت پێ دەبەخشێت





سەرمای بە تینی زستان كار دەكاتە سەر جوانیی پێست، بە تایبەت مل و ڕوخسار، وەك خانمێك هەوڵبدە لەو وەرزەدا ملت بە بلووزەكان داپۆشیت، ئەگەرچی ناتوانیت ڕوخسارت لە سەرما بپارێزیت، بەڵام لە ڕێگەی پۆلئۆڤەرەكانەوە مل و دەست و قۆڵت داپۆشت، ڕاوێژكاری ئەڵمانی بۆ جوانكاری (سونیا گراو) دەڵێت: «ئافرەتان دەتوانن قۆڵ و باسكە نەرم و خڕەكانیان داپۆشن و بیشارنەوە، بە تایبەت ئەوانەی هەست دەكەن قۆڵیان زیاد لە پێویست گەورەیە، ئەو كارەش تەنیا بە پۆشینی چەند جلێك لە چەند جۆرە ڕەنگێك دەكرێت، لێرەوە ئاشنایان بە: سەرەتا دەتوانی بۆ شاردنەوەی ئەو بەشەی جەستەت، ڕەنگی هێمن و سادە و كاڵ لەبەر بكەیت، واتە لە جێی جلی سوور، ڕەنگی قاوەیی هەڵبژێرە، كاتێك بەسەر جەستەوە دەبێت، دەیشارێتەوە»، هەروەها ئەو ڕاوێژكارە دەڵێت: «دەشتوانیت جۆری جلەكەت بۆ ئەو مەبەستە بەكار بهێنیت، بۆ نموونە: لەبەركردنی بلووزێكی (Pullover) هەمان ئەو كارەت بۆت دەكات، بە تایبەت ئەگەر بلووزەكە تەسك نەبێت و كراوەیی پێوە دیار بێت».

## بەدلە و تەنوورەكان مۆدی سەردەمی كەشی زستانن



بەدلە و تەنوورەكان، بوونەتە بەشێكی سەرەكیی پۆشاكی نێو كەنتۆرەكانی خانمان، بەدلەی درێژ ئەوانەی تا سەر ئەژنۆن، مۆدێكی سەرنجڕاكێشیان هەیە، شێوازێكی نەرمونیان لە خۆ دەگرێت، ئەو بەدلانە لە دوو پارچە پێك دێن، یەكێكیان تەنوورەیە، ئەوەی دیكەش سترە، یان كەنزە، هەندێكی دیكەش پانتۆڵ و سترە دەكەنە مۆدە،ماركەی (ئەندرۆجی ئین) گرنگی بە بەدلەی ڕەنگ ڕەش دەدات، كە بەشێكی تەنوورەیەكە و بەشێكی دیكەش سترەیەكی هاوشێوەیە، لەگەڵ پشتێنێك كە لەسەر كەمەر ببەسترێت و، وردە خاڵی سپی تێدا بێت. ماركەی (بیمۆیت) ماركەیەكی دیكەیە كە لە هەوڵی ڕێكخستنی بەدلەی پێكهاتوو لە تەنوورە و سترە و چاكێت دایە، ئەویش بەدلەكانی لەگۆڕەپانی كێبڕكێدا تاو داوە، تا ئەنجامێكی باشی هەبێت، (بیمۆیت) بەهۆی ئەوەی كارەكانیان كراوەترە و پڕ جەماوەرترە (سی پلەس سیرێس) تەنوورەی سپی هەڵبژاردووە بە بڕینی جۆراوجۆر، نەوەك ئاسایی، لەگەڵ سترەیەك كە مەرجە لە ڕەنگی سپی و ڕەش بێت، یان دوو ڕەنگی زەق و دژ، (فیلیپ لیم) بەدلەی لە تەنوورە میدی واتە ڕاست و لووس خستووەتە ڕوو، لەگەڵ كرانەوەی كوونێك لە تەنیشتەكان و سترەیەكی ناسك، هەموو ئەوانە مۆدی بەدلە و تەنوورە پێك دەهێنن.





# بازنی ڕەنگ ئەڵماس بۆ خانمانی بووک و ئافرەتان

لە ڕۆژی بۆنە و ئاهەنگەکاندا، گرنگی بە خشڵ و ئێکسسوارەکان زیاتر دەدرێن، بەهۆی ئەوەی کەشێکی گشتییە و لە کۆبوونەوەی مۆدەکانە، جلوبەرگەکان هەمیشە ڕۆڵی خۆیان دەبینن، لەلایەکی دیکەشەوە خشڵەکان، مۆدێکی قەشەنگ لە شاکاری جوانیت پێك دەهێنن، هەوڵدە لە بۆنەکاندا، ئەو خشڵانە هەڵبژێرە کە بریقە و بریسکەیان پێوە دیارە، تا لەگەڵ تیشکی ڕووناکییەکاندا بریسکەکانی چاوی هەمووان بۆ خۆی ڕاکێشێت، سەرەتا ئەو خانمەی کە لە دەوامن و دەچنە شوێنی گشتی، دەتوانن کۆمەڵێك خشڵ هەڵبژێرن، بە تایبەت بازن، بازنەکان هەمیشە ڕۆڵی سەرەکییان لە خشڵەکاندا وەرگرتووە، بازنەکەت هێمای سەرنجڕاکێشیی دەستەکانتە کە بەشێکی دیاری جەستەیە، بە بازن دەتوانیت سەرنجی هەمووان ڕابکێشیت، ئەو بازنانەی لە ڕەنگی ئەڵماس دروست دەکرێن، باوترین جۆرن کە ئافرەتان خوازیارن لە شوێنە گشتییەکاندا لە دەستیانەوە بێت، مارکەی (هاری وینستۆن) کۆمەڵێك خشڵی لە شێوەی ئەڵماسدا دروست کردوون، کە هێندە جیاوازییان لەگەڵ خشڵی ئەڵماسی ڕاستەقینەدا نییە، خانمانی بووکیش دەتوانن ئەو جۆرە خشڵانە لە ڕۆژی بووکێنیدا لە دەست و مەچەکیان بکەن.

# باڵابەرزترین کچی جیهان لە خەڵک بێزارە



ئەو خانمە بە باڵابەرزترین کچی جیهان دادەنرێت، ئەو کەسەی لە تەنیشتییەوە بوەستێت، هەست بە شەرمەزاری لە بەژن و باڵای خۆی دەکات، ئەو کچە تورەکە ناوی (ڕۆمەیسە جیلجی)یە، بەرزیی باڵای دەگاتە ٢١٥ سانتیمەتر، واتە دوو مەتر و ١٥ سەنتیمەتر، بەڵام تووشی حاڵەتێکی دگمەنی جەستە بووە کە بە (ویڤەر) ناسراوە، جەستەی لە گەشەکردن و درێژبوون ناوەستێت، تەمەنی ٢٤ ساڵە ئەو بەژن و باڵایەی هەیە، وەك خۆی دەڵێت: «شانازی بە جەستەمەوە دەکەم، هەرچەندە حاڵەتی من بە دەست خۆم نییە، بەڵام نازناوێکی جیهانیی بۆ پەیدا کردووم، تەنیا شتێك بێزارم دەکات، ئەوەیە کاتێك دەچمە شوێنی گشتی، هەموو بە چاوێکی سەیر تەماشای من دەکەن و بێزارم دەکەن، یان داوای وێنەگرتنم لێ دەکەن، درێژیی باڵاش ئەگەر لە سنوور دەرچێت خاوەنەکەی بێزار دەکات، وەکو چۆن ئەوانەی باڵایان کورتە، یان خاوەن پێداویستی تایبەتن، منیش هەمان ئەو هەستەم هەیە، کە بەژن و باڵام نائاساییە.




## ئەمریکا و کەنەدابە جلوبەرگ شەڕ دەکەن

لە ماوەی داهاتوودا یارییەکانی ئۆلۆمپیی زستانە لە شاری پەکینی چین دەست پێ دەکات، بەر لە دەستپێکردنەکە پێویستە تیمی ئۆلۆمپیی هەموو وڵاتان بەو شوێنە بگەن، ئەوەی سەیرە هەر لە ئێستاوە کێبڕکێی نێوان تیمی ئۆلۆمپیی کەنەدا و ئەمریکا دەستی پێ کردووە، ڕەنگدانەوەی ئەو کێبڕکێیە لە سەرەتای ڕەنگ و ستایلی دەستە جلەکانیاندایە، ئەو دوو تیمە جلەکانیان لە مارکەیەکی ناوداری جیهانییە بە ناوی (لولولیمۆن) کە لەلایەن دیزاینەری جیهانی (ڕالف لۆرین) دیزاین کراوە، جلی تیمی ئەمریکی سوور و تیمی وڵاتی کەنەداش سپییە، جلەکانیان لە پانتۆڵی تەسك و پەمووە، لە بەرامبەریشدا تیمی کەنەدا ماددەی بۆلیستەریان لە جلەکانیاندا بەکارهێناوە، کە لەناو ناچێت و تەنانەت دەکرێت دووبارەی ڕستن و چنینی بۆ بکرێتەوە و بەکاربهێنرێتەوە.

# نمایشی جلی فاشن فلۆرا لە کوردستان بەڕێوەچوو

سوڵتان کەمال کەریم، ڕێکخەر و سەرپەرشتیاری نمایشکارەکان دەڵێت، بە درێژایی ٣٠ساڵی ڕابردوو ئەوە سێیەمین جارە ئەو نمایشە ئەنجام دەدەین، منیش وەك کاری بەڕێوەبردن و کارگێڕ لەو فیستڤاڵەدا کارم کردووە، جلەکانی نمایشەکە جلی کوردی و جلی درێس و کاجوال بوون و، لە ڕووی دیزاینەوە لە ئاستێکی بەرزدا بوون، دامەزێنەری فیستیڤاڵەکە هوداخانی دیزاینەر بوو، کە خەڵکی سلێمانییە، هەروەها موئەدی کارەش سەرپەرشتی ستێچی لە ئەستۆ گرتووە، لە فیستیڤاڵەکەدا (٢٦) دیزاینەر لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە هەشت درێس و کۆلێکشن بەشداریی فیستیڤاڵەکەیان کرد بوو، نمایشەکە لە شاری سلێمانی لە هۆتێل های کرێست بەڕێوە چوو.

هەر دیزاینەرێك ماوەی چوار ڕۆژ لەگەڵ نمایشکاران ئامادەکاریی خۆیان دەکرد، کە دوو ڕۆژیش پرۆڤە بوو، دوو ڕۆژیش بۆ نمایشی جلەکان، هەر ڕۆژێك ١٠٤ پارچە جل نمایش دەکراو، (٢٥) نمایشکار بەشدارییان کرد، کە (١٥) کچ و (١٠) کوڕ بوون، بە شێوەیەکی ئەکادیمی و ستاندارد شێوە و جەستەیان هەڵبژێردراوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ کەشی نمایشەکەدا گونجاو بن، فاوەندەری ئیڤێنتەکە خاتوو (هودا نزار) و، ستێتج مەنێجەر (موئەید مەسعود فەقێ) بوو، دیزاینەرەکان نیوەیان کوڕن و نیوەیان کچ بوون، مۆدێلەکانیش کوردن کە نمایشی جلوبەرگەکان دەکەن، ماوەی هەفتەیەك ڕاهێنان بە مۆدیلەکان کراوە و، دوو مانگە ئامادەکاری بۆ فیستیڤاڵەکە دەکرێت، ڕێکخەرانی فیستیڤاڵەکە دەڵێن: «دەمانەوێت بەم کارە دیارییەکی تایبەت ببەخشین بە سلێمانی و هەرێمی کوردستان»، بەهرە بەرزنجی، یەکێك بوو لە بەشداربووانی نمایشەکە، دەڵێت: «نمایشێکی جوان و قەشەنگ بەڕێوە چوو، جلی کوردی و بیانیمان تیایدا نمایش کرد، جەماوەرێکی بەرچاو ئامادەی نمایشەکە بوون».






## یاسا

# یاسای چەک



بەپێی مادە (٢١) لە یاسای ژمارە (١٦) ساڵی ١٩٩٣ ی یاسای چەك دا هاتووە: ئەوەی بە بێ مۆڵەتپێدان لەلایەن دەسەڵاتی مۆڵەتپێدانەوە، چەك سارد، یان چەكی ئاگرین، یان جبەخانەی لەژێر دەستدا بێت، یان هەڵی گرێت، سزا دەدرێت بە حەپسکردن کە ماوەکەی لە ساڵێك کەمتر نەبێت، یان غەرامەیەك لە بڕەکەی لە١٥٠ هەزاردیناری عێراقی کەمتر نەبێت و لە ٣٠٠ هەزار دینار زیاتر نەبێت، کە پێویستە سزاکە وەك خۆی لەسەر کەسەکە جێبەجێ بکرێت.


## کاریکاتێر



باس لەو کەسانە دەکات، تا سوودێکی بۆت دەبێت، زۆر دڵوار و خراپ دەبێت بۆت، کە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکارت دەهێنێت و وێرانت دەکات.


## فیلم

# خۆشەویستی بە هەستەوە بکە - Love Hard



فیلمێکی ڕۆمانسی، کۆمێدییە، باس لە کچێك دەکات کە لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی ژوانبەستنەوە کەسێکی پایە بەرز دەناسێت، دواتر لەلایەن نووسەرێکی شاری لۆس ئەنجلیس ئەو کچە ئاگادار دەکرێتەوە، کە تەڵەی بۆ دانراوەتەوە، لەو کاتەی کچەکە بۆ سورپرایزکردنی کەسەکە (٣٠٠٠) میل دەبڕێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٥) خولەکە، لە دەرهێنانی (هێنان جیمینیز)ـە، لە نووسینی شانەی هاریبۆت، لە نواندنی نینا دۆبرێڤ، دارین بارنێت، جەیمی یانگ، میکایلا هووڤەرە.

## نوکتە



جارێکیان کەسێك دەستگیرابوو، بردبوویانە بەردەم دادوەر، دادوەر پێی دەڵێت: لەسەر چی گیراویت؟

ئەویش دەڵێت: تەنیا گوریسێ،

دادوەر دەپرسێت: هەر گوریسێك و تەواو؟

ئەویش دەڵێت: بەڵێ گەورەم، من تەنیا گوریسێکم دزی، بەڵام گوریسەکە مانگایەکی پێوە بوو.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ناتوانیت لە بیرکردنەوە دەربارەی خەونەکانت بوەستیت، ئەگەرچی هەندێکیشیان کەمێك مەحاڵن، بەڵام وریابە، نابێت ژیانی خۆت بخەیتە مەترسییەوە بۆ ئەوەی بە خەونەکانت بگەیت، مەترسە لەوەی هەستەکانت دەرببڕیت، دووربکەوەرەوە لە بیرکردنەوەی نەرێنی دەربارەی کەسانی دەوروبەرت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەهۆی ئەو کەسانەی لە چواردەورت دەژین، خۆت لە بارودۆخێکی سەختدا دەبینیتەوە، بە ئاشکرا کاردانەوەی خۆت بەرامبەر ڕووداوەکان دەرمەخە، بۆ ئەوەی کەسانی نەیارت خاڵی لاوازت نەدۆزنەوە، هەوڵ بدە داوا لە کەسێکی متمانە پێکراو بکەیت بۆ ئەوەی لە بارودۆخە سەختەکانتدا هاوکارت بێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە هەست بە ئارامی دەکەیت و هیچ گرفتێکت نییە، هاوپیشەکانت داوای ئامۆژگاریت لێ دەکەن، تۆش بە یارمەتیدانیان هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، ئەو کەسە لەبیر مەکە کە زۆر نزیکە لە دڵتەوە لایەنی تەندروستیت زۆر باشە، هەست بە باشتر دەکەیت ئەگەر ڕۆژانە کات بۆ وەرزشکردن تەرخان بکەیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەندێك کێشەی تایبەتیت هەیە و دەتەوێت چارەسەریان بکەیت، باشترە ڕاوێژ بە خێزانەکەت، یان هاوڕێکانت بکەیت، کاتێ هەندێك لە ئەرکەکانت بە تەواونەکراوی بەجێ دەهێڵیت، هەوڵبدە لە دەرفەتێکی دیکەدا ئەنجامیان بدەیت، هەوڵبدە هاوسەنگی لە نێوان کارەکەت و پشوو وەرگرتنتدا ڕابگریت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەست بە ئاسودەیی دەکەیت دەربارەی ئەو کارانەی ئەنجامت داون، لە لایەنی پیشەییەوە هەندێك لە هاوپیشەکانت دەیانەوێت لێت نزیك ببنەوە و زانیاریت لێ فێرببن، تۆش هاوکارییان بکە، پلانێك دابنێ کە لە کۆتایی دڕۆژەکەدا کەسە نزیکەکانت ببینیت و کۆببنەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

وریابە لە هەڵسوکەوتەکانت، بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەك دروست نەبێت لە نێوان خۆت و هاوپیشەکانتدا، لە لایەنی سۆزدارییەوە پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زۆرباشە، بەڵام هەندێك هەڵسوکەوتی خۆشەویستەکەت نیگەرانی کردوویت، دەتوانیت بە گفتوگۆکردنی هێمنانە هەستەکانت دەرببڕیت.

بۆ زانیاریت

# وزە و هێز


لە گەردووندا سەرچاوەی سەرەکیی وزە ئەستێرەکانن، بۆ نموونە: خۆر، ئێمە لە قۆناغێکی زۆر سەرەتایی داین لە ڕووی بەرهەمهێنانی وزەوە، تا ئێستا بە گشتی هەموو سەرچاوەی وزەکانمان بریتین لە سوتەمەنییە بەردبووەکان، کە نەوت و غاز و خەڵوزی بەردینە، ئەم جۆرە جگە لەوەی بڕێکی زۆرکەم وزە دەبەخشن، ژینگەش وێران دەکەن بەراورد بە سەرچاوە نوێبووەکانی دیکە وزە، بەپێی پێوەرە گەردوونییەکان بێت، لە چاوتروکانێکدا سووتەمەنییە بەردبووەکان تەواو دەبن، مەبەست لەوەش نزیکەی ١٠٠ ساڵی دیکەیە، بەڵام بۆ پارێزگاریکردن لەو بڕەی سیستەمی ژینگەیی کە ماوە، پێویستە هەرچی زووترە مرۆڤ دەست بکات بە سوودوەرگرتن لە وزەی خۆر، ئەو کاتە دەتوانرێت بڕی ملیۆنەها ئەوەندەی ئێستا لە وزەیەکی پاک و نوێ بووەوە بەرهەم بێنێت، ئەو وزەیەش لەگەڵ تەمەنی خۆر دەمێنێت، واتە بۆ ملیارەها ساڵی دیکە بەردەوام دەبێت، هەروەها مرۆڤ لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم وزەیەوە دەتوانێت هەنگاوی گەورەتر بهاوێت، بۆ ئەوەی بگات بە شارستانییەتی پلە دوو، بۆ ئەوەی ئەمە ئەنجام بدات دەبێت بتوانێت دروێنەی هەموو وزەی خۆر بکات، ئەمەش بە دروستکردنی سیستەمێك دەبێت کە ئێستا فیزیاناسان پێی دەڵێن دایسۆن سفیر Dyson.Sphere، ئەو کاتەش توانای بەرهەمهێنانی وزەی بە ملیارەها جاری دیکە زیاد دەکات و، شارستانییەتی مرۆڤ پەل دەهاوێت بۆ ئەستێرەکانی نزیك لە دەوری کۆمەڵەی خۆر، کە لە چوار بۆ ٢٠ ساڵی تیشك دوورن لە ئێمە، دەستنیشانکردنی ئەو کاتەش کە مرۆڤ دەگاتە ئەو قۆناغە ئاسان نییە، بە گشتی پێشبینی دەکرێت مرۆڤ لە نێوان ساڵی ٢٥٠٠ بۆ ٣٠٠٠ ی زایینی بگاتە قۆناغی شارستانیی پلە دوو.





## پەند و وتە

ئەنالیس ماری فرانك، کە بە ئان فرانك ناسراوە، داکۆکیکەری ئافرەتان و فێمێنی ئەڵمانییە، بە ڕەچەڵەك جوولەکەیە و لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانی لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٤٥ لە بێرگین بێلسین لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕۆژە خۆش و دژوارەکانی ژیان دەڵێت: چەندە بێ بەختییە، کاتێك ڕۆژانی دژوار بە ڕوونی و ئاسانی ڕوو لە ژیانت دەکەن، پێچەوانەش چەندە سەیر و تاڵە ڕۆژە خۆشیبەخشەکان هێشتا نەهاتوون.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا چەند کەسێك هەن، هەوڵ بدە لە ماوەی کەمتر لە خولەکێکدا، ژمارەی کەسەکانی ناو وێنەکە ئاشکرا بکەیت و کەسەکانیش دەستنیشان بکەیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەست بەوە دەکەیت کە ئەندامانی خێزانەکەت کەمتر لەگەڵت ڕاستگۆن و هەندێك ڕاستیت لێ دەشارنەوە، ڕەنگە بەهۆی ئەو هەڵچوونە بەردەوامانەت بێت، کە نایانەوێت بە ڕوونی ڕاستیەکانت بۆ بدرکێنن، ئەمڕۆ هەندێك کار ئەنجام بدە کە بەلاتەوە چێژ بەخشە و ئارەزوی دەکەیت، بۆ ئەوەی لە هەڵچوون دوور بکەویتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

توانا و وزەیەکی زۆرت هەیە و پێویستت بەوەیە لەگەڵ هاوپیشەکانت هەنگاوی گەورەتر بنێن، بۆ ئەوەی بەرەو پێش بچن، ئەم چەند ڕۆژە ماندوبوونت بەرامبەر پیشەکەت پێوە دیارە و، پێویستە پشوو وەربگریت، واباشترە لە پێناو ئاسودەیی دەروونتدا، هەندێك کات بۆ خۆت تەرخان بکەیت و بە وەرزشکردن بەسەری ببەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەندێك کەس پێشنیازی بیرۆکەی نوێت بۆ دەکەن، بە وردی بیر بکەرەوە و یەکێکیان هەڵبژێرە، کە لەگەڵ بارودۆخی تۆدا گونجاو بێت، لەلایەنی پیشەییەوە ئەمڕۆ توانای ئەوەت هەیە پلانێکی ورد دابنێیت، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت، بەڵام ڕێگە مەدە کەسانی چواردەورت لە گەیشتن بە ئامانجەکەت بتوەستێنن.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەوڵی خۆت بۆ داهاتووت بدە، مەهێڵە کەس دەستکاری ژیانت بکات، ئەمڕۆ لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەکانت لاوازن و ئارەزوی بینینی کەسانی دیکە ناکەیت، تەنیا یەك کەس نەبێت کە لە دڵتەوە ئاوات دەخوازیت ببینیت، کە باشترە سەردانی بکەیت، تەندروستیت جێگیرە و هەست بە باشی دەکەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


خۆشەویستیی زۆرت بۆ بەرامبەرەکەت هەیە و بەردەوام سەرقاڵی بیرکردنەوەیت دەربارەی ئەو، بە شێوەیەك خەریکە خۆت فەرامۆش دەکەیت، بۆئەوەی کەمێك مێشکت ئارام بێت، وا باشترە خۆت بە چاککردنەوەی هەندێك کەلوپەلی ماڵەکەتەوە سەرقاڵ بکەیت، یان هەندێك کات لەگەڵ هاوڕێکانت بەسەر بەریت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ڕەنگە بتەوێت پرۆژەیەکی نوێ بنیاد بنێیت و چەند بیرۆکەی نوێ لە مێشکتدا هەیە، بەڵام بە ئاسانی ناتوانیت بڕیاربدەیت، لەوەی زیاتر ئارەزوی کامیان دەکەیت بۆ ئەوەی بیانهێنیتە دی، واباشترە ئەمڕۆ و سبەی تەرخان بکەیت بۆ بیرکردنەوە لێی، هەربۆیە کەمێك قورسە ئەمڕۆ سەرنجت لەسەر ئەرکەکانی دیکەت بێت.


## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری


## (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulan-media.com

Weekly **Gulan** November 22, 2021 Issue,No.1294


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626